## 1

کەشفی جوانیت ئەم سەدەش کەوتۆتە سەر شانی غەزەل
مەشقی ئیشقت دادەدا دووبارە بارانی غەزەل

بەندەن و کەنداو و دەریا و دورگەکان دەمناسنەوە
من لەپێناو کەشفی تۆ کەوتوومە پاوانی غەزەل

ئەو سنوورانەی لەشت دەریای ژیان دێننە هەژین
وەک وڵاتێک بێنە ناوم نەک لەبەر جوانی غەزەل

من لە نەقشەی ڕوونی بن پێستی ئەتۆدا خوێندمەوە
ئاشقێکم بۆ هەمیشە دەبمە میوانی غەزەل

تۆ لە باران و سبەینێ و خەون و خولیا نوێتری
بۆ ڤەناسینت دوبارە دەچمە جێژوانی غەزەل

جوانی تۆیە گشت جیهان و گیانی پڕ پیت کردووە
ئەم هەموو جیلوەت چلۆن هێنایە سەر خوانی غەزەل؟

هێندە پڕ پێچ و پەنایە جەستەکەت تێیدا ونم
ساڵەهایە بۆیە وێڵم من لە کۆڵانی غەزەل

ئەودەمەی تۆ جوان بناسم تازە دەمرێتن ئەوین
بێ و ببینە چەند غەریب ماوم لە هەیوانی غەزەل

من لەناو جوغرافیای جەستەی نەناسراوی ئەتۆ
زۆر لەمێژە هەڵوەدامە بۆ بناوانی غەزەل

## 2

فێرە شەوگاری ڕەشی چاوی بە جواناو ڕشتنم
تێرە خوێنخۆری تەڕی لێوی بە خوێناو مشتنم

پێی بڵێن با ساو نەدا شیری برۆ و تیری بژانگ
نازی جەللادی نیگاهێکی بەسە بۆ کوشتنم

دێرزەمانێک بوو لەبەر لۆکەی لەشی شێعرم سپی
ئێستە بۆ باڵای خەریکی قافییە داڕشتنم

میوەکەی گۆنا و گوڵی ڕووی تاوەکوو تێراو بن
وا بە دیدە و دڵ خەریکی ئاو پژێن و داشتنم

گەر شەرابی بسکەکەی بڕژێتە نێو شووشەی لەشی
لەم شەقامی ئەشقەدا سەرخۆشی پیاسە و ڕۆیشتنم

شۆڕشی گەرمیان لەژێر سەردا هەناری ئاگرین
ئەم ترۆپکانەی چ تینوون ئێستە بۆ خوێن ڕشتنم

ناونیشانم بۆ دەپرسن لەو تەنافی پەرچەمە
کێڵی گەردنی خۆشتراشی پێت دەڵێن جێی ناشتنم

مەشقی ئیشقی تازە داداوە لە تەختی سینەکەی
بەم دەم و دەستە بە ئاوات و حەزی پێگەیشتنم

## 3

جوانی لە لەشتدا وەخەبەر هاتووە ئەمشەو
بۆ بردنی دین و دڵ و سەر هاتووە ئەمشەو

ئازادی چ سەرخۆشە لەنێو خوێنی گەشی تۆ
بۆ سەرکوتی ئازار و کەسەر هاتووە ئەمشەو

خەونێک کە لەبەر چاوی خەیاڵ هێندە مەحاڵ بوو
بەم ڕەشکە گلێنانە وەبەر هاتووە ئەمشەو

دەریای وە کەنین خستووە مۆنجی بزەکەی تۆ
هۆی لەنجەتە بارانە ئەگەر هاتووە ئەمشەو

پەخشانی قژت هێندە درێژ دادەڕژێنی
شێعری غەمی من بۆیە بەسەر هاتووە ئەمشەو

لەو جووتە مەمەتدایە ئەوەی چێژی ژیانە
ئۆخەی کە لەبن سوخمەوە دەرهاتووە ئەمشەو

هەرچی وشەیە هەڵدەپەڕێ لەم غەزەلەمدا
جوانی لە لەشتدا وەخەبەر هاتووە ئەمشەو

## 4

گەر شەرابی بسکەکەی بڕژێتە نێو شووشەی لەشی
دەیگرێ ڕووحی خوداش مەستانە لیمۆی باوەشی

بۆ مژینی گۆپکی مەمکی هاتووە ماری قژی
وا برپوێتی سەراسەر دەشتی ڕووتی سینەشی

تا گەمارۆی مەمکی دا بسکی تەڕ و ئاڵۆز و خاو
چین بە چین گرتوویەتی مڵک و قەڵای گەردەنکەشی

هەرچی شیلەی جوانییە لەم گۆیەدا گرد بۆتەوە
بۆیە شلک و تورت و ناسکە گوڵهەناری مەیوەشی

ڕەنگی ڕوونی ڕوومەتی کەوتۆتە حەوزی سینەکەی
وەک هەسێڵێک دەینوێنێ مانگی ڕووناک و گەشی

تۆ هونەر بێنە قسە بەو لەنجە جوانەت تا منیش
هەڵبڕێژم گەوهەری شێعر و بکەم ئەم ژینە شی!

## 5

مەست ببووم و گرتبوومی پیس یەکەم دیدارەکەی
لەترەلەتری بوو لە بیرما تیلە لاکردارەکەی

گرتبوومی و دەیگوشی ڕێک بینەقاقام چون مەراق
مەستەچاوە هەڵبڕاوە بێخەوە بەخومارەکەی

وەردیانی ڕووحی ماندووم بوو شەو و ڕۆژ بێ پشوو
پاسەوانی گیان سەرنجە مەستە جاروبارەکەی

شاکلیلی دەرکی زیندانم لەنێو بازنەی نیگای
مۆری ئازادیم بە دەستی دوو گلێنە تارەکەی

چنگی گیر کردبوو لەنێو گۆشتی ڕەگ و ڕیشەی دڵم
نووکی قوللابی بژانگە تیژ و جەوهەردارەکەی

خوای تەماشای گرتبوومی یا شەڕابی چاوەکەی
مەست و بیماری ببووم یا ئاشق و دڵدارەکەی؟

سووچی چاوی بوو لە پشت میلەی مژۆڵ مابوومەوە
دز نەبووم و گرتبوومی چاک یەکەم دیدارەکەی

## 6

ئەم شارە وێران بێ هەمووی مەیخانەیێکی لێ نییە
مەیخانە ئاوا بێ کە هیچ بێگانەیێکی لێ نییە

ئەم شارە وێران بێ کە بێجگە مەرکەز و داڵدەی ڕیا
بۆ هێمنی هەست و هەناو وێرانەیێکی لێ نییە

دەس ناکەوێ بۆ خۆکوژیش چۆڕێک شەرابی شەوکەران
هەر شەو، کەران پۆلبەستن و پەیمانەیێکی لێ نییە

ماڵی خەڵک داوا دەکەن ماڵی خودا ئاوا بکەن
هەی لەو کەلاوانەی کەوا جانانەیێکی لێ نییە

بێجگە مەلای دەم بۆگەن و دڵ چڵکن و مێشک ڕزیو
ئینسانی ئازادە و ئەویندار دانەیێکی لێ نییە

هەرچی هەیە جاشخانە و حیزخانەکانی دوژمنە
دەک دارمێ پاکی کە کۆی ڕەندانەیێکی لێ نییە

هەر جێ دەچی پڕ جاش و جاسووسە و بەسیج
بۆ سەربزێویش سەد حەیف دێوانەیێکی لێ نییە

دڵ لەم شەوی پڕ ترس و تاریکە لەبۆ کوێ دەربەرم؟
بۆ سەرخەوی ئاسایش هەر هێلانەیێکی لێ نییە

ماڵت لە کوێیە ئەرمەنی دێوانە و سەوداسەرم
وێران بێ ئەم شارە وا مەیخانەیێکی لێ نییە

## 7

فاڵگرێک پێکی نەناساندین لە کووپی قاوەیەکدا
چارەنووسمان مایەوە هەروا لەبن دەست ماوەیەکدا

قەت خەیاڵی نووسەرێک نەژیاوە ئێمە تا بە ئەمرۆ
دووربەدوور مردین بەجیا هەر یەک لەناو نووسراوەیەکدا

هیچ نیگارکێشێک لە ڕەنگی ئێمە کەڵکی وەرنەگرت قەت
نەیپژاندین زۆر بە هەڵکەوتیش بەڕووی کێشراوەیەکدا

بەر لەوەی ئێمە بناسێنێ بەیەک وەک دوو ئەویندار
گێڕەوەی چیرۆکمان کوژرا لەناو ئاژاوەیەکدا

دانەنیشتین پێکەوە قەت دوو قسەی شیرین بکەین چون
دوو وشەی هاوواتە بووین هەرکام لەناو زاراوەیەکدا

## 8

من لە ناخما غوربەتێکم پڕ لە ڕەنگی نیشتمان
من لە خۆما بەندییێکم بێ کلیل و دەرکەوان

بێکەسێکم من لە خۆما کەس بە یاریم ناگرێت
با-بە-دەستێکم سەرم خستۆتە سەر دیواری ژان

ئاڵقەیێکم هەر بەدەوری مردنا دەخولێمەوە
نوقتەیێکم مات و ڕەش کەوتوومە کۆتایی ژیان

قەت مەلێکی ئاسمانی ئەشق و ئازادی نەبووم
هەر کوتومت پەیکەرێک بووم پێچەقیوی گۆڕەپان

داخەکەم هەرگیز نەبوومە شازدە بچکۆڵەی زەمین
شارەزادێک بووم هەزاران شەو ئەسیری دەست زەمان

ماسییێکی گچکەڵانەی ڕەش نەبووم ڕێ داگرم
ڕوو بە دەریا جێ بهێڵم گۆم و جۆگەی تەنگەلان

پێک نەهاتن خۆزگەکانم داخەکەم هیچ سەردەمێک
یا عەزیزی داسنیی بووم یا نە سێ کوچکەی کوڕان

وەک خەزاڵی کانەبی و چون زین بەتەنیا مامەوە
یان مەمی بۆتانێ بووم یان لاسەشۆڕی باڵەکان

سەد مخابن یەک کەڕەت ڕوخساری ئازادیم نەدیت
یا قەفەس بووم یا قەتیس یا قوفڵ و میلە و وەردیان

**9**

دەدرەوشێتەوە ڕوخساری وەکوو مانگی تەواوی
دەبریسکێتەوە کوڵمەی وەکوو بەفری بەر هەتاوی

چۆن بڕەنگێنێ نیگارکێش لەسەر ئەو لاپەڕە سپیە
پەڕی دوو لێوی تەڕ و تەرچک و سووری بەخوناوی

ڕادەکێشێ تەلی هۆش و پەلی بێدەنگی تەماشا
ڕەشەچاڵی شەوەزەنگی تەڕ و پاراوی دوو چاوی

سەرێ دەمباتەوە پەی ساتی خەیاڵاویی خیلقەت
خەمی ئەو خاڵەڕەشەی گۆشەیی لێو داکوتراوی

گێژی ناو گێژەوی سەد هات و نەهاتە دڵی تەنگم
تا وەدەس بایەکی بەدفەڕ دەکەوێ بسکی بڵاوی

ئەم هەموو جوانییە لام سەیرە چلۆن دەگرێ وەئەستۆ
گەردنی بەرز و بلووریی شەقڵ قەت نەشکاوی؟

## 10

بەو خەیاڵی خەتت و خاڵەت دەفتەرم پڕ بۆتەوە

هەرچی جوانی و جیلوەیە لەو مەمکەدا خڕ بۆتەوە

من لە مەکتەبخانەکەی ئەو سینگە تەخت و نەرمەدا
مەشقی ئیشقم کردووە و چاوی حەزم چڕ بۆتەوە

جوانترین میوەی ژیانە و هیچ شتێ هاوتای نییە
چاوگی تام و ڕەنگ و بێنە و چنگی پێ پڕ بۆتەوە

دایدڕیوە جەرگی شێعرم شیوی خۆشی سینەکەی
لەم نشێو و گردەدا کاسەی سەرم ورد بۆتەوە

دەرسی سەربەستیم لەناو ئەم دەورەدا لێ بوو بە داو
تاسە لەم جووتە مەمە و لەو گۆپکەیە گڕ بۆتەوە

قافییەش هێند تەنگە هەر ئەو شیوەڵەم دێنێتە یاد
تێکچووە بۆیە ڕەدیف، ئەو دوگمەیەت کردۆتەوە

ئەودەمەی دەیگرمە مشتم چێژی ژین هەست پێ دەکەم
گشت غەم و دەردم هەمووی بەو هۆیە بنبڕ بۆتەوە

## 11

قەرار وا بوو نەبی تۆ بێقەرارم
بە گریەت تەڕ نەبێ خاکی مەزارم

خەزان خەندەت نەژاکێنێ گوڵی سوور
هەمووشی هەڵوەرێ باغی بەهارم

نەشەمزێنێ زەمان گۆنات ئەگەرچی
هەمووی پەڕپەڕ بێ گشت بەرگ و بارم

نەکا لێڵ چاوەکانت شەونمی غەم
وشک بن گەر چەمی دوورەدیارم

دڵت سەخڵەت مەکە سۆمای خەیاڵم
کە خەونی تۆیە لێرەش دۆست و یارم

لەبن ئەو تەختەبەردەشدا عەزیزم
هەر ئاوێنەی ئەوینتە ئادگارم

لەگەڵ هەر شینکەیەک سەر هەڵدەهێنێ
سەرێک هەڵدێنمەوە کۆنەهەوارم

کە چاوی خۆر هەموو ڕۆژێ دەپشکوێ
بە ڕووی تۆ ڕوون دەبێ نێو گۆڕی تارم

کزەی بایەک ئەگەر هەڵکا شەوانە
لە ڕێدایە دڵەی سەرشێت و هارم

کە باڵی لێک بدا سووک پەرپەرۆکێک
لە گێژاوی غەمتدا نوقمەسارم

بە هاژەی گشت شەتاوان ڕا بزانە
ئەمێستەش هەر پەشێوە ڕۆحی زارم

## 12

پێم وا نەبوو قەت هێندە بەتەنیا بمێنمەوە
وەک چۆن بووم هەمیشە هەر ئاوا بمێنمەوە

تەنیا لە پشت دەلاقەیەکا چاوەڕێی مەرگ
دڕدۆنگ و بێکەس و سڕ و ڕاڕا بمێنمەوە

بێدەنگ لە پشت چرایەکی سوور بۆ هەتاهەتا
بێدەستەلات و بێکەس و گومڕا بمێنمەوە

پێم وا نەبوو ئەوەندە بە ئاسانی، بێ هەرا
تا ساڵەها لە داوی مەرگدا بمێنمەوە

پێم وا نەبوو لە دەستی بێ ماتم بکا زەمان
یان ڕۆژێ چەشنی مردوو لە دنیا بمێنمەوە

پێم وا نەبوو بچێت و بەجێم بێڵێ قەت خودا
ڕۆژێ ئەوندە مات و بەتەنیا بمێنمەوە

لام وا نەبوو لە هۆدەیەکا دەسبەسەر ببم
مەحکوومی دەستی دووری، تەوەڵلا بمێنمەوە

پێم وا نەبوو کە ڕۆژێ لە ڕۆژان تەواو ببم
دارماڵی خاڵی یا پڕی مەودا بمێنمەوە

## 13

دڵ کە خاڵی بێ لە هەست ئیتر هەواری بۆ چییە؟
خوێن کە بڕوا بێ مەبەست ئەوسا دەماری بۆ چییە؟

دار ئەگەر هۆرەی لە خۆی بێ هەر دەقەڵشێ ئاخری
جەنگەڵێکی پڕ لە تەور و تەشوێ، داری بۆ چییە؟

ئەو مەلەی خۆی دەرکی ئازادی لەسەر خۆی دابخا
باڵ و پەڕ یا ئاسمان و کۆچ و باری بۆ چییە؟

جۆگەیەک بۆخۆی بەرەو ئەستێری مەند ڕێ داگرێ
باز و هەنگاوی شەپۆلی دەم کەناری بۆ چییە؟

ئەو گەڵایەی دەست دەنێتە ناو دەسی پاییزەوە
سەرلەنوێ شینبوونەوەی تازەبەهاری بۆ چییە؟

گەر چەم و ڕووبار و ڕێگە خۆبەخۆ سەر هەڵگرن
شار بە شار و دێ بە دێ چوون پرسیاری بۆ چییە؟

بەرد و ئاوێنە کە هاوڕێ و هاودەمی یەکتر بن
ئەم شکان و پارچەبوونە وردەکاریی بۆ چییە؟

خەنجەر و زام ئاشقانە گەر بەڕووی یەک پێ بکەنن
دەردی بێدەرمانی دڵ گریان و زاری بۆ چییە؟

پەنجەرە نەکرێتەوە و گوێ هەڵنەخا بۆ ئاسمان
بەرجەوەندی دڵڕفێنێ گەورەشاری بۆ چییە؟

شاری بێ دەروازە بۆ شوورە و قەڵا دەورەی بدا
خانەخوێ و دز یەک کە بگرن، ماڵ حەساری بۆ چییە؟

گەر برا پشتی برا بەر دا و خوشک دڵسۆز نەبێ
شۆرەتی هاوشێوە ئیتر ئیفتخاری بۆ چییە؟

تاکوو خۆت هەڵنەستی هیچکەس لێرە دەستت ناگرێ
میللەتێکی خۆفرۆش ئیتر نەیاری بۆ چییە؟

## 14

دەنگێکی کپکراوم، ڕەنگێکی هەڵبزرکاو
خەونێکی کەس نەدیتوو، هەستێکی قەت نەبیسراو

دەرکێکی داخراوم، دیوێکی بێ دەلاقە
تەرحێکی ناتەواوم، ڕەسمێکی نیوەکێشراو

ئاوێنەیێکی تارم ئاوێکی لێڵ و لیخن
گۆمێکی گێژ و مەنگم مانگێکی سارد و داماو

ئاسکێکی بێ پەناهم بوومە نەچیری ڕاوچی
دیلێکی بێ گوناهم کەوتوومە نێو ڕکە و داو

ماڵێکی داڕماوم، شارێکی کۆنی بن هەرد
ڕێگایەکی کلابوو، مەرگێکی ڕێ نەگیراو

سازێکی تەل پساوم، نۆتێکی تاک و بێدەنگ
هەستێکی تێکدراوم، شێعرێکی لەنگ و شێواو

تەیرێکی باڵشکاوم هەورێکی بێ پەسیوم
ئاسمانی شین و مەندم سێرووی لە گەل بەجێماو

ڕۆژێکی کاتکوژاوم، حەوتوویەکی پڕ هەینی
مانگێکی ساڵ نەماو و وەرزێکی شەختە لێدراو

خاکێکی پڕ غەریب و خەڵکێکی زۆر بەتەنیام
ناوێکی نادیار و وەک نیشتمان فرۆشراو

من ڕۆژژمێری ماندوو، من ساعەتێکی خەوتوو
من سەردەمێکی مردوو، من دەورەیێکی بەتاڵاو

من تاقەتێکی تاقبوو من حەوسەڵەی بەسەرچوو
من حەسرەتێکی تووشبوو من تاسەیێکی نەشکاو

ئاهێکی ناگرفتەم داغێکی پاگرفتەم
دەردێکی قەت نەخەوتوو ژانێکی قنج و وەستاو

سەردێڕی ڕەنج و دەردم، ئەستوونی داد و هاوار
یادداشتێکی لەبیرچوو، واژۆیەکی نەناسراو

ڕۆمانی کۆچ و خوێنم چیرۆکێکی گەلێک تاڵ
ئاوارەیی وتارم ڕۆژنامەیێکی گەچڵاو

مەیلێکی حەک کراوم من ماڵپەڕێکی داخراو
وێبلاگی بێکەسی خۆم هێڵێکی خاو و پچڕاو

## 15

منیش ڕۆژێ بەهارێکم هەبوو پڕ سەوزەڵانی
منیش ڕۆژێ بنارێکم هەبوو بۆ ئاوەدانی

منیش ڕۆژێ ژوانێکم هەبوو بۆ خۆشەویستی
منیش ڕۆژێ هەوارێکم هەبوو بۆ مێهرەبانی

منیش ڕۆژێ خەیاڵێکم هەبوو بۆ شێعر و پەخشان
منیش ڕۆژێ وڵاتێکم هەبوو سەرمەستی جوانی

منیش ڕۆژێ دەوارێکم هەبوو سەربەست و قایم
منیش ڕۆژێ شەرابێکم هەبوو بۆ کامەرانی

منیش ڕۆژێ ژیانێکم هەبوو لێوڕێژی خۆشی
منیش ڕۆژێ دەروونێکم هەبوو ڕوون چەشنی کانی

لەپڕ گەردوخولی غوربەت هەڵیکردە بەهارم
ڕفاندی خێوەتی خەون و خەیاڵی ئاسمانی

لەپڕ زریانی دووری هاتە سەر هۆبە و هەوارم
وەراندی بەرگ و باری عەیش و نۆشی نۆجوانی

لەپڕ لافاوی تەنیایی لەگەڵ خۆی بردی ژینم
ڕماندی کۆشکی ئاوات و ئومێد و شادمانی

لەناکاو سۆزی سەرما کەوتە ناو وەرزی ئەوینم
تەزاندی هەست و سۆزی ساڵ و مانگی جێ ژوانی

لەناکاو دایە سەر دەشتی دەروون باهۆزی ئازار
چەماندی قامەتی دار و درەخت و باغەوانی

لەپڕخۆم دیت: بەجێماوە لە بێروونێک بەتەنیا
نەماوە ناونیشانێک لەو بەهەشتەی نیشتمانی!

## 16

جەننەتی ڕووت دین و ئیمانم وەبیر دێنێتەوە
تیشکی جوانیت تاوی ئاسمانم وەبیر دێنێتەوە

حەز دەکەم شوبهاندنێکی نوێ بەکاربێنم کەچی
ڕوومەتت هەر مانگی نیسانم وەبیر دێنێتەوە

تاکوو دێمە سەیری ئایەی سوورەتی نووری ئەتۆ
ئەو خەت و خاڵانە قورئانم وەبیر دێنێتەوە

لەم شەوی چاوانەدا سوورن هەتا لێوی تەڕت
ئەم برۆ و برژانگە تاوانم وەبیر دێنێتەوە

بەرگی گوڵ یا ئاگر و مانگ و هەتاوە ڕواڵەتت
دیتنێکت هەر هەموویانم وەبیر دێنێتەوە

هێندە جوان و خۆش خەت و خاڵ نووسراوە دیمەنت
دڵڕفێنێت شێعری گۆرانم وەبیر دێنێتەوە

کاڵ و پێگەیشتوو مەگەر هەر ئادگارت بێت و بەس
ئاڵوواڵات سووری دەورانم وەبیر دێنێتەوە

زەردە دەگرێ ئەودەمەی ڕوخساری نازداری سپیت
کەویەبەفری کاڵی کوێستانم وەبیر دێنێتەوە

ڕووی ئەتۆ هێندە تەواو و پوخت و پاراو و پڕە
دەم بە دەم بەیت و وشەی جوانم وەبیر دێنێتەوە

دادەمێنم من لە پەسنی شیرنیت ئەی شەکرەکچ
دەردی دووری تۆیە دەرمانم وەبیر دێنێتەوە

## 17

ئەشقم ئاواتە غەمی نان و حەیا گەر لێ گەڕێ
جەننەتم دیداری تۆیە بەس خودا گەر لێ گەڕێ

من بە بەدبەختی دڵەی داماوی خۆم ڕازی دەبم
یەک لەدوای یەک هاتنی دەرد و بەڵا گەر لێ گەڕێ

خۆشەویستیت بێشکەیە و دڵ ڕادەژێ تێیدا شەوان
قوولەقوولی ئەنقەرە-تاران-بەغا گەر لێ گەڕێ

هەر ئەوینی تۆ هەوێنی شێعری سادەی من دەبێ
گەرمەشینی خەڵکی بێ نان و نەوا گەر لێ گەڕێ

پەرچەمت ئاڵای ئەوینمە و باوەشت شانیشتمان
بێ نیشانیم سەردەمێک لەم نەقشەدا گەر لێ گەڕێ

دڵ دەسووتێنم لە کوورەی گەرمی گیانت تا ئەبەد
سووتنی داری بەڕووی سەوزی چیا گەر لێ گەڕێ

چم لە بازاڕی سیاسەت داوە ئەمنی لانەواز
ماڵ بە کۆڵی میللەتێکی بێ پەنا گەر لێ گەڕێ

## 18

عومرێکە لەدووت هەروەکوو دێوانەیێ وێڵم
دڵتەنگ و گرفتاری خەمی چەرخی چەوێڵم

وەک مۆمێ لەناو ئاگری هیجرانی ئەتۆدا
بێدەنگ دەگریم و دەگرێن دوو چەمی لێڵم

ترسم لەوەیە بمرم و ئەم دەردە بمێنێ
تۆی هێشتە نەنووسرابێ لەسەر تەختی تەویڵم

عومرێکە لە ئەم غوربەتە دڵتەنگ و بەتەنیا
هەر عەردی بەیار و ڕەقەنی دووری دەکێڵم

گەیشتۆتە ترۆپک و چڵەپۆپەی وەرەزی خۆی
ڕووحی شەکەت و مات و کەنەفتی سڕ و وێڵم

وەڵڵاهی بە براژنگم ئەماڵی هەموو گۆشەی
ئەو جەغزی ئەوینەت کە ببا کەپر و کەوێڵم

## 19

هەر لە بەینی خۆم و خۆتدا بێ؛ ئەوم خۆشتر دەوێ
کوردم و لەم گشتە باڵندە کەوم خۆشتر دەوێ

پێنەزان بم گەر لەئاستی مانگ و ئەستێرە و هەتاو
شاعیرێکی مات و غەمگینم و شەوم خۆشتر دەوێ

مەرگ و خۆکووژیش شیاون بۆ فەرامۆشی بەڵام
من برای چووکەی ئەمان یانی خەوم خۆشتر دەوێ

عادەتێکی زۆر خراپن توندوتیژی و تاکڕەوی
ئێستە پاریس بۆ سبەینێ مۆسکەوم خۆشتر دەوێ

گەر لە ئەو دنیاش خودا گازندە کا لێم پێی دەڵێم:
ئەم کچە و دنیا بە دنیا بێ لەوم خۆشتر دەوێ

## 20

ڕۆژ و شەو هەڵدێ بەتاو ئەمما بە خۆی ناگاتەوە
توند دەقیژێنێ لە خۆیدا کەس وەڵام ناداتەوە

ساتێ وەدرەنگی کەوێ گەر ساڵ و مانگیش بۆی کەمە
تازە ئەو تێدا چووە و ئەم یارییە ناباتەوە

گەر هەموو عومریشی هەر ڕاکا سەری داوە لە بەرد
هیچ شتێ هەرگیز قەرابووی جەزرەبەی ناکاتەوە!

ئەو بەجێماوە لە خۆی و خوا لە دنیا بوون و مان
هەر لە دوایە و هەر لە دوایە و هەر لە دوا ناگاتەوە

گۆڕی ئاوات و ئەوین و خۆزگەیە گیان و دڵی
هیچ نقورچ و ترپەیەک بوونی وەبیر ناخاتەوە

دێ و دەچێ هەندێ قسەی سواو فێر بووە دەیڵێتەوە
ئەو شریتە خاوە ئاخۆ کەس نییە هەڵکاتەوە؟

21

سەری چەن خۆشە ئەشق ئێستە کە دڵداری منی
دڵی چەن گەرمە خەیاڵ ئێستە کە تۆ یاری منی

حەزی چەن ڕوونە بەهار ئێستە کە تۆم ناسیوە
خەمی چەن سووکە ژیان ئێستە کە نازداری منی

ناخی چەند جوانە تەمەن ئێستە کە تۆی دیوەتەوە
ڕەنگی چەن سەوزە زەمەن ئێستە کە گوڵزاری منی

دیتنت لازمە بۆم تاوەکوو بیماری ئەتۆم
خواستنت عادەتمە تاوەکوو ڕازداری منی

پەلی چەن مەستە نیگا کاتێ کە تۆی پێوە بووە
گازی چەن خۆشە زمان وەختێ لەسەر زاری منی

## 22

مەمە پێگەیوە ئەرێ یا بەری هێناوە هەنار
هەلە دەست کەوتووە یا نا سەری هەڵداوە بەهار

ئەوە بوولەرزە لەراندوویەتی دەشت و دەر و شار
یا نە دوو مەمکتە کەوتۆتە سەر ئاهەنگی بەلار

سێوە وا کاڵە ئەرێ یا کوڵوکۆی ناخی منە
خەمە خڕ بۆتەوە یا گرنەیە دڵ بیگرێ بە زار

هەورە هێند نەرمە بڵێی لۆکەیە یا هێندە نیان
مەرمەڕە وا سپی تاشراوە وەیا هەستی لەبار

شێعرە وێژراوە لەسەر کێش و هەواییکی بەچێژ
یا نە گۆرانییەکی زیرەکە ناوی مەزەدار

## 23

خۆری غەوارە کردووە ڕوخسارە ئاڵەکەت
شێعری شەوارە کردووە ڕوخسارە ئاڵەکەت

مانگی بە شاخ و دەشتەوە ئاوارە کردووە
تیشکی هەتاوی پڕ لە گڕی کوڵمە کاڵەکەت

چۆنی بنووسمەوە غەزەلی جوانیەکانی تۆ
حەرف و وشەی ڕفاندووە لێم خەتتوخاڵەکەت

خانم لە یەک چ سادە دەکاڵێنەوە چ جوان
ئەو پێستە نەرم و ناسکە وەل تەسکی شاڵەکەت

هاکا هەموو دەروون و دڵم کەیلی خۆی بکا
لافاوی توند و غوڕڕەمی خەون و خەیاڵەکەت

## 24

چ دەبوو هێندە وەدوای ئەو خەت و خاڵەی نەکەوم
چ دەبوو هێندە لە ئەو دەرک و دەراڵەی نەکەوم

چ دەبوو هێندە پەشێوی نەبێ پرچی غەزەلم
وەکوو بێکەس لەبەر ئەو هەست و خەیاڵەی نەکەوم

چ دەبوو هێندە لە بیری ڕەشی چاوی نەبم ئەوق
یا لە داوی خەمی ئەو پەرچەمە کاڵەی نەکەوم

چ دەبوو دەربەدەری چاولەبەری وەندە نەبام
دەسبەسەر لەم گەڕەک و بەردەری ماڵەی نەکەوم

چ دەبوو تاوێ منیش بێخەم و ئاسوودە بژیم
هێند وەدووی ئەو خەبەر و باس و هەواڵەی نەکەوم

چ دەبوو هەروەکوو ئەم خەڵکە بەبێ داڵغە منیش
تاوێ شوێن سێبەری ئەم خەونە مەحاڵەی نەکەوم

چ دەبوو بێخەبەری جارێ سەری لێ دابام
تاوەکوو هێندە وەشوێن ئەو بزەی تاڵەی نەکەوم

ئەشقی ئەو شێتییە خۆ چاکی دەزانم بۆخۆم
خۆزگە هەرگیز وەهەوای ئەو قەد و شاڵەی نەکەوم

## 25

دەمرژێنێ سێبەری دیوار ڕۆژێ
ئەم هەوا قورس و کپەی نێوشار ڕۆژێ

قەلبی ئاشق تیر دەکێشێ تا بمێنێ
دەبمە نەقشی نێوقەدی یەک دار ڕۆژێ

دەیبڕێ مەودای چەقۆیەک سینەکەی من
دەبمە زامارێکی بێ هاوار ڕۆژێ

دەیشکێنی ئاشقانە شاخی شێتم
دەستی منداڵێکی زۆر لاسار ڕۆژێ

هەڵدەواسن چەن جلێکی کۆن بە مندا
کون دەکا جەرگم دوو سێ بزمار ڕۆژێ

دەبمە دەفتەر ڕەش دەکا ڕووم تا بنووسێ
شاعیرێک شێعرێکی قۆڕ بۆ یار ڕۆژێ

پەرت دەبم وەک دووکەڵێک لەم ئاسمانە
قرچەقرچی دێ دەرووونی تار ڕۆژێ

یا بەدەم باوە خەڵووزی وێل دەبێتن
ئەو دڵەی مات و کز و خەمبار ڕۆژێ

دەبمە پاڵگەی بێکەسانەی چەن نەناسێک
چەن ئەویندارى لە خۆ بێزار ڕۆژێ

پێ دەنێن پێما و فەرامۆشم دەکەن زوو
گشتتان وەک قونچکێک سیگار ڕۆژێ

## 26

دەنگەدەنگێک دێتە بن گوێم وەک هەوای تەنهاییە
ناڵەناڵێک دەمبەدەم دێ خەڵک ئەڵێن ئاساییە

ڕووحی من ئەشکەوتی چۆڵی مانگ و ساڵ و حەفتەیە
زایەڵەی ڕۆژ و شەوی دەنگدانەوەی بۆشاییە

بوونە میلەی تووڵەزی ژینم: خولەک، چرکە و سەعات
دەسبەسەربوونم لە ئەم ناوەندەدا خۆڕاییە

کوندەکەڕڕەی بێکەسی هاوماڵەکەی وێرانەمە
کوێرەگەردوون! لایەلایەی گوێ خەوم لاڵاییە

دەیبڕێ دەرکی دەروون، دیواری بوونم بێ ئەوی
دوور لە خۆم کەوتوومەتە دەسپێکی ئەم کۆتاییە

چەن لەبار و تۆکمەیە بۆ دەنگی بێدەنگی وڵات
گیزەگیزی کەترییەک وەک ژاوەژاوی شاییە

سەر لەبەر خۆ تاهەتا ڕازیم بە مافی مردنم
گەر ژیان قیژە و هەرای باژێڕەکەی لاساییە!

## 27

چما جارێک بە ئاورێک دڵ دەبا ئەو فیتنەگێڕە
بە ئاوری نیونیگای گڕ بەردەدا لەو دار و لێڕە

چما جارێک بزەی جوانێک دەڕووشێنێ دڵی من
دەخەوشێنێ خەیاڵێک ڕووکەشی ئەم شێعر و دێڕە

چما جارێک لە ناخمدا ئەوین سەر هەڵدەهێنێ
نیگارێک ڕادەنێ ڕووحی کە چاوم لێ بگێڕە

چما جارێک بە لەنجەی ناسکەپەنجەی نەونەمامێک
دەلەرزێ و دادەخورپێ ئەم دڵە سەرشێت و گێڕە

چما جارێک گوڵاڵەی ڕوومەتێک سوور هەڵگەڕاوە
کە بەو تاوی تەمایەت دانی دڵ کەمتر بهێڕە؟

تکەی باران دەخووسێنێ دەلاقەی ژوورەکان و
بە هیچ تەڕ نابێ هەستی ئەم دەروونە هێڕ و وێڕە

بە تەنیایی و لە بێتۆیی لە خۆشم من دەتۆرێم
بڵێی ئاشت بێتەوە ڕۆژێ بە گیان ئەو چاونەزێڕە؟

وەرە و ئاگر بەجارێ لەم گوژاڵکە وشکە بەردە
وەرە و جارێک لە ژانی جوانەمەرگی خۆت بنێڕە!

28

دەستی شکێ زەمانە هەمیشە شکاندمی
سەرپەنجەکانی هەڵوەرێ دنیا وەراندمی

من ئەشق و خۆشەویستیم ئەویست و بەداخەوە
هەر بوغز و کین و ڕق بوو بە بەشم و تەزاندمی

من هەر پیاڵەیێکی پڕم بادە خواست و ئەو
بەو باگەڕە دڕەی لەپڕێکا ڕژاندمی

جارێکی تێر بە چاوی حەزم سەیری تۆم نەکرد
چاوی ڕەشی سپی کردم و سوور سوور تکاندمی

جارێک شنەی ئەوینی ئەتۆم پڕ بە دڵ نەچێشت
وەک تۆز و خۆڵ لە دەشت و دەری شار پژاندمی

پێم خۆش بوو لەم وڵاتە دڵۆڤانی شین بێ
هەر تۆوی جەنگ و دوژمنی خووسا و خەساندمی

من ئارەزووم بوو پێکەوە دڵخۆش بژین هەموو
تەقەی تفەنگی غوربەتی هەستا و تەراندمی

مەیلم بە مەرگ و کوشتن و هەڵڵا نەبوو ئەبەد
هەر تۆپ و تانگ و فیشەک و باڕووت تەقاندمی

حەیفێکی قەت نەهاتە دی ئاواتی ئاشتیم
شەڕ کوشتمی و غەمی حەز و حەسرەت مراندمی

# 30

**چ بێڕەحمانە دەرگاتان لەسەرداخستم ئێوە**

دەلاقەی خەندەتان چەن نابەجێ لێ بەستم ئێوە

چ ئاسانە شەڕ و کین و رک و ئاژاوە لاتان
چ دژوارە کە زاخاو دەن هەناو و هەستم ئێوە

ئەمن ئاو بووم ئەمن باران ئەمن دەریا و شەپۆل بووم
هەموو جارێ دەبوونە لەمپەر و بەربەستم ئێوە

لە بەربەستا ببوون گەورە و بە کێشە گۆش کرابوون
تەماشا کەن چ کۆتێکتان پیا دابەستم ئێوە

لە بێدەنگی و دەبەنگیدا چ سەربەست بوون و سەرخۆش
هەموو چەمکی مرۆڤبوونتان لە پاوان خستم ئێوە

لە ژاری و بێکەسی و نازانیدا دەژیان لەبۆیە
بەجێی هاورێیەتی هاوڕاییتان لێ خواستم ئێوە

بە بوختان هەڵدەبەسران و بە هەڵبەست هەڵوەشێنراو
چ ها کاڵەی درۆیینتان لە پێ هەڵبەستم ئێوە

بە سەرما زمهەرێ ئازارتان کۆکردەوە بۆم
تەنووری داخ و هاوارتان لە ناخ داخستم ئێوە

لە خۆبوێری و چنۆکی و چاونەتێری قەت نەبوون تێر
هەمیشە داوی عادەتتان لەبۆ ڕاخستم ئێوە

دەڵێی بەربوومەوە دیسانەکەش وەک جاری جاران
کە وێڵتان کرد و بەرتان دا مناڵی دەستم ئێوە

ئەمن دەمگوت مرۆی تەنیا لە کۆمەڵگا نییە قەت
بەڵێ ناڕاستی ئەم ڕستەتان پێ ڕستم ئێوە

ئەگەرچی شیلەهەنگی ژینی منتان هەڵمژی چش
بەڵام بۆچی دە ئەنگوستی دەروونتان گەستم ئێوە؟

دەزانم چەندە دڵبەردە کەسێک مێهری نەدیبێ
شکانتان بۆیە پاک ئاوێنەکەی هەڵبەستم ئێوە!

گیان لەسەر زارت چ خۆشە ئەی قەزات لە گیانی من
گیان و دڵ هەردوو فیدات ئەی لوتفەکەت گیانانی من

چی بڵێم ئەمنی (هەژار) بۆ (هێمن)ی چاوی ئەتۆ
ئەی سەرنج و نیونیگاهت شێعری تازەی جوانی من

هێندە دڵتەنگ بووم کە دەمگوت تازە ئاشق نابمەوە
سەرلەنوێ ڕوون بۆوە پێت چاوەی ژیان و مانی من

کیژی نەشمیلانی شاری دەستەمۆ نابی بە شوان
نەک مەجازی هەر بەڕاست جارێک وەرە بۆ ژوانی من

بێ گرێیە بەژنەکەت، بۆ شووش و ڕێکیش بێ قسەی
بۆیە ناگا دەستی قەت پێت هەستی بەستەزمانی من!

دوو مەمکی بەخێو کردووە گوڵدانی هەنارن
دوو تۆپەگوڵی باغچەیەکی سەر بە بەهارن

دوو هەوری سپی سینەیی سامانی بەیانی
دوو کۆتری دەندووک کەوی گوێسوان و پەسارن

دوو نوونی بە خاڵن لە وشەی جوانی ئەویندا
دوو شێعری خەیاڵاوی لەسەر کێشی بەلارن

دوو سی سپی باڵن لە هەسێڵێکی گەلێ ڕوون
دوو کارگی بەهارینە لەسەر بەفری نسارن

دوو ناسکەشەمامەی پڕی بێستانی حەزی من
دوو ماسی خزی تۆڕ و سڵی زۆر بێقەرارن

تۆ پێکەنە تا هەڵپەڕێ گیانم بە سەماوە
بمدوێنە هەتا هەڵفڕێ ڕووحم بە حەواوە

دەستم بگرە لەم شەوی پڕ ترس و بەسامە
هەستم بەرە ئەو مەنزڵە ئاسوودەیی ناوە

بەو چاوە پڕ ئاوانە کە ئاوێنەی ئەوینە
ڕوونی کەوە ئەو ڕێگەیە وا لێم بەسراوە

ئاوێتەی ئەوینێک بکە نێوماڵی دەروونم
دیسان وەبەری بێنەوە گیان ئەو گڵ و ئاوە

تا ئەوپەڕی بارانە بەرە خەون و خەیاڵم
ڕاپێژێنە جیهانم بە شنەی هێمنی باوە

بینوێنە لەناو سینگ و مەمی نەرم و نیانت
ئەو ماسی حەزەی وا بە ڕەشی زووخ پەنەماوە

با تێک نەچێ نێوانی دڵ و جوانی پەرەستی
سەرلەنوێ بسازێنەوە ئەو پردە ڕماوە

ڕانوێنە شەپۆلی لەش و لارت بە نیانی
دەریا سەری شۆڕ کا بە کزی و شەرم و حەیاوە

بڵێن بە ئەو: پەپوولە چۆن گوڵی بەهاری خۆش دەوێ
دڵی منیش وەها ئەوین و ئادگاری یاری خۆش دەوێ

بە ئەو بڵێن: کە ماسی چەندە حەز لە ئاوی ڕوون دەکا
دڵی منیش وەها شەپۆلی لەنج و لاری خۆش دەوێ

بە ئەو بڵێن مەلێک چلۆن پەڕی لە ئاسمان دەسوێ
دڵی منیش وەها شنەی لەشی لەباری خۆش دەوێ

بە ئەو بڵێن کە لێزمە چەندە ئارەزووی تەڕی هەیە
دڵی منیش ئەوەندە تامی ماچی زاری خۆش دەوێ

بە ئەو بڵێن کە بادەنۆش ئەگەر حەزی لە بادەیە
دڵی منیش وەها چەمی ڕەش و خوماری خۆش دەوێ

بە ئەو بڵێن مناڵ ئەگەر بە مەمکە ژیر دەبێتەوە
دڵی منیش هەمیشە مەمکی گۆپکەداری خۆش دەوێ

بە ئەو مەڵێن: کە شاعیرێکی بێکەس و گەڕیدەیە
دڵی منیش هەمیشە یاری نازداری خۆش دەوێ

بڵێن بە ئەو کە بێت و هەڵپەڕێ لە کاتی پرسەکەم
کە ئەم دڵە غەریبە باوی کوردەواری خۆش دەوێ

گەر هاتی گوڵم ئاو و هەوا بێنە لەگەڵ خۆت
بارانی بزە و نانی نەوا بێنە لەگەڵ خۆت

گەر هاتی دەمێک لێرەوە ڕابووری گوڵی ئاڵ
پڕ باوەشێ سەربەستیی با بێنە لەگەڵ خۆت

بەینێکە هەموو دەروەچی ڕۆحم بەسراوە
بۆ ماڵی دەروون نوور و فەزا بێنە لەگەڵ خۆت

گەر هاتوو هەڵەت کرد و لە ئەم چۆڵگەوە هاتی
قەیناکە گوڵم دەسکێ نیگا بێنە لەگەڵ خۆت

وا ژەنگی هەڵێناوە هەناوم لە نەبوونت
بۆ ئاسنی ڕۆح ڕەنگێ بەجیا بێنە لەگەڵ خۆت

لێرە خەوی لێ کەوتووە هەستی دڵی سستم
گەر هاتی دەهۆڵ و کەڕەنا بێنە لەگەڵ خۆت

ئێرە سەرەتای دۆزەخ و دەسپێکی برینە
پارچە غەزەلی داو و دەوا بێنە لەگەڵ خۆت

لێرە شەو و ڕۆژ هەر دەگرێ کوورەیی ناخم
قۆریە ڕەش و دوو پیاڵەیی چا بێنە لەگەڵ خۆت

گەر هاتونەهات ئەم سەفەرەش هەر بەری گرتین
چەن گشتەک و چەن نوشتەدوعا بێنە لەگەڵ خۆت

گەر هاتی نەوەک هیچکەسێ لەم ماڵە نەمابێ
چەن لاپەڕە شێعری ڕەشەبا بێنە لەگەڵ خۆت

چیدیکە بە ئەم حاڵەوە مەمهێڵە بەقوربان
ئەم سوورەتە بۆ خاتری خودا بێنە لەگەڵ خۆت

چەن بەتاڵ هات و بە تاڵی ڕۆی و بەتڵاو تێپەڕی
ئەو قەتارەی ناوی ژین بوو؛ ڕانەوەستا و تێپەڕی

دەق بەوێنەی دەفتەرێکی لێ نەنووسراوی سپی
چەن پەڕێکی هەڵدراوە و کەوتە دەست با و تێپەڕی

هۆدەیێکی چۆڵکراو بوو ساڵەهای ساڵ بێ هەرا
ماوەیەک باران و بەفری هات بەسەردا و تێپەڕی

گۆزەیێکی هەڵپەسێراو بوو لە کونجی بێکەسی
بێ ترینگە، یەک تکەیشی لێ نەچۆڕا و تێپەڕی

هەروەکوو بوتڵی بەتاڵی کۆنەمەیخانەی تەپیو
سەردەمێکی دوور لە سووچێکدا بەجێ ما و تێپەڕی

سێبەرێک بوو ڕۆژ و شەو، تاریک لە پێشمدا دەڕۆی
سەد مخابن ساڵەهای ساڵ بۆم نەگیرا و تێپەڕی

هەروەکوو تۆپێک لە ناوەند گۆڕەپانێکی بەرین
هەر کەسێک هات و شەپێکی توندی لێ دا و تێپەڕی

جادەیێکی دوور و سەرڕاستی بەبێ سووڕانەوە
زۆر خەواڵوو هات و بێ سەیران بەپرتاو تێپەڕی

بێ وتووێژ و بەبێ گۆڕینی ڕاوی یەکسەرە
چەشنی ڕۆمانێکی تاقەت ڕانەکێشراو تێپەڕی***

هیچم نەماوە پێ جگە ئەشقی ئەتۆ نەبێ
غەیری خەیاڵی ڕووت و دڵێکی بەسۆ نەبێ

چم پێ نەماوە بێجگە لە یادێکی جاربەجار
زۆر کاڵ و کرچ و خاوە ئەویش گەر درۆ نەبێ

هەرچی کە هەمبوو دامە دەمێک پێکەنینی تۆ
تۆش ناتەلاوە هەر دڵێ پڕ شین و ڕۆ نەبێ

هەرچی کە هەمبوو کردمە قوربانی ناوەکەت
تۆش دەسبەجێ سڕیتەوە خوێنێ کە کۆنە بێ

من ئاشقێکی سادە بە باڵای برینەکان
ئەو ئاقڵە نەبووم لە غەمت ڕەنجەڕۆ نەبێ

ئەو خواپەرستە کوا چ دەزانێ کە چم دەوێ؟
خۆ هیچ خودایەکی نییە ئەو غەیری خۆ نەبێ

هەر داخ و هەر مخابنە پشکم هەتاوەکوو
بەم هەستەوە بسووتم و چاوم لە تۆ نەبێ

بۆ تۆ بوو جادەکانی غەریبیم هەموو بڕی
ئەی نیشتمانی ئاشقی؛ مەرگت لەبۆ نەبێ!

بۆ تۆ بوو ساڵەهام کە سپاردن بە بێکەسی
ئەی مێهرەبانییەک کە دەڵێن چاکە چۆن ئەبێ؟

گەیشتوومە وێسگەی ئاخری ئەم ژینە خاڵییە و
چم پێ نەماوە غەیری غەمی دووری تۆ نەبێ

بوونی تۆ دەرمانە بۆ دەردی بەبێ دوایی مرۆڤ
بێ هەبوونت نایەتە کۆتایی تەنیایی مرۆڤ

ئەی کە ناوت هاوقەتاری مێژووە بۆ ژین و ژان
تۆی کە نەتهێشت کوێر بێ کانیاوی مانایی مرۆڤ

خۆشەویستی بێ بەرانبەرت و هەتایی میهری تۆ
نیشتمانی دڵنەوایی و ماڵی سوکنایی مرۆڤ

ئابڕووی ئەشقی و حەیای جوانی و شکۆبەخشی ژیان
تۆی کە پێت ڕوون بۆتەوە چاوانی بینایی مرۆڤ

سێبەری تۆی گەر وەسەر نەکشایە دیواری عومر
تا هەتا تەنیا دەماوە تەنکە تارمایی مرۆڤ

چاوگەکانی زان و زانین هەر لە یەک ڕیشەن، بەڵێ:
واتە پەیوەستی بە زانە ژانی زانایی مرۆڤ

شان لە شانی ناوی تۆ کەنگێ دەدا شێعری ئەمن
"ژن" نەبا کەی تێی دەگەیشتین لایەنی خوایی مرۆڤ

تۆش ئەگەرکوو وشکەپووشی بەردەمی با بی دەترسی
وەک ئەمن ئاخرگوتاری سەردەمی با بی دەترسی

خۆ بە کوشتدانی لەخۆڕا لێرە پێی ناڵێن بوێری
دەستبەتاڵ و شڕ لەناو مەیدانی شەڕدا بی دەترسی

بۆچی دەگری ئەو مناڵەی ئێستە گەردوونی نەدیوە؟
تۆش ئەگەر ئاوارەیێکی دەشتی دنیا بی دەترسی

دەردی دووری و بێکەسی و تەنیایی قەت ناگاتە کۆتا
ماسییە ڕەشتاڵەکەی گەیشتوو بە دەریا بی دەترسی

ترس و تاریکی تۆمەز تەنیا مرۆڤ هێناوە بەرهەم
لەم وڵاتە گەر لە ئاسن و بەرد و پۆڵا بی دەترسی

وا لەسای ئایینەوە بڕوای خەڵک قایم بووە کە
گەر لە ماڵی خۆت بە ڕۆژی ڕوون لە خەودا بی دەترسی

هەر کەسێک دەرفەت دەهێنێ بزگورێکت دادەپچڕێ
تۆش ئەگەر پارچەپەڕۆی سووک و بەرهەڵدا بی دەترسی

گەر نەیار چوار دەوری دابیت و نەگا دەستت بە دەریا
لەم جەهانە گەورەدا تاک و بەتەنیا بی دەترسی

ناونیشانت نادیارە و نەقشەیەک نەیدیوە ناوت
تۆش وەکوو من کوردی بێ خاک و نەوا تا بی دەترسی!

چەشنی من هاوکێشەیێکی قورسی مێژوویی ئەگەر تۆش
لەم هەرێمە کارەساتبارە بەجێمابی دەترسی

کچێکی چاو بە فرمێسکە و هەمیشە دێتە ژوانت
هەزارێ خۆتی لێ گێل کەی دەزانێ ناونیشانت

کچێکی پەست و غەمگینە و شەو و ڕۆژ هەر بەتەنیا
دەڕاوێنێ لە سووچی پەنجەرەی ئازار و ژانت

کراسێکی ڕەشی تەسکی لەبەردایە و لەبەر خۆ
وڕێنەی بۆ دەکا و دەیڵێتەوە گشت شێعرەکانت

لە چاویدا جیهانێک غەم قەتیس ماوە بە لێڵی
شەپۆلی ڕووحی سەرکێشی دەڕووخێنێ جیهانت

ئەرێ ئەی کیژەکەی تەنیا و حەزین و مات ئەتۆ کەی؟
بەجێ دێڵی دڵی شێعر و وشەی بێ خانومانت

لەبۆچی تەرکی ناکەی سووچی ساکاری ژیانم؟
هەتا کەنگێ دەکەی داگیری دڵ وەک دەرک و بانت؟

کەنیشکە کاڵەکەی ناسراو بە دڵتەنگی هەتا کەی؟
بەجێ ناهێڵی ژوانگەی بێ گرفتی ئاوەدانت

بانگەوازێکە لەبۆ تیژی گەرووی پەنجەرەکان
بەرجەوەندێکە کە پێی ڕوونترە ڕێی حەنجەرەکان

وشەیەک نا، غەزەلێکە کە دەنەخشێنێ ژیان
کۆترێکە کە دەنیشێتە دڵی خەنجەرەکان

قەڵەمێکە کە دەبەن ئێرەیی پێی زۆرداران
قسەیێکە کە وەخۆی دەگرن هەموو دەفتەرەکان

کە دەزێتە دەمی تیشکی بزە وەک خۆری بەیان
وەردەسووڕێننەوە یەک یەک گوڵەپێغەمبەرەکان

گەلێک ئازادی بوێ نرخی دەدا بێ سڵ و سام
ئەوە دەرسێکە کە دەیڵێنەوە گشت سەنگەرەکان

تۆی بەخۆوە لەوەتا دیوە سیاسەت لە جەهان
سەدوهەشتا پلە گۆڕاوە لەلای، پێوەرەکان

ناو و ناوبانگتە گوێیان دەزرینگێتەوە گەر:
چەم و کانی، شەو و با، دار و درەخت، دێوەرەکان

بیری ئازاد و نوێ کاتێ ئەتۆی دێتەوە یاد
تک تکە خوێن دەتکێ لێی قەڵەمی نووسەرەکان

تاڵترین بیرەوەریمان نییە گەر دانوستان
کۆنە ناپاکی دژ و خوێنی گەشی ڕێبەرەکان

بەردی ئەم خاکە هەموو ئاشقی ئازادی بوون
تاوەکوو وێنەی ئەتۆ گەیوەتە دەست پەیکەرەکان!

هەروا لە وشەی تەرز و بە واتا دەگەڕێم
شێعرێکم و ئاوارە بە دواتا دەگەڕێم

بمنووسەوە وەک شاغەزەلێکی ئەبەدی
چوارێنەیەکم بۆ قەد و باڵا دەگەڕێم

پێم خۆشە لە جوانیت بەشی خۆم پێ ببڕێت
هەر بۆیە لەبۆ کێشی بەسەروا دەگەڕێم

دنیا دەژی هەر جیلوەیەکی جوانی ئەتۆ
دەورت بگەڕێم تاکوو لە دنیا دەگەڕێم

تۆ هەستی نەنووسراوی پڕاوپڕ لە ئەوین
من بەستەزمانێ کە لەخۆڕا دەگەڕێم

چوارچێوەیەکی خاڵیی و کۆنە تەمەنم
بۆ وێنەبزەی تۆیە هەموو لا دەگەڕێم

من ماسییەکی کاس و وڕی جۆگەلەکان
بۆ گەوهەری بەژنت بنی دەریا دەگەڕێم

نێچیرم و پێم خۆشە لە داوت بکەوم
گەر تۆ نەبی لەم دەشتە بەتەنیا دەگەڕێم

دیلم نەکەی و نەمخەیە ناو بەندی دڵت
وەک کۆچەرێ لێرە و لەوێ هەروا دەگەڕێم

ئەو کاتە دڵم خۆشە وڵاتی دڵمی و
بێ ترس و بە ئازادی لە تۆدا دەگەڕێم

بێوێنەترین دیمەنی دنیای و لەبۆت
ڕابردوو و داهاتوو و ئێستا دەگەڕێم

بۆ پەسنی دەم و ڕووتە کە تێ ماومەتەوە
گشت سووچی خەیاڵ و خەو و خولیا دەگەڕێم

ئەو جوانە کە گۆران دەڵێ: بێ ناوە ئەتۆی
ئەو شۆخە کە عومرێکە بەدوایدا دەگەڕێم

هەرچەن غەزەلم نۆبەرەی هێناوە بەڵام
هەروا لە وشەی شاز و بە مانا دەگەڕێم

تێچووی ئەوینی تۆ دڵ و ماڵ و ژیانمە
داهاتی من غەم و کوڵوکۆ پشکی گیانمە

سوێندم بە شیرنایی دەمی قەندی تۆ کەوا
ماچێکی چاترین مەزە بۆ بوون و مانمە:

بۆ ناکەسانی سەگ کە سەرم دانەواندووە
ویستوومە تۆ بی تاکەکەسی ئەم جیهانمە

گەر بوومە هاودەمی چەقەڵ و گورگ و کەمتیار
پاراستنت لە جەنگەڵەکان ئەرکی شانمە

هەرگیز هەتا منم غەمی خۆمم نەخواردووە
تەنیا بەهۆی ئەتۆیە غەمی ئاو و نانمە

گەر نابەدڵ ژیاوم و خۆمم لە بیر چووە
بۆ گەورەبوونی تۆ بووە ئەم دڵ چزانمە

ئاواتمە کە قەت نەبی غەمگین و دڵشکاو
تەنیا ئەوەش هۆکاری شکەست و زیانمە

خەڵکی ئەگەر بەناوی خودا کاسبی دەکەن
من ناوی تۆ نهێنی هەموو ژین و ژانمە

## 44

دەڵێم دنیایەکت گەشتر لە جاران بۆ وەدی بێنم
دەڵێم خولیایەکت ڕوونتر لە باران بۆ وەدی بێنم

دەڵێم دەریا بە دەریا خەونی ئازادی بپێوم بۆت
جیهانێکت گەلێ جوانتر لە جاران بۆ وەدی بێنم

دەڵێم چیدیکە ئاوری بێفەڕی شەڕ هەڵنەگیرسێنم
بەهارێکت بە دەستی لێڕەواران بۆ وەدی بێنم

دەڵێم ئەمما بە هیچ چەشنێ لەناو خەونێ وەدی نایەم
دەڵێم ئەمما بە هیچ بارێ بە باری دیکە ڕانایەم

دەڵێم ئەمما بە تەشیە کۆنەکەی جارانە دەیڕێسم
دەڵێم ئەمما هەمیشە هەر لەسەر ئەو کۆنە سەودایەم

هەزاران ناو و ناتۆرەی قەبە و زل دادەهێنم من
هەزاران بەند و بالۆرەی تەپ و فل دادەهێنم من

بەڵام هەرگیز دەراوە دوورەکەی ئەوساکە ناگۆڕم
هەزار بەڵگە و بیانووی مەحکەم و شل دادەهێنم من

من ئەو دیلەم کە ڕێی دەرچوونی لەم زیندانە نازانێ
من ئەو بازنەم کە ڕزگاری لە ئەم دووپاتە ناتوانێ

لە سوور داینێم لە کای جارانی تێ هەڵدێنمەوە دایم
من ئەو لەیلاجە پیرەم دان بە هیچ دۆڕانێ دانانێ

هەمیشە و هەر بە ئەم پیرەهەوا دێرینە دەخوێنم
زەوی و ئاسمان بە ئەم شێوازە نگریسە دەخاپێنم

مرۆڤم من درۆی پینەکراوی خۆم دەدرکێنم
دەڵێم دنیایەکت جوانتر لە جاران بۆ وەدی بێنم!

شینترین حەسرەتی ئەم دەستە بەتاڵەی خاتوون
داخترین قاوەیی ئەم سەردەمە تاڵەی خاتوون

هەموو ڕەش بوونەوە دێڕ و خەتی هەڵبەستی هەبوون
خۆشترین ئاوری ئەم جەرگە زوخاڵەی خاتوون

ئەوە خوێناو دەدەڵێنێ دڵەکەی پڕ لە ئەوین
تیژترین خەنجەری ئەم ڕووحە بە ناڵەی خاتوون

ناونیشانێکی نییە شێعری حەز و عەزرەت و سوێ
نوێترین بەرهەمی ئەم شاعیرە لاڵەی خاتوون

تۆ دەزانی چ قەرارێکی لەبۆ کات و زەمان
چاتر ئەهوەنکەرەوەی ئەم هەموو ساڵەی خاتوون

تێک دەهاڵێن بەنی گیان و دڵ و ڕیشە و ڕەگی ژین
ماشەری ئەم سەرە پڕ خەون و خەیاڵەی خاتوون

سەوزە لەم سینەیەدا ناوی ئەتۆ سوورەگوڵم
جوانترین شینکەیی ئەم ڕووخەکە ماڵەی خاتوون

دەم بنێ سەر دەم و سا لێم گەڕێ بیخۆمەوە من
کۆنترین دەرد و خەمی دەفر و پیاڵەی خاتوون

پێگەییوە بەری داری شلک و تەرزی تەمام
باشترین میوەیی نێو ئەو دڵە کاڵەی خاتوون

بوویتە ئاواتی گرنگی هەموو عومرم لە ژیان
نازترین زەردەحەنەی بەفری نواڵەی خاتوون

شەو و ڕۆژ بەستەی ئەوینتە لەبەر ئەیڵێتەوە گیان
سازترین نۆتی لەنێو ئەم خەت و خاڵەی خاتوون

وەک ماسییەکی مەنگی لەنێو گۆمی نەهاتی
گێلانە دەسووڕامەوە تۆ بۆ چی نەهاتی؟

ئەی مانگی بەژن شۆڕ و کەزی زەردی لەسەر کۆچ
ئەم گۆمە بەجێ مەیڵە بەتەنیایی بەماتی!

ڕۆژێکی بڵێی لێرەوە ڕابووری کچی جوان؟
ئەم جادە سیابەختە ببینێتەوە هاتی؟

تاوێکی بڵێی بێیتەوە تاوی بەگزنگم
ئەم گۆڕە بپێچێتەوە تاریکەسەلاتی؟

ساتێکی بڵێی بێستی ئەرێ هەستی تەریوم
ئەم دەفتەرە داماوە ببیستێ خەبەراتی؟

ئەی شێعری فڕیو دابگەڕێ بەم فەڕەوە دەی
ئەم شاعیرە ئاوارە بەفیڕۆ نەچێ کاتی

هۆهۆ پەڕەسێلکەی سەفەری بێرەوە ئێرە
ئاسمانێک هەتا کۆڵەکەکەی ماوە سوباتی

هۆهۆ تەمەنی کۆچەری ئاوڕ دەوە جارێک
ئەشقێک چەمەڕایە کە بنووسرێ بەسەرهاتی

ئەی زەردەخەنەی جوانی نەبینراوە هەتاکەی؟
ئەم لێوە بەبارە بزەیەک نەکرێ خەڵاتی

ئەم ساعەتە ژەنگاوییە ئەی کاتی لەکیسچوو!
بێ هۆ لە گەڕان بێ ئەرێ تاکەی هەموو ساتی؟

لانی کەمەکەی گۆشەنیگا جارێ وەدەرخە
ئەم وێنەگەرە نەمرێ لەبەر بێدەسەڵاتی

دیواری بڕەنگێنە دروشمی هەموو عومرم
ئەم شۆڕشە بۆچی دەبێ دامرکێ خەباتی؟

بەینێکە کە داخراوە بڵێی بیرەوەریم بۆ؟
ئەم پەنجەرە بۆ کوێرەوە کا تاکی قەپاتی؟

بەینێکە پەنای گرتوە لە بێدەنگی ژیانا
سا ئەی ڕەشەبای شێت دە مەڕووخێنە قەڵاتی!

دەیخواتەوە خوێناوی غەمی بێخەبەری تۆ
ئەو شووشە شەرابەی سەری باداوە نەهاتی

هەر دێت و دەچێ دێت و دەچێ وێڵ و بەتەنیا
ئەو ڕووحە کە ناتوانێ بدرکێنێ شکاتی

تۆ ئەی وەتەنی ونبوو لە من دابگەڕێوە
بستێکی سنوور بچتەوە سەر خاکی وڵاتی

## 47

بەفری غەمەکەی هاتەوە دیسان کە سەرم دا
قورسایی زەمان هاتەوە دیسان بەسەرمدا

تاڵیی شەوێ خۆی کردەوە دیسان بە بەرمدا
تۆڵەی سەری خۆی کردەوە سەدخۆزگە بەرم دا

خوێناو سەری هەڵداوە لە ئەمما و ئەگەرمدا
خوێناو ئەوە ئاڵاوە بە ڕیشەی جگەرمدا

دیسانەکە دڵتەنگی سەری خۆی لە سەرمدا
جێی کردەوە بۆخۆی لە کەلاوەی کەسەرمدا

هەر دەردە دەناڵێ لە دڵەی دەربەدەرمدا
بێزارە لە تەنیایی لە ڕادەبەدەرمدا

شەو هاتەوە دیسانەکە بۆ حاڵی دڵی من
دیسانەکە شەو هاتەوە بۆ ماڵی دڵی من

بێدەنگی بەری گرتەوە دیسان لە هەناسەم
دڵتەنگی سەری کردەوە سەر حەسرەت و تاسەم

خۆی خستەوە نێو ناخی کپم ڕەنگی ڕەشایی
خۆی شاردەوە دیسانەکە لێم خۆشیی و شایی

غەم هاتەوە غەم هاتەوە بۆ کۆنە هەواری
ماتەم ئەوە دووبارە هەڵی داوە دەواری

دووری و خەفەتی بێخەبەریت هاتەوە یادم
دەستی دڵەکەت کوانێ کەوا داتەوە دادم؟

فرمێسک و هەنسکم سەری هەڵکەندەوە دیسان
مەودا و غەمی غوربەت سەری هەڵگرتەوە دیسان

دێوی وەڕەزی چنگی لە ڕۆح خستەوە دیسان
دەردێکی هەتیوانە دەمی بەستەوە دیسان

*بێزاری لە هەر گۆشەیەکی زاری دەباری*
*زاری غەمی عالەم بوو لەسەر لێوی بەباری*

*بێکەس ئەمنم کەس لە زوبانم نییە تێ بگا*
*کوا دەستێ کە ئەم هەستە کپ و نوستووە پێ بگا*

*ئەم ژینە چ ژانێکی بەئێشە لە سەریدا*
*هاوارە چ هاوارە لەناو بێخەبەریدا*

**48**

*خۆشەویستی شێعرەکانم شاغەزەل هەر تۆی دەزانی؟*
*خۆشترین هەستی لەناو گیان و دڵەی تۆتۆی دەزانی؟*

مێهری تۆم هەرگیز لە دڵ ناچێتەدەر ئەی خۆری ڕەنگین
گەشترین تیشکی ئەوینێکی گەلێک ئەوتۆی دەزانی؟

چۆن و کەی هاتی؟ لە کام لان و بە باڵی چی فڕیوی؟
پارچەیەک ئەشقی و خودا خولقاندبووی بۆخۆی دەزانی؟

ئەو نیگارەی؛ حەز دەکەن چوارچێوەکان بتگرنە ئامێز
بەرجەوەندی پەنجەرەی ڕوونی بەرەو ئاسۆی دەزانی

کرچ و کاڵ لاسایی سادەی جوانی تۆن هەر ئاسەوارێک
بۆ هونەر سەرچەشن و شارێگە و دەق و واژۆی دەزانی؟

ترپەترپی هاتنت وەک پیتەکانی ناوی باران
نۆتی تازەی دەفتەری تاسە و برین و سۆی دەزانی

کیژەکەی کافرۆشی گۆرانی بە جوانیت دێتە لەنجە
ئەو کچۆڵە شارییەش چۆڵی دەکا زانکۆی دەزانی

تۆ شەبەنگی ئاو و ئاوێنە و هەتاو و مانگ و ماسیی
تێکەڵەی خەون و خەیاڵ و وەهم و وێنا و هۆی دەزانی

بەو دوو لیمۆی کاڵ و لێوی ئاڵ و قاوەی چاو و پەرچەم
وەک بەهاری کوردەواری زۆر بە ڕەنگ و بۆی دەزانی

هێند لەبار و نازەنینی هێمنئاسا بۆت دەژیم من
کێشی خۆشی شێعری ئەشق و خۆشەویستی تۆی دەزانی

تۆ بەتەنیا شاتەواری تیژپەڕی دڵمی دەزانم
سەدحەیف ئەمما لەگەڵ ڕووحی ئەمن نامۆی، دەزانی؟

## 49

لە شوێنپێی ڕۆیشتنتدا دێرپەدێر باران بەجێماوە
لە ژوانگەی دێربەدێرتا دەفتەری گریان بەجێماوە

لە کووچەی یادی تۆدا ساڵەهایە وێڵ و ئاوارەم
لە ڕۆژئەژمێری عومری من گەڵارێزان بەجێماوە

لەپاش کۆچی ئەتۆ تەنیا وەکوو بارانە گریاوم
لە پێچی کووچەدا هەورێکی زۆر پڕ ژان بەجێماوە

لەگوێن وێرانەکانی دوا شەرێکی قورس و ڕووخێنەر
لە من تەرمێکی شپرێوی بەبێ نیشان بەجێماوە

کە تۆ ون بووی لە چاوان جەنگەڵێک تەنیایی پێم وەربوو
لەتوێی گیانا چڕا زامی بەبێ هەتوان بەجێماوە

لە چاو ڕۆیی گزنگی تۆ کە تاریک داگەڕا دنیام؟
وەیا میراتی ئەشق بۆ پیرەکەی کەنعان بەجێماوە

دەڵێی دوای کیمیاباران هەڵەبجەم هێندە چۆڵم من
منم ئەو ناوە گەورەی وا لە شاروێران بەجێماوە

ئەتۆ ڕۆیشتی و منت جێ هێشت بەتەنیایی بەڵام هێشتاش
لە ناخمدا دەڵێی مانگێک بەبێ ئاسمان بەجێماوە

وەرە و هەرچی حەز و هیوام هەیە بیبە بەیەکجاری
چرای ئاوا غەریب بۆ چی لە گۆڕستان بەجێماوە؟

لە مێژە دەنگی خۆشی ئاشنایی لێرە نابیستم
هەوار چۆڵ و وڵات وێرانەیە ئاران بەجێماوە

## 50

نارنجییەکی تۆخی لەبەر کردبوو پاییز
خولیایەکی دوور هۆش و دڵی بردبوو پاییز

فرمێسکەگەڵای زەردی لە چاوان دەوەراندن
دیسانەکە ئاوا خەمی چی خواردبوو پاییز؟

ئێوارە لە ئاسۆیەکی غەمگینی دەنۆڕی
نازانی چ شێعرێکی لەبەر کردبوو پاییز!

سست و کز و ئاوارە لەبەر بایەکی ناکەس
تۆمەز کە دەماری لەشی گشت مردبوو پاییز

بەو هانکە هانک و خەم و لەرز و دڵەخورپە
وادیار بوو لە ترسی کەسێ ڕایکردبوو پاییز

ئاشق ببوو وەک شۆڕەژنێک ڕووحی دەگریا
وەک گۆزە سەراوبن بێ دایکردبوو پاییز

یا بۆ خەبەری مەرگی لەناکاوی کوڕانی
پرچی دەڕنی و کوێنی دەبەر کردبوو پاییز؟

خۆی ڕادەژەنی گاهێ بەهێز، جارێ بەخاوی
دوو گوێی لە چ سەمفۆنییێ ڕاگرتبوو پاییز؟

ئاخۆ چ کەسێ خۆڵی لە چاو کردبوو دوێنێ؟
دەستی بە عەسای باوەکەوا گرتبوو پاییز؟

یا خۆ لە چی وا تووڕە ببوو نیوەشەوێکی
بەو ڕەنگ و ڕووە قۆڵی کە هەڵکردبوو پاییز؟

بۆ کێ و چ کەسانێ بەپەلە چۆن و لەبەر چی؟
چەند نامە نهێنی بەکوێی ناردبوو پاییز؟

## 51

وەک دوو ڕەنگی لێک جودا هەرگیز لە یەک نایەینەوە
یا دەبێ تەنیا بمێنین یا دەبێ با دەینەوە

جەمسەری ئاوات و خولیامان گەلێک دوورن لەیەک
وەک دوو هێڵی هاوبەرین هەرگیز بەیەک ناگەینەوە

دەوری هیچ کاممان بەجوانی قەت لەجێی خۆیدا نەبوو
پەردەی ئەم شانۆ غەریبە با ئیتر دادەینەوە

یەک ژیانی دیکە قەرزی ئێمە بێ لە ستۆی جیهان
تا وەڵامی گشت (بەڵێ)یەک هەر بە (نا نا) دەینەوە

من لە کاخی غوربەتی تۆدا غەریب و بێنەوام
گەرچی جارجار ئاوڕێ دەین و لەیەک لا کەینەوە

قەت ڕەگی من ناچێ بەم خاکە خەمۆک و دیلەدا
ئەم گرێ پووچانە با یەکجاری یەکلا کەینەوە

تۆ بەڕێی خۆتا برۆ و من ڕێگەیێکی تر گرم
ناوی یەکتر با لە بیرگەی هەستمان پا کەینەوە

برگەبرگە و پسپسە پێوەندەکەی نێوانمان
تا ئەبەد تیکە و کوتی ئەم ژینە وێک ناخەینەوە

## 52

دڵی ئەم پەنجەرە دەرهات کەمەکێک لا کەرەوە
گرێکوێرەی خەمی ئەم ماشەرە یەکلا کەرەوە

سەری هەڵگرتووە بەو دوو چەمە ڕووباری ئەسر
هەموو دەشت و دەری ڕووخاندووە ئاوڕێ بەرەوە

حەوشی ئەم ماڵە بەتاڵە لەوەتا ڕۆییوی تۆ
سەرەتێک سەر لە خەیاڵ و خەم و خۆزگەی دەرەوە

گەلێ بێتاقەت و پرتاسەیە ئەم کووچەیە بۆت
دەمی ئێوارە بە سەد مەکرەوە لێی ڕابرەوە

" بێکەس"ی ئەم گەڕەکەت گشتی لەسەر شانە دەڵێن
تاوێ تاڤگەی قژی ئاڵۆز و پەشێو بەردەرەوە

شار ڕەها نابێ لە زیندانی بە دیوار تەنراو
شاکلیلی هەموو بەندێکی لەشی بێنەرەوە

دەرکە لەم دەرک و دەرە دەربەدەری و بێخەبەری
ئەشقی ئاوارە! بەرەو لانی لەدەسچوو وەرەوە

دەستەکی ساعەتەکان خەنجەری سەر سینگن هەموو
ترپەترپی ڕەگی پێچراوی زەمان ڕێک خەرەوە

ئەوی ئاوێنەیە لێڵاوییە چارەی لە غەمت
تەمی بێچارەیی لەم چاو و ڕووە پاکەرەوە

## 53

گەر ژیان ئالوودە بێ ئیتر بە مننەت نامەوێ!
ئەو هەناسەش تێی کەوێ بای زەردی زەحمەت نامەوێ!

بۆچمە نانێک بە سەرشۆڕی و گزی گەر دەست کەوێ؟
سفرەیەک لێی بێ ئەگەر بۆساری نەگبەت نامەوێ!

تف لە مانی تێکەڵی پاڕانەوە و لالانەوە
ژینی کۆیلانەی وەها بێ قەدر و قیمەت نامەوێ

کاری نامەردانەیە سەردانەواندن بۆ نەیار
عومری بێ نرخی پڕاوپڕ لە خیانەت نامەوێ

چش بێ لەو بوونەی بە خێری خۆی دەزانێ، دوژمنم
سەد ئەوەندەش خۆشەویستتر؛ وا بە زیللەت نامەوێ

ناگەڕێ هەرگیز لە زارمدا زمانی ناحەزان
بچمە سەر سەروایەکی دیکەش بەئەنقەست، نامەوێ!

"ناوی گەورە و شاری وێران" چی بە ماڵم زیاد ئەکا؟
ببمە دیلێکی بەبێ ئامانج و بندەست نامەوێ!

خوێنی خۆم تا هەم بە هەڵچوون و بە خەستی پیس دەکەم
چرکەیەک سەرمەستی وەل بنیادەمی پەست نامەوێ

خۆشە ئیشق و خۆشەویستی ئاشکرا بێ نەک نهێن
کەوتە ژێر پەردە و ئەگەر هەر ماوە پێپەست نامەوێ

گەر بزانم ساتێ ئاوەز بانگ و ئاوازی کزە
دەیدەمە باری کەرێتی و پێی دەڵێم وست! نامەوێ!

ژینی سەگمەرگی چڵەپووشێکی وشکیش نایەنێ
بۆ ئەوەی نەمکا بە مەرگ پێویست و پەیوەست نامەوێ

ئەو هەڵۆیەی ڕادەما بێدەنگ لە بەرزایی چیا
چاک دەزانێ بۆچی دنیام بێتە بەردەست نامەوێ

هەر لەبەر تۆ پارچەشێعرێکی درێژم دادڕی
گەر بڵێی کورتی کەوە و لێی هەڵگرە دەست، نامەوێ!

## 54

دەنکە ونبوەکانی دەسحێیبێکی بێ هەودا و پەتین
بۆیە وا پرژ و بڵاو و تیکەتیکە و لەتلەتین

ماوەیەک چەن دانەمانی خستە ناو یەک لیزگەوە
ئەو کەسەی چاک پێی دەزانی پەرتەوازە و پێپەتین

هەر کەسە و هەڵماندەسوورێنێ بە مەیل و خواستی خۆی
وەک کەرەستەی بەردەسی منداڵەکی پڕ هەنجەتین

داشی دامەی شەڕگەکانی بێ نیشان و شوێنەوار
هەندێ سەربازی هەمیشە حازری بێ مۆڵەتین

ئەو ژمارانەین کەوا کەوتووینە پشت خاڵی سنوور
خاڵەکانی هەڵبڕاوی شوێن نەکەوتووی یەک خەتین

ئێمە ئەو خوێنەین لە داوێنی ژنی مێژوو ڕژا
بۆ جیهان پێویست و بۆ خۆمان زیادی و زەحمەتین

ئێمە ئەو پاژە بچووکانەین لەپاڵ یەکتر دەبینە نیشتمان
گەرچی ئێستا تێکدراو و بزر و نادیار و کەتین

میللەتێکی زۆر بەجەرگ و ڕیشەدار و سەربەرز
سەدحەیف بندەست و چەوسێنراوی سێ چوار دەوڵەتین

ڕۆژێ دێ جوغرافیای سەرسەختمان ئەزبەر بکەین
ئەو قوتابی چاوکراوانەین کەوا بەس چاوەڕوانی دەرفەتین

## 55

ئەو پارەپەرستانە کەوا ئاشقی خوێنن
هەر جەنگ و شەڕ و دوژمنی بەدیاری دەهێنن

باوەڕ مەکە بەو ناوە زلانەی کە لەدوویان
ئەو شارە کە وێرانە ئەوانی برمێنن

ئەم مافی مرۆیەی کە دەڵێن مافی درۆیە
هەر بۆوەیە خۆیان بە گەلان دابسەپێنن

یو ئێن چییە؟ کۆگایەکی بێ خێر و شەڕانخێو
چەن دەوڵەتی سەگساحەبە چەرخی دەخولێنن

گەر باسی دێمۆکراسی دەکەن نەقشەیە بۆ تۆ
تا مافی گەلت هەروەکوو پاروو بگلێنن

ئاشتی فشەیە یا گەمە یا نوکتەیەکی خۆش
یا دەرفەتە تا دەسبەجێ خوێنت برژێنن

کارگەی چەک و پووڵسازی ئەوان تاکوو لە گەڕ بێ
ئاوری شەڕ و ئاژاوە لە هەر جێ دەگرێنن

گوێ نادەنە وەی کوێ دەڕمێ و کێیە دەکوژرێ؟
باجی گوزەرانیان لە من و تۆ دەستێنن

بیگێڕەوە بۆ گشت نەوەکانت گەلی بندەست
چۆن هاتن و کەی گەیشتن و بۆ پەل دەوەشێنن؟

مێژووت پڕە لەو جۆرە بەسەرهاتە کە تێیدا
جارێک نەبووە دۆست بن و پشتت نەشکێنن

گورگەڕەشەکانیان کە بە تۆ کوشت و ڕەپێ نا
ئینجا گەلە گورگێکی درت لێ دەپەرێنن

پشتت بە ورەی کیژ و کوڕانت تۆ گەرم بێ
نەک بەو دزە حیزانە کە مافت دەڕفێنن

## 56

گەرچی هەروەک بێ نیشانێ ساڵەهایە لێم ونی
تۆ بەڵام ئێستا و هەمیشە تاکە یادگاری منی

خۆشەویستیت بۆتە پێتەختی دڵانی بێ وڵات
خۆشترین خەون و خەیاڵی شەوگەلی بێ ڕۆچنی

ماوەیەک وێنەی مەدالیا بووی بە مل گەردوونەوە
سەدمخابن چەرخی دەوران تۆی لە ئەستۆ دارنی

دەیهەوێ دنیا کە ناوت وەک پەڵە بسڕێتەوە
تۆ بەڵام ئەو شاخە تاقانەی لە خاکدایە بنی

پێگەکەت تا نادیارە جێگەکەت گیراوەیە
وێڵ و ئاوارە و ئەسیری دەستی پەستی دوژمنی

تۆ لەنێو گڕکانی خۆتا سەرلەنوێ دەڕوێیەوە
قەقنەسێکی ناسیاوی ژینەوەی پاش سووتنی

پێش بە تۆ ناگیرێ ڕۆژێ دێ بەڕوونی دەرکەوی
گەرچی ئێستاکە لەبن چەن چوخمە هەوری چڵکنی

تۆ مەگەر کەکرەی دەمی دنیا بە بوونت تاڵ بێ؟
یا بژار و گیاکەڵەی تا بکرێ ئاسان بیچنی

ئەو پەلەی هەرگیز بە کۆتاکردنەوە نابڕێتەوە
جوانتر و چاتر لە جاران شین دەبێ تا بیڕنی

ئەو برینەی جاربەجار و زووبەزوو دەکولێیتەوە
چون چزەی برژانەوەی جەرگێکی ئەنجنئەنجنی

قەت تەواو نابی هەتا دنیا هەبێ و ئێمە و ئەتۆ
نوێترینتر ناونیشان و شاهیدی بۆ ڕۆشنی

هێندە هەستبزوێن و هەرمانی لە من وایە کە تۆ
دەنگی شێرکۆ بێکەسی یا شێعری سادەی هێمنی

مێژوو دەخوازێ لە بیرت کا بەڵام بۆی نالوێ
چونکە تۆ بانگی مرۆڤ و جاڕی یەکسانی ژنی

**57**

چاوەڕێی زەردەخەنەی تیشکی ژیانێک کە نییە
ڕادەمێنم لە دەمی سووری بەیانێک کە نییە

چاو لە ئاسۆیەکی دووری گەلێ دڵتەنگ دەبڕم
تا ببینم سەر و سینەی سپی جوانێک کە نییە

دڵی خۆمی دەدەمێ تا بەبێ هیوا نەمرێ
ڕەنگ و بۆنی خەمی ڕێگەی دەمی ژوانێک کە نییە

سەری خۆم هەڵدەگرم هەروەکوو شێت کاتی بەیان
ڕوو لە بازاڕی بزەی گەرمی ژیانێک کە نییە

ڕادەوەستم لەسەر ئەو ڕێیە هەمیشە بەتەنێ
بەڵکوو لێی ڕابرێ جارێ دڵۆڤانێک کە نییە

وا دەزانم سەرەتای هاتنە دنیامە کەچی
دوایی هەر نایەت و نایەت بەرەژانێک کە نییە

وەکوو مێرووڵە بە قافا شەو و ڕۆژ هەڵدەگەڕێم
تا وەخۆ دێمەوە لێم کەوتووە دانێک کە نییە

بە کرێوە و ڕەشەبا کۆوە دەکەم پووش و پەڵاش
هەر لەبۆ گەرم و بەگوڕ کردنی لانێک کە نییە

زۆر کەڕەت دادەکەوێ شان و ملی پڕ شەکەتم
تاوەکوو کۆڵی گرانم دەمە شانێک کە نییە

زۆر دەڵێم هەڵببڕم دەنگم هەتا کەڕ بێ جیهان
دادەمێنم کەچی بۆ تاقەت و توانێک کە نییە

بێن بە فریامەوە تا ئەنجومەن و کۆمەڵەکان
پەڕی زۆر نامە دەنووسم بە زمانێک کە نییە

دەمەوێ ماوەیەکیش بێ غەم و ئاسوودە بژیم
وەک مرۆڤێکی حەساوە لە جیهانێک کە نییە

ئێستە مەیخوێنەوە ئەم شێعرە زەرەر لێت نەکەوێ
گیانی من دایبنێ بۆ کات و زەمانێک کە نییە

**58**

گەرچی گشت بوونی دەئێشا بە برینی نەدەزانی
ڕووحی پەڕ پەڕ دەپڕووکا بە گرینی نەدەتوانی

ژین تەڵەزمێکی دەتاشی هەموو جارێ لە وجوودی
وەکوو مردوویەکی بێ گۆڕی کەسێ لێ نەدەڕوانی

چ بکا ئەو کەسە دنیای کە دەسازێنێ بە چل ساڵ
هەر بە یەک چرکە بەڵام تێک دەچێ لێی هیم و جیهانی؟

غەمی خۆی هەر دەبوو بۆخۆی بخوا و دەم نەگەڕێنێ
ئەوە ئەو دەردە بوو ئارامی کە هەڵگرتبوو لە گیانی

ئەوە ئایندە بوو ئێستاکە لەبەر چاوی دەدزرا
نە دوێنێ کە تەواو ون ببوو لێی ناو و نیشانی

"ئەو نەمامەی کە بە خوێنی جگەری داشتبوو ئاوی"
سەد مخابن چڵی دەشکاندەوە زریانی نەزانی

هەموو عومری بەدوای نانەوە سووتاندبوو ئێستاش
دەستی هەر لێ نەدەکێشاوە گرێ باری گرانی

بۆ منداڵانی هەتاوێک کە بزەی ڕوونی سبەینێن
کێیە بیکاتە پلە و پەیژە لەمەودوا سەر و شانی؟

## 59

هەر دێم و دەچم، دێم و دەچم، بێ خەبەرم لێت
وەک بایەکی بێتاقەتی ئاوارە و سەرشێت

پرسیومە سۆراغت لە هەموو کووچەیی شاران
بێ کوشتنی هیچ چرکەیێ کەوتوومەتە شوێنپێت

وەک شاغەزەلی هەستی نەنووسراوی دڵی تەنگ
هەرگیز بە خەیاڵ و وشە نابێتەوە پڕ جێت

مەودا دەبڕم ماوە دەپێوم دەتەنم بیر
تاکوو کەمێ تۆزی دڵەکەم پێتەوە بلکێت

تۆ مامزی پێدەشت و منیش بایەکی شێتم
هەرچەندی کە هەڵدێم کەچی هەر ناگەمەوە پێت

تۆ مانگی لە ئاسمان و منیش بێچوو پڵنگێ
بێهوودە بەسەر پێستی شەوا پەنجە دەکێشێت

دووریت خەفەتە و بێخەبەری دەردی نەزانی
سەد خۆزگە بەوانەی کە بەزانستن و خۆش لێت

عومرێکە کەوا دەربەدەری شاری غەمی تۆم
تا هێندە لەدووت نەبمە کلا بمخەوە سەر رێت

بۆ بۆنی کراسی بەری تۆ چاوی سپی بوون
عومرێکە بە خۆی داوە بەڵێن ئێستەکە هەر دێت

ناشێ کە بە حاڵی دڵی دێوانە بزانی
ئەو ساعەتە ژەنگاوییە وا تێکچووە لەسوێت

تاکەی شەو و ڕۆژ هەردی خەفەتباری بپێوم
بەو ڕووحە کە دەرهاتووە بۆ بۆیەکی بەروێت

## 60

شەو بادە دەپێوم بە شەرابی دەمی تۆوە
ڕۆژ جادە نەهاتێکە بە باڵای خەمی تۆوە

دڵ ناکەمە بازاڕی بزە و ڕازی حەزی کەس
سەودا کە دەکەم پێی بە خەمی پەرچەمی تۆوە

سەر کێوی دەماوەندە هەور نزمە لەبەر پێی
لێی مەگرە بگیرێ بە تەمی ماتەمی تۆوە

گیان تینووە بۆ تامی نەچێژراوی تەمایەک
وەک ژینێ کە مژراوە بە ماچی دەمی تۆوە

ئاوارەنە هەروا لە هەرێمی لەشی مندا
دوو دەستی نەگیرساوە بە گردی مەمی تۆوە

کووچەی ئەوی دەریایە بە سەرشێتی گەڕاوم
تا ماسی سەرنجم بکەوێتە چەمی تۆوە

با تاسە لە ئامێزی ئەوینداری وەرێنین
نەک هەڵوەشێ لەشمان بەشکۆی سەردەمی تۆوە

ڕۆمانی نیگا و بەیتی بزەت هێندە بەچێژن
ڕووح و غەزەلم وێڵنە بەشوێن بەرهەمی تۆوە

ناوەستێ شەمەندەفەری ئیشقم نەکشێتە
دواوێستگەیەکی باوەشی پڕ مەحکەمی تۆوە

## 61

ئێمە چەشنی تان و پۆی تەون چنراوین پێکەوە
وەک پەڕ و بەرگی کتێبێک بەستراوین پێکەوە

ئێمە چەشنی دێڕەکانی تاکەبەیتێکی بەرز
تا هەتایە بۆ مەبەستێک نووسراوین پێکەوە

هیچ شتێک هەرگیز دەرۆست نایە کە لێکمان دابڕێ
خاڵ بە خاڵ، چرکە بە چرکە، جۆش دراوین پێکەوە

گەر جودایی بیهەوێ ساتێک خوداییمان بکا
دڵ دەنێژین و دەبێژین: ساز کراوین پێکەوە

کەی بەبێ یەک هەڵدەکەن بەفر و چیا، خاک و گیا
وەک شنە و دەریا، بەیانی و خۆرەتاوین پێکەوە

## 62

دڵم ئەوینی دەویست و دەواری پەرچەمەکەی
نە زامی سەدچڵی ژین و برینە ئەستەمەکەی

خەمی حەزێکی گەلێک ئاگراوی گرتبوومی
نە ئاوری مەینەتی عومر و بڵێسە پڕ خەمەکەی

دڵم نیگایەکی گەرم و بە میهری پێویست بوو
نە دەستی سارد و سڕی ڕۆژگار و ماتەمەکەی

وەرە و لەگەڵ گوڵی ڕووتا چرای ئەوین بێنە
نەوەک ژیان لە کزی دات و تیشکی دوو شەمەکەی

وەرە و لەگەڵ دڵی تەنگی منا شەوێک بدوێ
هەتا زەمان لە گەڕە و ماوە دەرفەت و دەمەکەی

من ئەو برینە درەنگەم کەوا زوو خۆش نابێ
من ئەو پەتایە کڵۆڵەی گرانە مەرهەمەکەی

کەسێک نەبوو کە وە خۆی بگرێ بێکەسیگەلی من
کەسێک کە هەستی هەناوم ببێتە هاودەمەکەی

چلۆن درێژە بە ژینێک بدەم بەتاڵ لە ئەوین
چلۆن ڕەدا دەبێ بێنم بە مەرگە کەمکەمەکەی؟

## 63

هەنگوینی شەمەترووکەیە شان و ملی چەرمووی
بارانی بەهارانەیە بۆی بسکی نەبەستووی

سابڵاغێ هەموو دێنێ بە ماملێوە، قەتارەی
دەنگی وەکوو غورڕەی کەوی گەرداڵ لێ نەنیشتووی

ئاوێنەیی کام ئاو دەنوێنێ دەم و چاوی؟
یان میوەیی کام مانگە، گوڵی ئاڵی سەر و ڕووی؟

شابەیتی ئەبەد، شێعری تەڕ و تازەیی لێوی
شاکاری ئەزەل، چاوی ڕەش و مەستی خەواڵووی

بارانی بزەی، پەنجەرەکەی ڕوونی خەیاڵم
خەرمانی خەمم حەسرەتی گۆی مەمکی نەمشتووی

ئاسمانی نیگام سینەیی ساماڵی کەوینی
کوێستانی حەزم بەژنی زراڤ و سپی هەڵچووی

سەد ئەرمەنی ئەستۆ دەشکێنێ کە بزانێ
ڕازی مەزنی شووشەلەشی وا نەشەگرتووی

ئەم خاڵ و خەتەی بێژی کە خۆی ڕشتبێ هێند شاز؟
یان نەقشی خوداوەندە لەجێی ڕۆحی بزربووی؟

# 64

قووڵترین زامی خەواڵووی لاپەڕەی جوغراڤیام
تاڵترین وەرزی هەموو مێژووی برینپۆشی چیام

کۆنترین زەردەشتی تینووی شاری ئاورگەی ئەوین
کەمترین پێغەمبەری پێدەشتی ڕووتی ئەشقیام

نوێترین ڕۆمانی بێ گێڕانەوەی چاخی ڕمان
کاڵترین چیرۆکی پڕ مەرگی بەهاری بێ گیام

سوورترین هەڵبەستی تاسەی باغی بێڕەنگی ژیان
سازترین ئاوازی سەرگەردانی بێ سەمفۆنیام

تاقترین میحرابی تەنیایی هەموو ئەشکەوتەکان
قاتترین ئاسوودەیی دنیا کە بۆ دەرد دووریام

ڕۆیشتن و هەرگیز نەگەیشتن بوو؛ بە کورتی، عومری من
بارتەقای مردن دەبوو کۆی ئەو نەبوونانەی ژیام

گەرچی ئاواتی درەنگیان بوو کە زوو بتوێمەوە
ڕێم بەڵام ڕوونتر دەبێ هەروەک سبەینێ دڵنیام

تاکوو دیکتاتۆری ڕووبەندت بەسەر ڕوو داکەوێ
ڕۆژی ڕزگاریم لەناو ئەم پەرچەمە دەرناکەوێ

جووتە مەمکت تا لەبن ستیانەوە سەرهەڵنەدەن
شۆڕشی ڕووناکی لەم ناوەندەدا سەرناکەوێ

سەربەخۆ نابێ دڵم تاکوو نەبێتن سەربەتۆ
سەرفرازی ئارێ ئارێ گیانفیدایی پێ دەوێ

سەنگەرێکی بەرگری تا دانەمەزرێنی بە ماچ
پۆلە پێشمەرگەی هەناسەم چۆن پەنا بگرن لەوێ؟

دەربخە خاڵی خەیاڵشێوێنی سەر سەفحەی ڕوخت
ڕۆحی بێحاڵم لە جەغزی ماتی تاکەی وەرکەوێ؟

تاوەکوو نەیڵێمەوە سەربەست سروودی قامەتت
هیچ شەقامێکی لەشم قەد قامی خۆشی ناژنەوێ

سەددی خەندەت بەردەوە پاک بیپەڕێنە لەمپەران
تا ستێرەی بەختی شەوگاری ڕەشم لێی ڕاکەوێ

سوێند بە جادووی زۆر ڕێئالیستی دوو چاوت نازەنین
داستانی ڕاستەقینەی ئێمە نامرێ و نارەوێ

ڕۆژی ڕزگاری لە ئاسۆوە چلۆن دەردەکەوێ
بێت و دیکتاتۆری ڕووبەندی لە ڕوو دانەکەوێ

تا لە ستیانەوە سەر هەڵنەدەن ئەو جووتە مەمەی
شۆڕشی گەرمی خەیاڵ ئەستەمە سا سەربکەوێ

سەربەخۆ نابێ دڵێک تاکوو نەبێ سەر بە ئەتۆ
بەڵێ سەربەرزی بە گیانبازییەوە دەردەکەوێ

سەنگەری بەرگری تا هەڵنەکەنێ لێوی بە ماچ
پۆلە پێشمەرگی پشووم کێوە بچن کاتی شەوێ

دەرنەخا خاڵی خەیاڵپەروەری سەفحەی ڕوخی خۆی
ڕۆحی بێحاڵە لەنێو جەغزی بەتاڵ وەردەکەوێ

تا نەهێڵێ کە سروودی قەدی بخوێنمەوە بەرز
هیچ شەقامێکی لەشم قامی ژیان ناژنەوێ

سەددی خەندەی نەشکێنێ و نەڕمێن لەمپەرەکان
کوا ستێرەی گەشی شەوگاری ڕەشم ڕادەکەوێ

سوێند بە جادووی ڕێئالیستی دوو چاوی ڕەشی ئەو
داستانی مە نە دەمرێت و نە هەرگیز دەڕەوێ!

چۆن بە یەک ناگەینەوە من خۆرنشین و تۆ خەیاڵ؟
بۆ لە یەک دوور بینەوە تۆ بادە من شووشەی بەتاڵ؟

هەر بە دەستی میهری تۆیە پێدەگا میوەی دڵم
تۆ هەتاوی ڕوون و ئاڵ و من هەڕاڵی* زەرد و کاڵ

هەر دەبێ ڕۆژێ لە ڕووحی یەکترا بتوێینەوە
تۆ کوڵۆ شەکری سپی و من چایەکی پڕڕەنگ و تاڵ

ناکرێ لێک دابڕێن بین و پشوو، خوێن و دەمار
هەر دەشێ پێک ئاشنا بن، سۆز و دڵ، بەفر و شەماڵ

پێک دەگەین و پێک دەهێنین پەلکەزێڕینەی ئەوین
تۆ بە خەونی خۆش و شیرین، من بە ئەسرینێکی ئاڵ

چاری ناچارە دەبێ بێیت و بەسەرما ڕابری
تۆ تەمەنمی و من بەوێنەی ڕۆژژمێری مانگ و ساڵ

ئاو بەناو بەستێنی خۆیدا ڕێ نەکا ناگاتە جێ
باوەشی واڵای منیش بێ بوونی تۆ وشکە و کراڵ

پێکەوە کامڵ دەبین وەک ڕۆژ و شەو، سارد و گەرم
هەر لە ڕۆحی شاعیرێکیشدا دەژی خەونی مەحاڵ

پێل و دەریا کوا بەبێ یەک هەڵدەکەن هەرگیز دەمێک
تێکەڵاوی یەک دەبین ئێمەش وەکوو ئاسمان و باڵ

* هەڕاڵ: گوڵووک، شکۆفە

وێنەیێکی دەگمەنی ناتگرنە خۆ چوارچێوەکان
شێوەیێکی سەر دەشێوێنێ لە گشتی شێوەکان

تا لە سەردەشتی خەیاڵ و تاڵەبانی بیرمی
پێدەگەن زووتر لە زوو هەرمێ و هەنار و سێوەکان

هەرچی ئاوەڵ/ناو و کرداره دەخوازن پێت بگەن
گوێ دەدێرن نێوی خۆشت تا ببیستن نێوەکان

بەیتی ماچی چاوی تۆ کەوتۆتە سەر زاری غەزەل
بۆیە تینیان تێ گەڕاوە و جووت بوون وا لێوەکان

نەونەمامی بەژن و باڵات هێندە تەرز و ناسکە
تێک دەهاڵێ تەرز و توولی دەست و پەلیان مێوەکان

نێرگزی چاوت هەتا کەوتۆتە بنکی بیرەوە
وێڵی خۆناسینی خۆیان بوون تەواوی خێوەکان

ڕەوت و لەنجەی ڕێکی سەرپەنجەی ئەتۆیان دی لە دەشت
هەوڵیانە داگەڕێن و ڕاخرێن پاک کێوەکان

جێژوانێکی ئەویندارانە تاکوو چێ بکەن
هەر بە شەڕ دێن پێکەوە پاکی پەنا و پەستێوەکان

ئاشقی تۆ بوون ئەوانیش ڕۆژ و شەو دەگرین بە دڵ
میری بەحر و بەڕ، لە دیرۆک و شکێرپش دێوەکان

تۆ وەرە و جارێک بە کووچەی بیری مندا ڕابرە
تا بزانی چی دەکەن بۆت پیتە پەلنەبزێوەکان

ئەوەی بێتاقەتیی ئاسمان و دەریا و شاخ و بارانە
هەموو گۆشەی دڵی منیان بەجارێ کردە هێلانە

لە کونجی ڕۆحی مات و تەنگ و تاریکم خزین تێکڕا
ئەوەی تینوێتی چۆڵگە و دەشت و بێروون و بیابانە

ئەوەی دڵتەنگی ئێوارە و ئەویندار و کچ و کۆچە
لە سووچی ناخی چۆڵی من هەمووی ئەمشۆکە میوانە

سەراپا هەست و نەستی شێعریان داگرتووم ئێستا
ئەوەی واژەی سڕ و سارد و تەزیو و وشک و بێ گیانە

ئەگەر بێدەنگە بەرد و دار و دیواری غەریبیش سارد
لە بێمەیلی دەروونی کەیل و مەنگم ڕایە بیزانە

ڕنووی کام وەرزی بێڕەحمە بەسەر بوونما هەرەس دێنێ
تەزووی کام زەردەپاییزە وەها سەرگەرمی کێشانە؟

لە چوار لاوە بەری لێ گرتووم دیواری تەنیایی
کوتومت هەر دەڵێی ڕۆح و دڵی من خاکی کوردانە

# 70

شووشەکەی ئاڵی لەشت بوو تۆبەکانی پێ شکاندم
بادەکەی ناوی گەشت بوو ئاوی پاکی پێ ڕژاندم

هەر بە زایێڵەی هزر هاوکێشەکانم هەڵدەهێنا
ئیشقی پڕکێشەت شەوێکی شاعیری لێ دەرچواندم

من کە وەرگێڕی غەمی خاک و خەڵک بووم دێرزەمانێک
تۆ تەماشا دەنگی نەرمت چۆن وتاری پێ ڕەواندم

بێ مەبەست مابوومەوە وەک میوەیێکی پێنەگەیشتوو
خەونی کاڵی خۆشەویستی بوو بە دەستی تۆی گەیاندم

وەمدەزانی نیونیگای تۆ جوانترین دیاردەی ژیانە
ماچی لێوت تا لە چاونووقانێ گیانی لێ ڕفاندم

ئاسمان ئەستێرەبارانی هەبوو نیوەشەوێک و
چاوی شەوگارت بەسەردا تیشکی خۆشی لێ پڕاندم

# 71

دەرفەتێکی دیکەمان بۆ خۆشەویستی نادەنێ
کێلەبەردی هیچ مەزارێک پڕ بەدڵ پێناکەنێ

یەک کەڕەت مافت هەیە سەرخۆش بی و ئاشق بژی
ئاقڵێک هەرگیز دەسەنقەست گۆڕی خۆی هەڵناکەنێ

حەیفە بێ کاوی دڵی خۆت لەم مەیلخانە بڕۆی
قەت لە هیچ کوێ جارەکی تر ماوەی ئاوات نادەنێ

ئەو کەسەی گوێی خۆی لە گابۆڕی خەفەتدا لێ خەواند
لێی گەڕێ کەڕ بێ بە تۆپیش ئەو لە خەو ڕاناچەنێ

"بەرگی دنیا هێندە کورت و کۆنە و بازاڕییە"*
پڕ عەجەب ماوم مرۆ بۆ وەندە خۆی پێ ڕادەنێ؟

دەم لەسەر دەم نانە ئەم ژینە دەمێک بێنە دەمت
ئەم هەموو دەرد و غەمە خۆ دەمدەمانێک نایەنێ

کورتەساتێکە تەمەن بێ سووڕ و ئاوڕدانەوە
هەر بینا قۆڵبڕ حەیاتی شڕ لەبەرمان داکەنێ

گەرکوو پڕ میوەی ئەوینی تۆ بێ باغی باوەشم
دەستی زەردی ئێرەییم هەرگیز بە باڵا ناگەنێ

نەرم و گەرم و ئاڵوواڵا و زەرد و کاڵ و کەسک و سوور
دڵنیا نیم جارەکی تر هەر هەمووم وێکڕا دەنێ

وەک پەپوولە و پەلکەڕەنگینە تەماشای ژین نەکەین
هیچ خودایەک تەونی مێشک و بیرمان جوان ناتەنێ

هەرچی جوانی بێ بەدڵ خۆشم دەوێ چون تازە خۆ
دەرفەتێکی دیکەمان بۆ خۆشەویستی نادەنێ

* نالی

شەوگاری بارانیی خەیاڵ و ژینمە چاوی ڕەشی
دەیخواتەوە خوێناوی گیان و دڵ بە لێوانی گەشی

گەر سێوی مانگ و شووشە هەوری گڕ لە دونیادا هەبا
دەمگوت بڵێی بگرێتەوە ئەو پەسنە کوڵمەی لالەشی؟

تۆمەز کە سەدساڵە لە مەیخانەی خودادا خۆش بووە
جارێک ئەگەر بسکی شەڕابیی فڕ بکا شووشەی لەشی

ڕوونە هەسێڵی چارەنووس و جوانە ئاوێنەی سەرنج
تاکوو مەلەی تێدا دەکەن شاماسی دەریای باوەشی

پڕ پڕ لە پەخشانی تەڕی شان و شکۆن، پرچی پەشێو
سینگی نەنووسراوی دەکا شێعری سپی زۆر سادە شی

ئاهەنگی گەرمی هەر بەلارم دێ وەبیر تا ڕادەژێن
بەو لارەلارە جووتە مەمکی گوڵهەناری مەیوەشی

گەردی دڵم هەروا بەگرد ئەو گەردنی مینایەوە
وەک نەقشەکەی پیرۆز و شینی خاڵەکەی شیرینمەشی

باران شەپۆلی لەنجەکەی تا دیوە سەرمەست کەوتووە
دەریا شەرابی عیشوەکەی نۆشیوە تینوە بۆ بەشی

گەر ئابڕوویەک بۆ جیهان مابێ لەبەر بوونی ئەوە
نازانی ڕووحیشی وەکوو جەستەی چ نازاوە کەشی

ئاسۆی تەمەنم لێڵە گوڵم خۆش مەکە دڵ پێی
وەرزی بزەکەم کورتە مەچێنە ڕەزی حەز لێی

من شاعیرەکەی شەوگەڕی سەرشێت و شەوارەم
مەسپێرە کلیلی دڵی ئاوارەت ئەبەد پێی

من گۆڕی لەمێژینەیی ئاوات و ئومێدم
دڵداری بە خوێن و بە پشووی تازەیە حەوجێی

من جادەیەکی پڕ لە نەهات و نەگەیشتن
پێگەیشتووەباغێکی وەبەر هەر دڵێ تۆ دێی

من دەربەدەرێک، نایەتەوە قەت لە غەریبی

تۆ تاقە گوڵێکی کە لە هەر باغێ دەکاڵێی

زستانی زەمەن ختی لە گۆ دەست و دڵی من

کوا دەینێ بە باوەشمەوە ئیشق کۆرپەیەکی نوێی؟

ئارامی دەروونی هەموو هەڵگرتووە دەوران

نادۆزیەوە سووچێکی نەگیراو لە هەزار توێی

ئەو ساعەتە گورجەی کە زەمانێ حەزی پێوا
وەستاوە ئەمێستاکە بە کاتی وەڕەزی و سوێی

سەرماوەزی تین داوە لە ڕۆحم تەزی تەقویم
کوا ڕۆژێ کە هەڵبێتەوە تاوی گەشی سەرسوێی

هەرچی پەڕی گیانە بە قەتاری غەمی ژین چوو
خۆڕایی لە ئەم وێستگە بەتاڵە چەمەڕای کێی؟

ئەو پەنجەرەیەی ڕوو بە هەراویی دەکراوە
دیواری خەفەت، تەنگەبەری کردووە جێ و ڕێی

ئەو سێرە پڕی کردبوو ئاسمان لە جریوە
ناو تووڵەزی بێدەنگییە ئێستاکە مەکۆ و جێی

نا لێرە بڕۆ ئێرە نە هێلانەی ئەوینە
ترسم لەوەیە تۆش بە خەم و دەردەوە ڕابێی

نا لێرە بڕۆ ئێرە هەواری غەم و دەردە
هاکا کە بگیرێ دڵ و داوێنی ئەتۆش تێی

وریا بە بەسەر داوی بەڵادا نەکەوی قەت
حاشا بکە لەو ڕێیە کە پڕ مەرگە، نەکا بێی!

تۆ پەرچەمی ڕەنگینی ئەوین و گوڵی ژینی
وا باشە هەمیشە بە هەوای تازەوە بشنێی

حەیفت نەبێ وەک سوورە هەناری بەری باغان
بێ ناز و بە دەستی سڕی پاییزی بپرووێی؟

پێت دەبێژن کیژەکوردی شۆخ و شەنگی دڵرفێن،
وەک ئەتۆم ئێستا نەدیوە نازەنین و دڵستێن

شۆخی تورک و فارس و عارەب گەرچی نازدارن بەڵام
جوانتری سەدجار لەفز شیرینەکەی کوردی دوێن

فێری چارشێوگرتنە لێوانی لار و تەنکی وان
لێوەکانی تۆ بەڵام جەرگئەنجنن، تینوو بە خوێن

تۆ بە سازگاری هەوای کوێستانی کورد پەروەردە بووی
ئەو بە تۆز و گەردی دەشتی شۆرەکات و کەرقرێن

چاوی ڕەنگین و ڕەشی وان سارد و بێرووحە و بەتاڵ
چاوگەلی تۆ، گەرم و بارانی و بەتاون، شەو تەرێن

گەر سەمایان دڵ دەلەرزێنێت و ئەژنۆ شل دەکا
لار و لەنجەی کاتی هەڵپەرکێی ئەتۆیە ڕۆح ڕمێن

هەر بە بووتاکس و پرۆتێز جوانیان ئەستاندووە
تۆ سروشتی، شۆخ و شەنگی و ئاڵوواڵا و خەمرەوێن

گەر دەماری وان لە فیز و خۆگریی خاڵی پڕە
خوێنی تۆ ڕەنگی گوڵاڵەی شارەزوورە و بیتوێن

کاولی دەستی نەبوونت و کوشتەکەی ئەو ناوەتم
من شەهیدی بێ سەر و شوێنی خەمی نەبڕاوەتم

ئاسمان ئاراستەکەی هەر ئاسمانی خاڵییە و
من درێژەی غوربەتی تاریکی ئەو دوو چاوەتم

پشتی دەریا، شاری دەریایە و ئەویش هەر خەونی شین
ساڵەهاشە من شەوارەی ئەو دڵە شینباوەتم

زەرد ئەگەر پشکی خەیاڵاتی هەمیشەی پاییزە
پاشی کۆچت من شەو و ڕۆژ ژیلەمۆی گیرساوەتم

تاڵ ئەگەر تامی بەرین و کۆنی هەرچی سەردەمە
من گرێدراوی لەمێژی ئەو بەنە بادراوەتم

مەرگ ئەگەر نازناوی تازەی کۆچوبار و دوورییە
من هەمیشە تەرمی نوێی ئەم گۆڕە هەڵکەنراوەتم

دەرد لەدوای دەرد دێت و دڵتەنگی بەدووی دڵتەنگیدا
لێرە ئەمنیش ساڵەهایە پێوەبووی ئەو داوەتم

خاک و خۆڵی غوربەتم هێندە بەسەردا کردووە
ئاسەواری گلدراوی گەنجینەی شاراوەتم

سەردەمێکە هەر لە مەیخانەی خەیاڵتدا دەژیم
شووشەبادەی فڕکراوی سووچەکەی ڕازاوەتم

ساڵەهایە ڕۆحی خۆمم هەر لەلات جێ هێشتووە
ئێستە چوارچێوەی سڕ و بێ گیانی هەڵواسراوەتم

دەمبەدەم لێرە لەناو خۆما بەدەست دووریت تەقیم
وەک قەیاغی فیشەکێک لەم بەردەر و ئەو ناوەتم

هەڵدەسووڕێم هەر لەگەڵ ئاواڵەبوون و بەستنت
دەرکی جوانی ماڵی بوون تۆی و منیش لاولاوەتم

هەر هەواڵێکی لەمەڕ تۆیە هەوێنی مانەوەم
دواقومی پێش ئاخرین دیداری چاوی قاوەتم

دوور لە تۆ کەوتوومە پشت پێڵووی نەهات و مەرگەوە
ساڵەهایە چاوەڕێی ئەو پەنجەرە بەسراوەتم

ئێستەکانە هەر لە وێرانەی بەتاڵی شەڕ دەچم
وەک گەرای مردووی گەناوی زەرد و پیسی شاوەتم

وەک کتێبێکی نەخوێنراوە، هەموومان ناتەواوین
وەک برینێکی سەرئاواڵە، لە خۆماندا کەلاوین

نەیدەهێشت دیواری کینە قەت بە جوانی یەک ببینین
وەک دەلاقەی داخراو و پەردەکێشراو کپ کراوین

پێکەوە کۆبووینەوە تاکوو ئیتر تەنیا نەمێنین
ئێستە کۆمەڵ/گایەکی یەک یەک لە تەنیایی خزاوین

ئێمە ئەو وێرانەیەین پێی وایە بێحەد ئاوەدانە
دورگە تەنیاکانی ناو دەریایەکی خنکاو بە ئاوین

یەک کەرەت بەربووینەوە و سەد خوڵ درا پێمان، چ باسە؟
هەڵدراوی سەر هەرێمێک و هەزار جار دەرکراوین!

ئیشقی ڕوونی پێ دەوێتن پێکەنینی ڕاستەقینە
ئێمە ئەو تاریکە بیرانەین بە غەم هەڵچندراوین

بێ زمانی ئاو و ئاوێنە گەڵای زەرد و نەناسراو
بێ بزەی باران و دەریا ویشکەسوێی تین لێ بڕاوین

بێ وتووێژ چەشنی ماسی گێژی ناو گۆمێکی مەنگ و
گەر نەبەخشین و نەلەخشین کۆنەگۆڕی نێژراوین

گەر گەرەکتە: ڕووگەیە ژوانگەی ئەوین و خۆشەویستی
وەک هەتاو و پەنجەرە تاکوو نەبین کەی تێکەڵاوین؟

ئەوان کێماهی میهر و میهرەبانین
ئەوان دووماهی ئاو و ئاوەدانین

لە خوێنیاندا کوڵوکۆی ئیشق حەرامە
ئەوەندە دژ بە کاو و کامەرانین

سەهۆڵ گەرمە لەچاو دەست و نیگایان
گڕیش ساردە ئەوەند توند و شەڕانین

هەتا خوا حەز بکا بێرەحم و دڵبەرد
هولاکۆ و هیتلەریش هێند بێ ڕەزا نین

ئەگەر کینە وڵاتی بێ؛ دڵی وان
ئەگەر شەڕ خێوی بێ؛ بێشک خودانین

کونی دەمیان دەرووی دووپشک و مارە
بە مێشک و هەست دەڵێی شێت و ڕەوانین

سەر و دڵ داگرن کاتێک دەفکرن
دڵ و حاڵ تێکدەرن گشتیان بە ڕوانین

پەشیمانە خوداش لەو خیلقەتەی خۆی
ئەوەندەش شیبر و شەیتان خۆ خرا نین

لە دڵیان ناپژێ قەت تیشکی ئیشق و
لەبۆ ڕێی مێهرەبانی قەت چرا نین

یەکەم خشتی وجوودیان پووچە چونکە
لەگەڵ پرژەی ئەویندا ئاشنا نین

ئەگەر سەد جار (ئەرێنی)یان لێ بپرسی
هەموو جارێ بەقینتر (لەن تەرانی)ن

هەواڵی من لە ڕۆژنامەی غەمی لاودا وەخوێنە
وتاری شەو لە گۆڤاری دڵ و ناودا وەخوێنە

سۆراغی من لە کۆڵان و شەقامی شێعر مەپرسە
سەر و شوێنم لە چیرۆکی نەنووسراودا وەخوێنە

نیشانەی ژینی من نین بەرزەقاقا و کەیف و خۆشی
بەسەرهاتم لە چارەی گرژ و گەچڵاودا وەخوێنە

ئەگەر ویستت بە حاڵی تاڵ و تووشی من بزانی
وەڵامی خۆت لە ڕۆحی مات و بەتڵاودا وەخوێنە

بە غوربەت دەتهەوێ تاکوو بەچاکی ئاشنا بی
هەوای مردن لە بێروونێکی نەبڕاودا وەخوێنە

من ئەو ماڵەم دەلاقە و دەرکی پاکی داخراوە
غەمی دونیای لە دیواری نەگۆڕاودا وەخوێنە

وەکوو ئەو ماڵپەڕەی بەربەست کرابێ ناونیشانی
بەتاڵیم هەر لە سەفحەی ساردی بەسراودا وەخوێنە

من ئەو وێرانەیەم ئێستەش بە یادت ئاوەدانە
سەمای مەرگم لە فرمێسکی نەڕەخساودا وەخوێنە

وەک کەلێنێک کەوتبوومە کۆمەڵ و کولتوورەوە
دوور لە خەڵک و خاک، کەساسێک بووم بەدەست مەجبوورەوە

دابڕابووم وەک وشەی جێماوی ناو هەنبانەیەک
ناتەواویم خستە ڕستە بەو دەم و دەستوورەوە

تاکەپیتێکی بەتەنیا بووم کە نەژیا سەربەخۆ
بێخەیاڵی واتەیان بوون زۆر وشەی لێم دوورەوە

ڕیزەخاڵێک بووم هەمیشە پێم دەچنرا ڕستەکان
بێ ئەوەی کەس چاوەڕێم بێ و پێم بڵێ: ڕابوورەوە

ئەو دەقانەی گەورە بوون و پێگەیشتن بێ ئەمن
دێتەوە بیریان غەمم خواردن بە ئەسری سوورەوە
من بەجێمابووم لە گەل چەشنی مەلێکی لانەواز
وەک ڕەگێکی بێ پەنا وێڵ بووم بەدەس بای زوورەوە

حەسرەتێکم ماوە ئێستاکەش لە دڵدا خاکی پاک
بێمە بەر دەرگای ئەتۆ و فەرمووم بکەی بۆ ژوورەوە

تاران و ترافیک و تەمی تۆڵخی ئەوینێک
هەر دووکەڵی دەرد و تەشەنای کۆنەبرینێک

ویشکانی سەدان بیر بوو بە ئاڵۆزی لە مێشکا و
پرژانی هەزار هەست بوو بە  ئیبۆبرۆفینێک

غوربەت، من و تاریکیی و تەنیایی و دووری
جاددە، من و بێدەنگیی و بێزاریی و قینێک

ئێوارەیەکی وێڵ بوو کە ئاوا نەدەبوو دڵ
تارمایی ڕەشی دیلێ کە بەسرابوو بە ژینێک

سەد ڕووحی دەدا ترس و دڵەڕاوکە وەبەر خۆی
سەد گیانی دەتاساندەوە خێرایی ڕەوینێک

ڕێگایەکی نەبڕاوە بوو بارانی غەمی تۆ
وێڕای وەڕەزی و بێخەبەری و ڕێژنە گرینێک!

زۆر کەوتە شەوارە و گەلێ جارم لێ بزر بوو
بەو تیشکی گڵۆپی زەر و سوورە دڵ و دینێک

پاڵپشتی ئەمن، بیرەوەری و ڕۆندکی یادت
فەرمانی وجوودم بەدەسی جوانە ئەوینێک

هەر هۆڕن و وەستابوو تەمەن دوور لە بکێشیت
نەمزانی کە کەی سەوز بوو چرای زەردی وەرینێک

ئەی وەڵامی هەر هەموو هاوکێشەکانم بێرەوە
خۆت بەدەستی مێهرەبانانەی غەزەل بسپێرەوە

تاهەتا مانگەشەوی بەرپەنجەرەی چاوت دەبم
پەنجەی ئاماژەت بەرەو ئاسمانی ئەشق ڕادێرەوە

ئەی بزەی کاڵ و وشکبووی ڕۆژگاری بێ پەنا
هەڵفڕە سەر لێوی ئێستا و بمدوێنە لێرەوە

تێک بدە چوارچێوەکان دواوێنەکەی گیراوی من
سەرلەنوێ ڕوخساری مانگت مەگرە نێو ئەستێرەوە

زوو دەهاتی خۆزگە ئەی ساتی درەوشاوەی بزێو
بەر لەوەی ئەم هەمگە ساڵەم لێ بکەونە دێرەوە

هەر درەنگیمان من و تۆ پێ براڵەم ژینەدا
قەت نەکەوتینە مەداری بوون بە خۆشی و خێرەوە

تۆ بەجێمابووی لەپشت هیچێکی زۆر گەورە و گران
من بەبێ هۆ کەوتبوومە ناو تراوکەی ئێرەوە

ئەی منی عەوداڵی خۆم وەیلانی بێتۆییم مەکە
مەمخەرە دەشتی فەرامۆشی بە دیدەی کوێرەوە

ڕوو لە ئاوایی دەروونم کە و بەرەو من داگەڕێ
شاری نامۆیی بەجێ بێڵە بە سەد چاودێرەوە

ساڵەها مەودایەکی دوور باڵی ئێمەی بەستبوو
هەڵفڕێ باڵندەیەک ئێستا لەپشت پەنجێرەوە!

بوویتە داخ و چوویتە ناو ناخی بەبێ ئاگامەوە
بۆیە ڕۆژ و شەو بە خەونی تۆوە هەر دەتلامەوە

توند دەرۆیشتی و زوو لە پێچی کووچەکاندا ون دەبووی
تێر دەگریام و بەدووتا تک تکە دەتوامەوە

دەرک و بانی ئاوەڵا بوو شار کەسی تێدا نەبوو
ماڵ بە ماڵ و دیو بە دیوی چووم و هەر بوورامەوە

کەوتبوومە لێڕەوارێکی چغورد و سامناک
هەڵدەهاتمە لای ئەتۆ و تارمایی بوو بەدوامەوە

پڕ بە دۆڵ و دەشت و ئەشکەوت بانگەوازی تۆم دەکرد
کێوبەکێو تۆتۆی دەروونم بوو وەڵامی دامەوە

چوار ڕەخی لێ گرتبووم دەریایەکی دژوێنی شین
لۆتکەیەک بووم من بەدەم پێلێکی نائارامەوە

لێڵ ببوون ئاوێنەکان و نەمدەدیت ڕوخساری خۆم
دەستی تۆ تاوتاو لەسەر یەک پەردە دەیکێشامەوە

من بەجێمابووم لە چۆڵێکی بەرین و بەربڵاو
هەر لەدەوری پەیکەرەی سارد و سڕت دەخولامەوە

جۆگەلەی خوێنم بە بەر دەمدا دەڕۆیی و هەڵدەچوو
بەرزەقاقات تۆ دەکێشا و ڕەد دەبووی لەو لامەوە

بای دەهات و بەرگەکانی ڕادەماڵی بێ پەسا
ساردی زریان وەک تەزوویەک تۆی وەبیر دێنامەوە

کەوتبوومە ناو شەڕێک و نەمدەناسی هیچکەسێک
هەڵدەهاتم هەڵدەکەوتم سوار دەبووم دەگلامەوە

ڕۆی قیامەت بوو دەمردن یەک یەک و دوودوو خەڵک
دەنگی تۆم هەروا لە گوێدا بوو کەوا ڕاسامەوە

ناوی تۆم دێنا و بەدواتا ڕامدەکرد لێرە و لەوێ
ئەم خەیاڵ و خەونە بوو ئاخر سەری پێ نامەوە

من لێرەم و ئێستاکە لەوێ مەستی پیاسەم
دەربەستی هەوای ئێرە نییە ئێستە هەناسەم
من لێرەم و ئێستاکە لەوێیە گڵ و دەوری
ڕۆحی چەمەڕای تامەزرۆ و گیانی بەتاسەم؛

ئێوارەیە میوانمە خولیایەکی خۆش و
ئاشنایە بە ئەم بێنە دڵەی پڕ کوڵ و جۆش و

دەرژێ لە سەرم بادەی ئەوینێکی هەتایی و
دەبڕێ بە بەرم شێعر و خەیاڵێکی خودایی و

ئاسوودەیە هەستم بە هەوای ڕۆشنی شار و
ئالوودەیە نەستم بە نەوای هێمنی شار و

ئەم ماڵە چها سۆزی بەجێهێشتوە لە من دا و
ئەم ماڵە چها بیرەوەری ناشتوە لە مندا و

دڵتەنگی دەمەو عەسری ئەوێ چەندە جوانە
ئارامییەکی چەندە پڕاوپڕ لە ژیانە

هەر ماوە لەوێ لەتلەتی جەرگی بە هوناوم
هەر ماوە لەوێ دوابزەکەی گیان و هەناوم
گەرچی کە بەجێم هێشتووە گوڵباخی برینم
ئەمما لەوێ هەر زیندووە ڕیشە و ڕەگی ناوم

من لێرەم و گشت پاژی دڵم ئێستە لەوێیە
هەر پارچەیەکی لەش پەلی یادێکی ئەوێیە
من لێرەم و ئێستا لەوێ وەل تۆ دەگەڕێم هەر
ڕۆژێک بەبێ تۆ ڕابرێ پاوانی شەوێیە

من لێرەم و کۆرپەی حەزم ئێستاکە لەلاتە
کۆڵانی سەرم پڕ لە شنەی دەنگ و هەراتە

هەر هەورێ کە دەیبینی بەسەر سەرتەوە دەڕوا
پارچەی دڵی پەرپەرمە وەها سەر بە هەواتە

من لێرەم و ئێستا لەوێ سەرگەرمی پیاسەم
هەر بۆنی ئەتۆی لێوە دێ؛ ئەو تاقە کراسەم
ئەم خەونەیە خەرمانە لەبۆ شێعری هەبوونم
ئەم هەستەیە پێم بەستووە پشت بۆتە پێناسەم

دڵتەنگیی ئێوارە لەوێ ماوەیە، دەرفەت
لێرانە برینێکە کە نابێتەوە خۆش، قەت
ئێرە و ئەوێ یەک نین شەو و ئاسمان و خودایان
جیاوازن و لێک نایەنەوە قەت: من و غوربەت!

ماوەیەک خاڵی گرنگ و ڕۆشنی ئەو نێوە بووم
ماوەیێکیش ئاشنای خاڵ و خەتی ئەو شێوە بووم

جاربەجارێک زایەڵەی دەنگێکی دوور و نادیار
تاونەتاوێکیش گزنگی گەرمی یادی ئێوە بووم

سەردەمایەک بایەکی وێڵ لەم هەوێڵی کۆچەدا و
دەمدەمایەک بێ پەنا، بێ داو و دانە پێوە بووم

ماوەیەک باران و بەفرم هات بەسەردا بێ پەسا
ماوەیێکیش بادەوەی ئەو چۆڵ و دەشت و کێوە بووم

هەڵوەدای زۆر بێ هەدا و ئارامی چۆڵی نان و ئاو
بێنەوای بەردەست و سادەی ئەم دڵە کاڵێوە بووم:

ئێستەش هەر تاسە و تەمای ئەو تاوەمە
ئێستەش هەر خولیا و خەمی ئەو ناوەمە
ئێستەش هەر مەیل و مەراقی ئیشقی تۆ
ئێستەش هەر مەستی هەوای ئەو چاوەمە

داخەکەم خۆشی نەدیو لێی دەرکرام
هەرچی دەرد و داخە پێی سووتێنرام
سەد جەخارە بۆو خەسارەی پێم گەیی
بۆو هەوارە خاڵییەی تێیدا مرام

داخەکەم هەر ماوەیەک هاتم هەبووم گیرسامەوە
داخەکەم هەر ماوەیەک لەم ناوەدا من مامەوە
سەدخەسار بۆ ئەو دەمانەی هاودەمی لێوێک نەبوون
سەدحەیف بۆ ئەو زەمانەی پڕ هەوای سێوێک نەبوون

سەد خەمی دوور بوو سەری لێ دام بەبێ دیداری تۆ
هەر تەمی ڕووت بوو کە دەوری دام بەبێ ڕوخساری تۆ

ماوەیەک کەوتم لە کونجی بێکەسی و ڕەنجا غەریب
ماوەیێکیش ئاشنای ئەو گۆشە دڵئەنگێوە بووم

ساتەوەختێک وەک کڵۆڵێک دەربەدەر بەدواتەوە
چرکەساتێک بینەری ئەم دیمەنە نەبزێوە بووم

جاربەجارێک کەوتمە بەر هێرشی تیشکی نیگات
تاونەتاوێک شاردراوی ئەم ڕەشە چارشێوە بووم

تاوێ پیتی پەرت و تەنیای سەر/دەمی خوێنینی تۆ
ساتێ نەسرەوتووی خەیاڵی خاڵەکەی ئەو لێوە بووم

سەد کەڕەت سەوداسەری بسکی درێژ و پڕ لە خەم
سەد چەلیش شێتی لەرەی ئەو جووتەمەمکە سێوە بووم

نەک هەمیشە و ماوەیەک ئەی داخەکەم بەم دارەوە
تاکوو ئاخرسەر وەکوو تاقەتبڕاوێک لێ/وە بووم

مەپرسە چەند لەناو مێژووی لەبیرچووندا ژیاوم
لەناو جوغراڤیای دەرد و غەما چۆن نێژراوم

وەکوو ماسیلەکانی گۆم و حەوزی قەوزەگرتوو
لە زەلکاوی نەزانیدا چلۆنە هەڵخولاوم؟

کەو و کەوبارێ کام کوێستانی تەنیا بووم مەگەر من
بەدەستی کامە ناپاکی کەوی و یەخسیر کراوم

مەلی بێمەیلی کێها ئاسمانی مات و دیل بووم
ڕکەی بێزاری کەنگێ بوو بە لان و کۆنەداوم

بەوێنەی دووکەڵێکی نادیار و پەرت و خێرا
لە تابلۆی کام نیگارکێشی نەیاردا کێشراوم؟

وەیا نۆتێکی بێدەنگ بووم لەسەر زاری چ سازێک؟
بە سینگی ژەنگنی کام هۆدەدا هەڵواسراوم

مەپرسە ساڵەهای ساڵ بۆ وەکوو ڕووت و ڕەجاڵێک
بەشوێن ناو و نیشانێکی بزربوودا گەڕاوم

دەزانم خۆ بەدوای خەون و خەیاڵێکی بەتاڵدا
لە ژینی ڕاستەقینەی خۆم و خەڵکی خافڵاوم

ئەگەر تەنیا هەڵەی ئیبنی هەڵەی ئیبنی هەڵەم من
بە تان و پۆی خەتا و تاوان مەڵێ بۆ تێکەڵاوم

کە پیری کۆنەبازاڕی سیاسەت بم مەپرسە
بەهۆی ڕاست و چەپی دەستی چەپ و ڕاست بۆچ چەماوم

لە غوربەت ئاشنای کێ بووی بەجێت هێشت نیشتمانت؟
مەپرسە قەت، نەزانی تا بە کام حەسرەت چزاوم

مەڵێ ناچاری چی بووی تۆ؟ ئەوەند ئازاد و ئازا!
ئەگەر دەیزانی ... ئاسۆلێبڕاوی کام هەتاوم!

قەتمناپرسی لێ بۆ چی؟ چلۆن و چەند؟ لەبەرچی؟
ئەوەندە ئاشکرایە چارەنووسی شێویاوم

وەبیر هیچ ڕۆژگارێکم ئەمان هەرگیز نەهێنی
کە بەجوانی لە ئاوێنەی زەماندا چۆن شکاوم

فەرامۆشی بکە مێژووی سەراسەر تاڵ و تووشم
لەسەر ئەم نارەسەن ئەسپە مەپرسە چەند گلاوم

بە تامەزرۆی تەڕ و بێ چەتری بارانم مەزانە
کە تینووی تاسەنەشکاو و تەزیوی تۆزێ ئاوم

بە سەرخۆشی شەرابی شەوقی ئیشقی نوێم مەبینە
کە سەرشێتی غەمی کۆنەی ئەوینێکی نەماوم

بە بەیتێکی تەڕ و خۆشم ئەگەر لێ خۆش دەبی تۆ
مەپرسە بۆ لەنێو باغی غەزەلدا داوەراوم

ئەلفوبێی ئیشقی ئەتۆم ئێستە تەواوی لەبەرە
بێ بەپێی هاتووە دڵ بۆیە وەها دەربەدەرە

تاووتێی تینی ئەوینە گڕی بەرداوەتە گیان
هەر لەتاو تۆیە کە توێتوێیە تەواو ئەم جگەرە

هەموو جێ جیلوەیەکی جوانیت ئەهێنێتەوە بیر
چەمی ڕوونتم وەکوو ئاوێنە هەمیشە لە بەرە

حەوسەلە و تاقەتی بۆ ئاشقی هێڕی حەپەساو
شاعیری شێتی ئەشق خەون و خەیاڵتی لە سەرە

هەر بە دڵی دەنگی ئەتۆیە کە وەدی دێ خەوی من
ڕەنگی ڕوخسارتە ڕێگایەکی خۆشی سەفەرە

وا سەرەی زێیە وەکوو زەردەمەم و زەردەخەنەت
پێی زرینگاوەتەوە گوێ و دڵە کەوتۆتە لەرە

ژانی بێتۆییە ژێی ژینمە، باشی دەژەنێ
ڕۆژگار، یەک ژەمی ژین سەدژەمی هەر ژانەسەرە

سەر و سامانمە سەودای چەمەکە و پەرچەمی تۆ
خاترت جەم لەبەر ئەو خاڵە خەیاڵ بەختەوەرە

بۆ شنەی شێعری ئەوینت شەو و ڕۆژ شینمە هەر
کوڵی ئەم شیوەن و ڕۆڕۆیە لە ڕادە بەدەرە

عەینی عیشقت بوو یەکەم چاوە کە خۆم دیتەوە پێی
هەر لە ئەو ڕۆژەوە شاییم هەموو شین و چەمەرە

غەیری غەینی غەم و غوربەت چ بوو پشکم لە ژیان
غەدری بێتۆییە گرتوویەتی گشت ئەم دەڤەرە

وەکوو ئەلفوبێ وەها فێر بووومە ئێستاکە ئەوین
کە لە بیر ناچێ بە هیچ مەدرەسەیەک، ئەو سەفەرە

وەکوو مێرووڵە بە قافی غەمەوە هەڵدەگەڕێم
تا قیامەت هەر ئەوەم تازەترین ڕێی قەدەرە

گوڵی شۆڕانی لە ئەم چل پلە تا بێنمە چنگ
نامە کۆڵم هەموو ئەم کفت و کوڵ و کۆ و کەسەرە

ئاگر و گوللە بەڵێ ڕاستە کە گەرم و بەگوڕن
گڕی ئەم هەستەیە ئەمما گەلێ ڕووناکیدەرە

بەو گڕە خۆش بووە خشتی یەکەمی گیانی بەسۆز
کەی دەنا ئێسک و پروسک و پلەگۆشتێک بەشەرە؟

لام ئەلف لا لەوی لەیلایەکە ئیللا لە ئەوین
ئەشهەد و ئینە هەر ئەو لایە بە پیت و سەمەرە

من بە مەرگ دێمە ڕەدا ناوی لە ناوا کە نەبێ
واو بە واو تۆش لەگەڵم داگرە ڕێ و سادە وەرە

هەموو هەر هیچن و بێ مایە بەبێ بوونی ئەتۆ
ئاوەدان یاگەی ئەوینت کە دڵی باخەبەرە

ئەمن وەک بایەکی ئاوارە وەک خەونێکی نادیارم
ئەمن تەنیاترین تاپۆ و شرەداهۆڵی ڕۆژگارم

بەجێماوە لە ناخمدا غەریبێکی بەبێ ڕێگا
غەمی دونیای لە کۆڵ ناوە دڵەی بێ داد و هاوارم

من ئەو ئاهەنگە غەمگینەم کە نامیزان و زۆر شێواو
شەوێکی تا بەیانی پڕ بەدڵ لێی داوە ژەنیارم

من ئەو چیرۆکە تاڵەم گێڕەوەی پیری زەینکوێرم
هەموو جارێ بە ئاقارێکی دیکەیدا دەبا چارم

لە من کۆچاون هەرچی خۆمی خاڵی ڕۆحی وێرانە
ئەوی بێتۆییە بەربوونە کەوڵی گیانی بێزارم

نە کەس بەردەنگی تایبەتمە و نە ئەوتۆم بۆ جیهانی کەس!
من ئەو جێناوە بێناوەم لە خۆم و ئێوە پێوارم

لەلایەک زەرد و بابردوو، لە سووچێک سارد و تەمگرتوو
من ئەو وەرزەم هەزار پاییز دەبن پێخوست و پاکارم

مەگەر هەر خوا نەزانێ چەند لە بیری دەستەکانت دام
دەنا عالەم عەیانە لێی کتێبێکی گرانبارم

نە دیدارێک کە ڕوون کا چاو، نە ئاسۆیەک هەڵێنێ تاو
منم ئەو پەنجەرە پەستەی کە  پێ بەسراوی دیوارم

ڕەویون ساتەکان و هەستەکانیشم وەریون پاک
منم پەڕپەڕکراو ئەو ڕۆژژمێرەی دوور لە دیدارم

دەڵێی چوارچێوەیێکی داکوتاوەم من بە دەوراندا
لەنێو جەغزی بەتاڵی ساڵەهادا هێند گرفتارم

نە ئەو شێعرەم کە بیدوێنی، نە ئەو شێوەم کە بیبینی
ئەمن وەک ڕێگەیێکی لار، ئەمن خەونێکی لاسارم

ئەگەرچی زۆر کەڕەت ڕووحم بزەی هاتوە بەڵام دیارە
ئەمێستاش هەر گەلێک مردن بە ژینی خۆم قەرزدارم

مەودا نەبوو بنووسمەوە خەون و خەیاڵی خۆم
ڕێگا نەبوو بڕۆمەوە مەڵبەند و ماڵی خۆم

حەیفێ هەڵێک نەڕەخسی هەتا بێمە دیتنت
هەر داڕژانە کۆشمەوە ئەسرینی ئاڵی خۆم

نەمتوانی دەنگ هەڵێنم و جاڕ دەم کە ساڵەها
لایلایی گوێ خەوم بووە هەر ناڵەناڵی خۆم

نەکرا لە چارەنووسی دزێو خۆ بدزمەوە
با هەر لە گەردنی کەچی خۆم بێ وەباڵی خۆم

ساقی شەرابی نابم ئیتر بۆ چییە من؟
بیخۆمەوە کە نم نمە خوێناوی تاڵی خۆم

فکری بەرزفڕین لە سەرمدا بوو سەردەمێک
ئێستاکە بوونە شووڵی ڕکە لێم دوو باڵی خۆم

هەرچەندە دێنەوە بە گژمدا فەخرفرۆش
نایگۆڕمەوە بە هیچ شتێ گەندوگژاڵی خۆم

نەمدەزانی کێم و چیم و چم لە دنیادا دەوێ؟
هەڵدەهاتم، هەڵدەکەوتم وەک کەسێک سەگ ڕێی کەوێ

بێ دەوایەک بووم بەدەست سەد دەردی بێ دەرمانەوە
بێ هەدایەک کە هەزار ئاهەنگی ئارامی دەوێ

کەوتبوومە لێڕەوارێکی چغورد و سامناک
بوونەوەر هۆڵمانی قەت تێدا بە هیچ داناکەوێ

زاڵم و زۆردار بوو دەیچەوساندەوە زەرد و زەعیف
خوێن بە خوێن نەغد و پوخت تەنیا دەشۆراوە لەوێ

شەڕ گەمارۆی خۆشەویستی و ئاشتی دابوو وەها
پێکەنین خێرا دەپێکرا پێی بنابایە ئەوێ

بۆی نەبوو هەرگیز وشە، واتایەکی تر دەست بخا
چۆن مرۆڤ بی و چارەنووسی داسەپاوی خۆت نەوێ؟

سەد درۆیان گورگەکانی مێدیا دەرخوارد دەدای
ڕاستەقینەی ڕووتە پێت وا بوو ڕەشی نیوەشەوێ

پرچی تەڕی پەخشانە لەسەر شان و ملی ڕووت
دوو لێوی دەڵێی شێعرە دەمێکی کە دەبن جووت

بادەی غەزەلی لێ دەڕژێ ئەو لەشە شووشەی
بەو پێچ و خەمی بەژنە شەپۆل چاوی دەپشکووت

هەر کەس بە تەماشایەکی سەرمەستە و ئاشق
ڕۆمانی نیگای هێندە دڵەستێنە جەرگسووت

بارانە لە سەرپەنجەیەوە هێدی دەباری
بسکی بەڕەزای شانە دەکرد و شنە دەبزووت

خاک پێدەکەنی هێندە بە لەنجە کە دەڕۆیی
کاتێک دەدوا زەردە لە ئاسۆوە دەئەنگووت

ئەو ماڵپەڕی ڕەنگاڵە و پڕ بینەر و خۆشڕوو
من کۆنە کتێبێکی بەبێ خوێنەری پەڕپووت

ئەو پەنجەرەی ئاواڵە بەرە و بەرجەوەنی جوان
من هۆدەیەکی چۆڵ و خەفەتباری ڕەشوڕووت

ئاوێنە لەبەر وێنەیی بێوێنەیی مات بوو
چەم ڕوونی چەمی دیت کە لە پێ کەوت و هەڵەنگووت

کوێستانی سپی سەنگە دەڵێی گەردن و سینگی
ئاڵاوە لە دەوری دڵی پەستم تەم و باکووت

نەیتوانی ژیان ئێمە بە یەکتر بگەیێنێ
دنیا لەوە وێڵتر بوو کە پێکمان بلکێنێ

پاک هەور و هەتاو، عەرش و قورش پێکەوە کۆک بوون
ئەم خاکە ئەبەد تۆوی من و تۆ نەڕوێنێ

بێ چەتر و پەنا مایەوە ئەم ڕێژنە ئەوینە
تا کێیە سەدە بیگرێ وەخۆ دایبڕژێنێ

ئاوێنە بوو ئەمما تەمی گرت، ژەنگی هەڵێنا
دا کەنگێ؟ چ کەس؟ بیسرێ، تۆزی بتەکێنێ

ڕەشنووسی کتێبێک بوو کە هەرگیز نەچوو بۆ چاپ
کێ بێ کە هەڵی داتەوە؟ داستانی وەخوێنێ

شانۆیەکی دڵداری دەبوو خۆش و بەدیمەن
کێ ماچ و بزە و باوەشی چەقبەستوو دەبینێ؟

ساوایەکی شیرن بوو بە ژین چاوی نەپشکووت
کام مێژوو بڵێی باسی بکا ناوی بهێنێ؟

خەونێک بوو لەنێو ڕۆحی زەماندا نەدەگونجا
ئەستەم بوو جیهانێکی کەڕ و کوێر وەدی بێنێ

ئەو شێعرە بوو چوارێنە لە ئاستی کز و شەرمن
پارچەی غەزەلیش هەر لە حەنای کورتی دەهێنێ

دیواری چ خانوویەک و چوارچێوەیەک ئاخۆ
دەیتوانی پەنای داتێ کە وێنەی بنوێنێ

گۆرانییەکی خۆش؛ کە لە دایک نەبوو حەیفێ
تاڵی دڵی خوا و ماڵی غەریبی بلەرێنێ

ئەو پەیکەرە بوو دەستی هونەر پێی نەگەیی قەت
هەر بەردە دەناڵێ و شەو و ڕۆژ خوێن دەدەڵێنێ

ڕێزمانی حەزی وەندە چڕی بوون نەدەزانی
ئێستاش بە ئەلفبێی خەفەتە دڵ دەدوێنێ

دوو هێڵی تەریب بووین و جودا ماینەوە ئێمە
کۆچ و سەفەر و ڕێگە خودا بکا کە نەمێنێ

ئەم میوە لەسەر داری تەمەن ماوە بە کاڵی
تا ڕۆژێ مەرگ بێت و بەدەست تۆم بگەیێنێ

گزینگی ئیشقی گیانبەخشت لە ئاوێنەی دڵی مەی دا
تەواوی فەلسەفەی مەرگ و ژیان ون بوو لە نەشئەیدا
لە کاڵی تۆیە پێگەیوم، لە ئاڵی تۆیە تێگەیوم
ئەگەر میوەم ئەگەر رێگا، ئەگەر شێتم ئەگەر شەیدا
بە خەونی تۆیە خەمڵاوم، بە ناوی تۆیە ناسراوم
ئەگەر تینووم ئەگەر تەنیا، ئەگەر پێوار ئەگەر پەیدا
بە هەر جیلوە جیهانێکی، بێ چاوێنی، چ جوانێکی!
هەزار ڕەنگی بەبێ وێنا، سەدان نالی لەنێو نەیدا

بریننێکە و هەڵی پێچاوم ئەمشەو بۆ ژوانی نوێ
خەیاڵ ئارامی هەڵگرتووم پەڕاوپەڕ تاوەکوو سەر سوێ

غەمێک کەوتۆتە وێزەی گیانمەوە سەخت و لەمێژینە
نەهاتێک هاتووە هەڵداتەوە قەتماغەکان لەنوێ

لە ڕۆحمدا کەسێک دەگری کە باران دەرسی داداوە
غەریبێکە و لەگەڵ ناخم بە ڕێزمانی مەرگ دەدوێ

سەرم بەردێکی بێدەنگە و هەڵی دەگرێ گڕەی دۆزەخ
دڵم دارێکی تەنیایە و لەسەر شانانی با دەڕوێ

خودا نایێتە خوارێ تا تکەی ئەسرینی کەس بسڕێ
فەلەک وەرناگەڕێ تەختی کە بەخت ئاسوودە بۆی بنوێ

لە خوێنم دەم دەدا دەم دەم دەبانی کوێرە دەردێک و
بە سێ سووچی جەرگ هەردەم مەلی زامێک زمان دەسوێ

شەوە و نابڕێتەوە بێتاقەتی و گریان و دڵتەنگی
زەمان بەو تیغە تیژانەی دەروون لەت لەت دەکا و توێ توێ

هەوای تاڵاییەک ئەمشەو دەماغ و دڵمی پێچاوە
بە سەد جۆرە شەراب خۆش نابنەوە لێم ژان و ئێش و سوێ

جیهانێک تێک دەڕووخێنن دەڵێی ئێستا لە ناخمدا
جگە ناڵە و نزا و نووزە چ دەنگم نایەتە بەر گوێ

لە بۆشایی هەموو ئاسمانەکان خاڵیترە بوونم
زرینگەی دێ لە گوێمدا زایەڵەی: لەکوێی ئەتۆ لەکوێ؟

هەموو پوختەی وتارم کاڵ و سادە پێ نەگەیشتن بوو

گریمانەی ئەوینێکم لە دڵدایە بڵێی بلوێ؟

دڵێک بێ و ترپەکانی پەستی هەر بژمێرێ بۆ چیمە؟
پشوویەک بێ و بەدەس دڵتەنگیم هەر بسپێرێ بۆ چیمە؟

وەکوو کادێنی کۆن پڕ بێ لە ئاواتی بەباکردوو
سەرێک بێ و ئێش و دەرد و ژانم هەر بۆ بێرێ بۆ چیمە؟

هەموو ساتێکی دووپاتە و هەموو شوێنێکی بێزاری
ژیانێک بێ و لە ئازادی هەڵم ببوێرێ بۆ چیمە؟

بە دونیام بێنێ بێ خواست و بە کەیفی خۆی گەمەم پێ بکا
خودایەک بێ و پڕی خوێناو بەشم بۆ بنێرێ بۆ چیمە؟

وەسەر شانم بخا دنیایەک ئەرک و کۆڵێ بێدادی
جیهانێک بێ و بەبێ ڕەحمی هەڵم گەر دێرێ بۆ چیمە؟

ئەم شارە نەخۆشە و شەوەکانی هەموو پەستن
ئاشقانەیەکی کوا؟ دڵی پێ هەڵ کە ببەستن

دیواری درۆی بەرز و شەقامی حەزی ناڕاست
کۆڵانی بزەی کوانێ؟ دەرکبەستوو نەوەستن

بورجی وەکوو سێدارەیە بۆ هەست و هەناسە
گۆڕیچەیە هەر شوققەیەک و تێکی دەپەستن

هەر باغچەیە چواردەوری کە گیراوە بە دیوار
هەر دارە کە دەیبڕنەوە یا دەستی دەبەستن

ئازادە کە سێبەر هەبێ سەرمایە وەڕێ خا
یاساغە بەڵام گرتنی دەست، دڵ وەڕێ خستن

تەنیاییە تەنیا هەیە بۆی قاقە بکێشێ
پێویست نییە کۆبوونەوە بۆ پۆلێ کە پەستن

وا باشە لە ئەم شارە کە جیران و جودا بن
خەڵکێک کە بە دەردێکەوە گیر و قوڵەدەستن

هەر دووری و دڵساردی خەمی هاوبەشی وان بێ و
لێک شارنەوە، چاولێکەری وەل پارەپەرەستن

دووکەڵ ئەوە داپپۆشی دڵ و سینەیی ئاسمان
تاکەی بە هەوای ئەم هەموو ماکینەیە مەستن؟

هەرچەندە لەبەر تیشکی چراکانە شەوارەن
مەغروورن هەموو گوایە کە بیرتیژ و بەهەستن!

زۆر جادە و ڕێوبان هەیە قەت ناگەنێ ئەمما

ئامانجی وتەم ڕوونە بەڵام دوورەمەبەستن

مەستی بادەی چاوی تۆ بم یان شەرابی لێوەکەت؟
باسی چاکی سینەکەت کەم یان جوانیی نێوەکەت؟

وەک قەرەج دم بە دمەی تۆ کەم هەمیشە بێ قسە
دەم بە دەم یا دەم بنێمە کانیاوی لێوەکەت؟

دەست لە مەمکت گیر بکەم یان بەژن و باڵای بێ گرێت؟
گیان لەدەوری تۆ بگێڕم یان لە قۆرغی سێوەکەت؟

پەرچەمت ئاڵای ئەوینم بێ ئەرێ یان باوەشت؟
خەندەت ئاوێنەی برینم بێ ئەرێ یان شێوەکەت؟

سەر بە پێلی لار و لەنجەی تۆ سپێرم بێ خەیاڵ
لەش وەیا توند کەم لە تووڵەی تەرز و ناسکی مێوەکەت؟

بێقەرار بم بۆ قەرار و قەوڵی ناڕاست و درۆت
دڵبڕۆک بم یا نە بۆ باوخۆشترین دژنێوەکەت؟

سێوی کوڵمەت ڕامووسم یان مانگی گۆنەت ماچ بکەم؟
هەوری سەر ڕووت لێم هەڵێ یان خۆری ژێر چارشێوەکەت؟

خۆم لە سێدارەی قەدت دەم یان قەنارەی گەردنت
دڵ لە قوڵکی ڕوومەتت خەم یان چەناگەی زێوەکەت

شەو لە ئامێزت گرم یا ڕۆژ لەدەوری ڕووت گەڕێم
ببمە هێلانە و وڵاتت یان قەڵا و چوارچێوەکەت؟

حەسرەتی دیداری دوێنێتم بێ یان تاسەی سبەی؟
داخی خۆت بمکووژێ یا نا مێردە سەگبابخێوەکەت

تووشت نەبووم و بوو غەمی تۆشم بە ڕیشەوە
تووشی ئەشق بوو دڵمی دەرێنا لە ڕیشەوە

جوانیم هەموو تێدا چوو لەڕێی چاوەنۆڕیدا
پشتی ڕۆحیش جدەو بوو بەهۆی کۆڵێ ڕیشەوە

بەدبەختی بەختم هەڵنەکەوت بینەرت ببم
ڕووداوی تۆ پەخش بێ لە شاشەی هەمیشەوە

حەیفێکی تۆم نەدیتەوە ئەی وشەی شیاو
دڵ بەرزە شێعری ئیشقی بچێتە کڵیشەوە

سەد داخ کە خۆشەویستی نەڕسکا لە بەینمان
دەستی زەمانە کەوتە کەوڵمان بە تیشەوە

حەیفێ سروودی پێکەوەبوونمان نەخوێندەوە
ئەم پردە پشکی ئێمە نەبوو هەر لە ئەووەڵیشەوە

تۆی ئاشنا نەکردم ئەم عەسرە سەد جەخار
خافڵاندمی لەخۆوە بە سەد کار و پیشەوە

تووشت حەیف نەهاتم و نەمناسی ئیشقی تۆ
بێ تووشە عومرێ ڕۆیشتم و مردم بە ئیشەوە

دەریای ژیان منی نەهێنا کەناری تۆ
دڵ کەوتە دەست شەپۆلی بە دووسەد تڵیشەوە

باران دەبارێ وا لە دەرێ و تۆ دیار نی
هەر هەڵمی دوامەراقتە دەلکێ بە شیشەوە

تۆ دەڕۆی و من لە خۆمدا دیل و ئاوارە دەکەی
دەردی سەرگەردانیی دنیا بەم دڵە وێڵەم دەدەی

جێم دەهێڵی لەم کەلاوە، وەک (ڕەفیق سابیر) دەڵێ:
هەرچی جوانی و مێهرەبانیشە لەگەڵ خۆتی دەبەی

تەنگە هێند دڵ ئەستەمە جێی خۆمی تێدا بێتەوە
شاری ئیشقت تۆ کەچی هەر بەرفراوانتر دەکەی

سەیری بەحری جوانی خۆت کە تا بزانی شینی من
قافی باڵای خۆت ببینە تا بە هاوارم بگەی

تۆ دەڕۆی و تاهەتا تەنیایی میوانم دەبێت
کەوڵی خەمباری لە چۆڵی ماڵی دڵدا ڕادەخەی

پاش ئەتۆ هەر ڕێژنەبارانێ کە دایکرد پرژە بوو
هەر هەتاوێکیش هەڵات زۆر ساردوسڕ بوو بۆ سبەی

کام بادە وەکوو چاوی ئەتۆ مەستی دەهێنێ؟
کام شووشە وەکوو جامی لەشت مەی دەڕشێنێ؟

گێلاسی چ شارێک وەکوو لێوت تەڕ و سوورە؟
ئەم شاتووە سەردەشت و شنۆ پێکەوە دێنێ

تورت و تەنکە وەک پەڕی کوڵمەت چ گوڵیلکێک؟
تاوێ گەش و ئاڵ، تاوێ سپی و سۆڵ دەنوێنێ

ئاوێنەیی کام ئاوە ئەرێ ئایەتی هەنیەت؟
خەرمانەیی کام مانگە وەها گڕ دەپژێنێ؟

بەفری چ هەتاوێکە ئەرێ ڕوومەتی ئاڵت
سێوی چ گوناحێکە کەوا دڵ دەڕفێنێ؟

بۆ پەسنی تەواو و چڕی ڕوخساری پڕی تۆ
هەرچی قەڵەم و قافیەیە پاک کورتی دەهێنێ

ئەو گەردنە بێگەردە کە وەک تەختی بلوورە
نرخی مەی و دەست و دەمی مینا دەشکێنێ

کوا وەندە هەوای خۆش بووە کوێستانی سپی سەنگ؟
کەی هێندە زنەی فێنکە مێرگ و بژوێنێ؟

دان بە تاوانما دەنێم و دەنگ بە تەنیایی دەدەم
تا لە کۆڕدا بێ بەشی هەر توانەوە و سووتانە شەم

ئەم هەمو دەنگانە هیچیان هاودەمی دەردێک نەبوون
دەرسی دڵسۆزی و وەفاداری دەدا بێدەنگی غەم

نامەوێ گۆبەندی نیوەی شەو بە بەزم و ڕەزمەوە
تف لە دەنگ و ڕەنگ و سیمای سواغدراوی وا دەکەم

دەچمەوە نێو غارەکەی تەنیایی خۆم و بێ هەرا
گوێ لە گۆرانی دەروونی بێنەوای خۆم هەڵدەخەم

چیم لە سایەی دەوڵەتی بێدادی دنیادا دەوێ
من کە دادێکی نەدا بۆم بانگی دەنگ و دادەکەم

گەورەیە تاوانی من دانی بەڵێ پێدا دەنێم
بۆی نییە هەرکەس کە ئازادی نەبێ، بێژێ کە هەم

کوا دەگاتێ ئەو کەسەی پێگەیشتووە لەم ڕێگەدا
خۆشترە دووری خەزاڵ و زین لە لاس و کاکەمەم

ئەو کەسەی کەوتۆتە کەوڵی گیانەوە، هەروەک کەرێک
تۆ بڵێ پێم: دەنگ بدەم پێی یا دەبێ دەنگی بدەم؟

نەمدەویست بێ کەڵک و بێکارە لە کونجێک وەرکەوم
من کە ئاواتم بوو جوانی و مێهرەبانی سەربخەم

دەست بە داوێنی دەرووی نامەرد و خوێڕی بۆ دەبم؟
تا لە دیدەمدا تکەی ئەسرینی ئاڵم شک ببەم

بارەکەڵڵا ئەی دڵی دێوانە بۆ ئەم بەرزییە
ئێستەش هەر ڕاماوە چاوت وەک چیایێکی بەتەم

تۆ لە چارەمدا نەنووسرابووی، کەوا بێچارە بووم
چارەنووسمان دوور لە یەک؛ تۆ دیل و من ئاوارە بووم

بێ قوسوور کەوتینە بەردەم قار و قینی ڕۆژگار
تۆ بەدەستی شێت و دەهری، من شڕ و پەتیارە بووم

هێڵی هەرد و ئاسمان نەیتوانی کۆمان کاتەوە
تۆ لە ئەم بازنە بەدەر من داخراو بێ ژمارە بووم

تۆ بەڕێی خۆتا دەڕۆیشتی و من بەڕێی خۆما دەچووم
تۆ بە کارت ئاشنا و من دوژمنی ئەم کارە بووم

گەر ڕەوابایە لە حەوشەی ڕۆحی مندا شەتڵی تۆ
ئێستە بۆخۆم باغچەیێکی بەرگری ئەم شارە بووم

یا ئەگەر جارێ بەڕووم واڵا ببوایە پەنجەرەت
کەی وەها بێ تینی تاو لاشانی ئەم دیوارە بووم

یا نە جارێک لایەنی دۆستایەتیت گەر گرتبا
کوا ئەوەندە بێ کەس و بێ خاوەن و بێ کارە بووم

ڕانەبوردی هەرگیز ئەی شەوبای بەهاری لێرەوە
بۆیە ئەو مێلاقە پەڕخوێنە جەرگ داغدارە بووم

گەر ڕژابایتە دەروونی چۆڵمەوە بادەی ئەشق
کەنگێ ئەم مەیخانە خامۆش و کپ و خەمبارە بووم

جارێ ڕێت کەوتایەتە ئەم باوەشی تەنهاییەم
کوا هەمیشە گۆڕی ئاوات و حەز و هاوار ئەبووم

کەلاوی ئاو و ئاوێنەی لە چەشنی ئاگری ئەمما
کچی تیشک و شنەی هەرچەند وەکوو خاک دڵگری ئەمما

بەسەر ڕۆحما دەباری ڕۆژ و شەو گەرچی شەرابی تۆ
شەپۆلم پێ دەناسێنی بڵێسەی ئاوری ئەمما

پەڕێکی ناسک و نەرم و سپی ئاخۆ کولووی بەفری؟
حەریرێکی تەنک، هەورێکی زۆر ساواتری ئەمما

(بڵێم وەک چی دەچی هەر گوڵ دەزانم)* ئاڵوواڵا بێ
ئەویشت شێت دەبێ و شەیدا بەلایدا ڕابری ئەمما

بە خەرمانەی تریفەپۆشی دەوری ڕووت چ مانگێکی
چ خەونێکی کە ڕەنگی ڕاستەقینە ناگری ئەمما

ئەوەندە تاک و بێوێنەی دەڵێم بێشک فریشتەی تۆ
بە عیشوە و مەکر و شۆخی سەدئەوەندە ساحیری ئەمما

لەبۆ ماچێکی تۆم داناوە دنیا و دین گوتم پێی و
گوتی: پێم خۆشە باوەڕ کەم، مخابن شاعیری ئەمما!

ئاخری دەپسێنێ ڕۆژێ تاڵەکانی داوەکەی
ئەو مەلەی ڕۆحی فڕین بوو هەر بەتەنها ناوەکەی

دێتەوە بیری زەمانی زوو کە چۆن و کێ بووە
ڕادەسێ و دەیکاتەوە باڵ و پەڕە بەسراوەکەی

سەرلەنوێ باڵ لێک دەدا تا تەشقەلانی ئاسمان
سیلەیێکی بێ سنوورە تا هەتەر کا چاوەکەی

چۆن وەها داماو بووە لەم ماوەدا زۆر سەیرە پێی
نەیدەکرد خۆی ڕابپسکێنێ لە چنگی داوەکەی

باڵەکانی هەوری پڕن و شەقژنی، چەخماخەیە
هەربینا کەڕ کا فەلەک دەنگدانەوەی ڕووداوەکەی

پڕ بە دڵ هەڵدەمژێ عەتری تازەی ئازادی و ئەوین
ڕادەنێ وانەی بوێری گەردنە ڕاماوەکەی

تێک دەدا ئەو کۆنەیاسایەی فڕینی کرد یەساغ
فەسڵی تازەی گەیشتنە باڵگرتنە خۆشباوەکەی

ئاخری تێکی دەڕووخێنێ خەیاڵی ڕاوکەران
جێ دەهێڵێ دوارکەش شاباڵە هەڵپێکراوەکەی

ئەستەمە دیسانەکە لەم توولەزە بیبەستنەوە
چونکە دەرکی کردووە شان و شکۆ شاراوەکەی

تازە ڕێ نادا بە ترس و شەرم و غەم پەستی بکەن
زۆر هەواری دی لەسەردا چارە نانووسراوەکەی

وەک کەوێک پێ ناکەنێ هەرگیز بەڕووی دێوجامەکان
خۆی لەنێو ئاوێنەدا دیتۆتەوە و سەرچاوەکەی

ساڵەها ئەو ڕازەیان دەتگوت کە لێ شاردۆتەوە
کوا لە کوێیە هێزی باڵ و ئارەزوو دزراوەکەی؟

ناوبەناوێک گێژترین گیانلەبەری ئەو ناوە بوو
وەی دەزانی هەر خەیاڵێکی بەتاڵە خاوەکەی

ئێستە ئەمما مووبەموو ئازادی خۆی هەست پێدەکا
ئاخری دەپسێنێ ڕۆژێ تاڵەکانی داوەکەی

ناچێتەوە سەر ئاشقی ڕێگایەکی دیکە
من دوور و ئەتۆ دوور ئەوەش ئەممایەکی دیکە

زۆر زەحمەتە بتبینمەوە یەک کەڕەتی تر
کەوتۆتە بەینمانەوە مەودایەکی دیکە

نەلوا سەفەرێ هاوسەفەری باغی ئەوین بین
گرتی بەری ئەو ڕێگەیە نەلوایەکی دیکە

بەسرا لە من و تۆ دل و دەست و دەم و دیدە
کوا پرد و دەروو، دەروەچ و دەرگایەکی دیکە

نەیتوانی ژیان ئێمە بە یەکتر بگەیێنێ
ئێستا چەمەڕای مەرگم و ڕێگایەکی دیکە

بێ شوێن و زەمان خۆزگە ئەشق بوونی دەبوو هەر
ڕوابایە لە کاتێ تر و جێگایەکی دیکە

هەر دووری دەخستینەوە ئەم دەورە لە یەکتر
نەیبوو لە سەریدا خەم و خولیایەکی دیکە

دەمویست تەگەرە و لەمپەر و هیچ کۆسپێ نەمێنێ
ئاوات هەموو پێک بێ و نەبێ برپایەکی دیکە

پێم خۆش بوو بژین پێکەوە ئاشقانە هەمیشە
زۆر دەشتەکی وەک قادر و زارایەکی دیکە

زۆرت وەدوا کەوتم و هەر پێت نەگەیشتم
من شاعیرێ سەرشێت و تۆ لەیلایەکی دیکە

کاوی دڵی خۆمان نەدی قەت لێرە بە جوانی
تۆم خۆزگە کە دیتباوە لە دنیایەکی دیکە

لێرە و لەوێ پێم خۆش بوو ئەتۆ هاودەمی من بی
هەر تۆم دەوێ بێ ڕادە بەواتایەکی دیکە

وڕکی لێم گرتووە دیسان دڵە بێ ئاوەزەکەم
تۆ لە کوێی؟ ئەی کەلەپۆی ڕۆشنی شاری حەزەکەم

[وێڵ و ئاوارە گەلێک ساڵە لەدووی تۆی دەگەڕێم
هەر لە زەردەی دەمی دیمانە بەخێرت حەز ئەکەم]

ژینی چاک کردووە تاڵ لێم دڵی بێ مێشک و فکر
زۆر لەمێژە غەمی کردۆتە ڕکە و توولەزەکەم

ئاوی گوێی چەندە دەدەم کافرە ناکا بە قسەم
هەر ئەوینە دەڵێ ئاخر مزڵی ئاوەزەکەم

دڵە! گەر داکەوی چەشنی وشەیێکی مردوو
بۆ پەنا هێند دەبەمە بەر قەڵەم و کاغەزەکەم

نە لە من تێک بدە حاڵ و نە لە خۆتی بکە ماڵ
بانگی مەیگێڕ بکە با بێنێ شەراب و مەزەکەم

خۆزگە دەتزانی چ مەودایەکە بەینی من و ئەو
کوا بە تۆ وەردەگەڕێ دەوری دژە بێبەزەکەم

هەوڵی بێهوودە دەدەی پاک کەیەوە ئەم پەڵەیە
مافی ئەم چارەیە کەوتۆتە دەسی ناحەزەکەم

تۆ بڕۆ و ڕاستە شەقامی حەزی خۆت بگرە کە من
ساڵەهایە بە غەریبی تەمەنی خۆم گەز ئەکەم

قەڵاچۆت تێ کەوێ و تەفروتونا بی داری دنیا
ئەوەی ئاساییە بۆ خەڵکی بۆ من بۆتە خولیا

ئەوەی خۆزگەم دەخواست ئێستاکە سەرجەم چوونە ئەوسەر
منیشت خەستە خستە جەمسەرێکی تر بەتەنیا

لە من وا بوو کە تۆ پردێکی بۆ گەیشتن بە ئاوات
ڕەبی ماڵت ڕمێ تێکت ڕماند گشت پردی دنیا

هەتا هاتم گوڵێک بۆن کەم خەزانت کردە سەر باغ
بزەم هێشتا نەناسیبوو کە فرمێسک هات بە شوێنیا

دیارە هەروەکوو دێو پێچەوانەن کارەکانت
دەنا بۆ دەستی گوڵ بەسراوە ئازادن گژوگیا

وەکوو منداڵ دوو چاوم گرتبوو تۆ خۆت وەشاری
هەتا لام کردەوە پیری لەوێ بوو دڵ دەگریا

مەگەر ئا_م هات بەسەر زاردا کە سووتاندت زمانم؟
(قسەم زۆر بوو لە دڵدا بۆیە نووکی خامە شکیا)

هەواڵێکت نەپرسیم و پەیامێکت نەنارد بۆم
غەمی ئەم لانەوازیەی خۆمە بێوازانە دەیخۆم

بەیەگجاری هەڵی ببڕن دەبا ئەم هێل و تۆڕە
بە هیوات هێندە بێهوودە نەخافڵێنم دڵی خۆم

(نەزانی بێخەبەریە) و هیچنەزانێکی ڕەهام من
هەتا ئەم باری چاوەنوارپیەت خستۆتە ئەستۆم

لەمێژە چاوەچاوی دیتنی نووسراوەیەکتم
هەمیشە دڵبژۆکی بیستنی باسێک لەمەڕ تۆم

ئیشق یانی بەبێ داخواز هەواڵپرسینی یەکتر
دڵی من لێ بدا بۆ تۆ و دڵی تۆش لێ بدا بۆم

هەموو ڕۆژێک هەواڵی تۆ لە ڕۆژنامان دەپرسم
دە تۆش بیخوێنەوە جارێک پەڕێکی ڕووحی تاپۆم

لە گشت ڕێگە و شەقام و پردێ گرتوومە سۆراغت
بەئەسپایی شەوێکی تۆش وەرە سووچێکی ئاسۆم

نهێنی زۆر پەیامی خۆشەویستیم بۆ هەناردووی
وەڵامێکم دەوە بڕوا نەهێنم تا بە نسکۆم

هەمیشە و هەر لەلای تۆوە بەهیوای یەک خەبەر بووم
نەهاتی تاوێ بشکێنی خوماری گشت شەو و ڕۆم

هەناسەم تا لەبەردایە هەواڵێکم بزانە
لەناکاوێ نەوەک ون بێ لەبەر چاوان نسێ و شۆم

وەرە و بمدوێنە ئەمشەو وەک شنە تا بەربەیانی
کە تەنیا زایەڵەی بێدەنگی لێ دێ کێلی گڵکۆم

چارەی دڵی بێچارەیە کۆچکردن و ڕۆیشتن
دەردی سەری ئاوارەیە هەڵگرتن و هێشتن

ئاسمان قەفەسی تەنگەبەری ڕۆحی غەوارە و
لانەی مەلی بێ لانەیە ئاسوودە نەنیشتن

ئەو جادە کە تەنیاترە دەڕواتە غەریبی
ئەو دەستە کە ئاواڵەیە ناگاتە گەیشتن

شەو هێرشی هێنابێ لە چوار لاوە ئەسەر شەم
تەنیا چەکی قرچەی جگەرە و ئارەقە ڕشتن

ئاخر سەفەری پڕچەزی پەروانەیە سووتان
تۆ ناوی بنێ شوێنەونی یا نە خۆکوشتن

مەیخانەیە خوێنی کەسێ خەم ناوکی بڕیبێ
چارەی نییە مەیخواردن و خوێنی ترێ مشتن

ئەم مێژووە گەر هەڵدەیەوە غەدرە سەراسەر
هەر بستەکی ئەم خاکە شەهیدمان لێ دەناشتن

کە وڵاتت نەبوو تابڵۆیەکی بێ چوارچێوەی
گەلێ تاڵتر لەوە تارماییەکی بێ شێوەی

کە وڵاتت نەبوو نازانی بڵێی کێم و چیم
وەکوو پەتیارەیەکی بێ کەس و کار و لێوەی

ڕەگ و ڕیشەت ونە وەک بایەکی وێڵ و زامدار
پەرت و ئاوارەترین گیانلەبەری ئەو نێوەی

وەکوو زارۆکێ لەبەر دەستی سڕی زڕدایکێک
ژێرچەپۆکەی دەسەڵاتێکی شڕ و شپڕێوەی

وەکوو پیتێکی نەچەسپاوی بەبێ واتا و دەنگ
ساردوسڕ ڕستەیەکی پڕ لە هەڵەی هاوشێوەی

هەر لە هیچ پەڕگەیەکا دیار نییە ناوت ئێستا
چاکترین ڕاوی هەموو ئەو دەر و دەشت و کێوەی

تەرمی خۆت داوە بە کۆڵدا و دەگەڕێی بۆ گۆڕێک
بستەخاکێک نییە دانێی سەری ماندووت، بێوەی

هەر دەڵێی کەشتییەکی بێ سەروشوێنی دەریای
ون بووە قیبلەنمات و بە شەوارەی ڕێوەی

دالەقاوە وەکوو کۆلارە لە ئاسمان و زەمین
دڵەکەی تۆ و پەتی خەونێک نییە ئەمما پێوەی

کە وڵاتت نەبوو ڕەنگە کچەکەت بێژێ شەوێک
شاخ و داخێک بوو ڕەبەن هاتبوو بابم لێوەی

رۆژەکانمان یەک بەیەک ئەسپاردە دەست دیرۆکەوە
کەس نەبوو ڕووداومان بێنێتە نێو چیرۆکەوە

ژەمبەژەم نانی نەبوونی کەوتە کەوڵی گیانمان
وەک هەویرێک کەوتبووینە بەردەسی تیرۆکەوە

چاوەڕێی پێغەمبەرێک بووین، بێت و ڕزگارمان بکات
نەندەزانی زۆر خودا خافڵاوە بەم بیرۆکەوە

خۆری عومر و ئارەزوومان سادە لێ ئاوا دەبوو
لەو کەلەش هاتینە خوارێ هەر بەدەم ویرۆکەوە

هەر ئەوەڵ ڕۆژ ئامیانی ئێمە بوو ڕەنجی ئەبەد
نووسرا چارەی ڕەشی بەشمان لە ئەو دیرۆکەوە

سەد دەمامک دایدەپۆشی ڕواڵەتی ڕەنگینمان
بوون بە دەمبێن ورتە هات تا لەو دڵە پیرۆکەوە

هەر نەمانزانی چلۆن شەو ساتەکانی لێ دزین
تا مەرگ بەرنەبوە، مەی بێنە و سەرم ژیرۆ کەوە

سەحەری ڕاببە، ئێوارە درەنگان وەرەوە
بەشەنانێکی فەتیر بۆ ژن و منداڵ بەرەوە

هەر لە بازاڕی بەبێ ڕەحمی ژیان داینێ مەزاد
بۆ نەژی نەمرییەکی سادە تەمەن ورد کەرەوە

هەڵبسووڕێوە لە دەورێکی دووپاتەی بێتام
وەکوو ماکینە هەموو هەستێ لە بیرت بەرەوە

هەرکەسێ هات و گوتی گیانە چلۆنی؟ چ دەکەی؟
تۆ بڵێ باشم و سەرپێیی وەڵامی دەرەوە

چەشنی تاژی شەو و ڕۆژ ڕاکە لەدووی بەختی تەماڵ
ڕاوکەری مردن هەتا دێ و دەڵێ هەیت بۆ دەرەوە

ساتەکانت بدزن دەوڵەت و مێدیا و یاسا
هیچ مەڵێ و دەم مەنێ ناو دەم سەگ و گورگ و کەرەوە

ئەم هەموو کەڵکەڵە بۆ تۆیزە ژینێکی قوڵە
وەرە سەیری و بە سەرنج و گلە بیخوێنەرەوە

لەگەڵ هەر بەدفەڕ و کەرباوەڕێ تووشی چەقە بە
سەری ڕاماو و شەکەت ئاخری شەو بێنەرەوە

ئەگەر ئەو ڕەنجەیە هەر پشک و بەشی ئەشرەفی تۆ
چش لە ئەو ژینە لە شاکارەکەتم دوور خەرەوە

کوشتیان لە دڵمدا ئەوی ئاوێنەی ئەوین بوو
بڕیان ڕەگی هەرچی لە دەرووندا کە بەتین بوو

قەت کین و شەڕ و ئەزیەت و تۆڵەم نەدەزانی
چاندیان لە وجوودما ئەوی تۆوی شەڕ و کین بوو

پێم وا بوو دەبێ چارە هەموو کێشە بە خۆشی
نەمزانی کە ناخۆشی سروشتی هەموو ژین بوو

غەیری حەز و میهر و بزە هیچم نەدەناسی
ئەم قار و نەیاری و ڕقە کەی تێکەڵی بین بوو؟

ئاوێتە بە لێڵی نەدەبوو تاوێ نیگاهم
ئەم پەردە ڕەش و تارە چلۆن لەمپەری دین بوو؟

دەمویست کە هەرێمی گوڵ و جوانی بێ دڵی من
ئەم گشتە پەڵە و زەردە چڵە کەی لەوێ شین بوو؟

هەر شێعرێ کە نووسیمی هەموو ژان و پەژارە و
هەر کەسکەئەوینێکی کە دیم چڵکەبرین بوو

کەی گڵۆڵەی بەختی ئاڵۆزم شەوێکی هەڵدەکەی؟
ئەو گڵۆپانەی شەقامی باوەشت گشت هەڵدەکەی؟

کەی وڵاتی سەربەتۆیی خۆت لە مندا جاڕ دەدەی؟
لەم هەرێمە بێکەسە ئاڵای ئەوینت هەڵدەکەی؟

کەی بەیەکجاری هەموو ژان و پەژارەم ڕاو دەنێی؟
چۆن لەگەڵ ئەم هەمگە بەدبەخت و هەژارەم هەڵدەکەی؟

یەک ئیشارە یەک وشە بۆ کوشتنی من کافییە
تا بەکەی بۆو هەوڵە چووکە قۆڵی هیوا هەڵدەکەی؟

من وەکوو بارانە بێ تۆ لەم هەوارە دادەکەم
وەک برووسکە و بوولەرە بۆ خۆت لە من هەر هەڵدەکەی!

وەک زەمان وای قەت کەوی نابی بە ئاهەنگی دڵم
یا نهێنی ڕادەبووری یا وەکوو با هەڵدەکەی...

وەرە و باران بنووسە بۆ دڵەی سەرمەستی تینووم
وەرە و ئاسمان ببێژە بۆ نیگای بێزار و ماندووم

دەمێکە دوورخراوەی ناو دەروونی چۆڵی خۆمم
وەرە و ئینسان بڵێوە بۆ سەری ئۆقرە نەگرتووم

دەمێکە دڵبەدوای خەندەی دەرووی ڕووناکییێکم
وەرە و بادە بپێوە بۆ دەماری وشک و خەوتووم

تەواو بێتاقەتی دەستگرتنی هەستێکی سادەم
وەرە و دەریا بخوێنە بۆ هەناوی مات و مردووم

لەمێژە لاڵ و پاڵی دەست زەمانەی فێرە زۆرم
وەرە و ئاگر بناسێنە بە ئەزمانی لە گۆ چووم

بەجارێ هەڵبڕاوی بێ بواری نوقمی زوقمم
وەرە و خۆر هەڵبدە بۆ دەستی ئاوێزان و سڕبووم

سپی بوون چاوی شێعرم بۆ ڕوانێکی هەتایی
وەرە و هیوا بچێنە بۆ وجوودی وشکەڵاتووم

ئەی داغی دڵان هەر هەموو تینووی نەزەرێکت
وەی باغی گوڵان هەر هەموو مێرگی گوزەرێکت

ئەی چاوی ئەوینم چڕی بارانی برینت
وەی گشت ڕەگی ژینم گرێ ڕێگەی سەفەرێکت

ئەی پەنجەرەی ئاواڵە بەرە و نوور و نهێنی
خانەی لەش هەموو چاوەنواڕی خەبەرێکت

گشت تاری وجوودم ئەوە هاتوونەتە ناڵین
ئەی شادی دڵم هەر هەموو، شین و چەمەرێکت

هەرچی کوڵوکۆی گیان و دڵی پڕ لە ئەوینە
پاک ئاڵقە بە گوێی گۆشەیی هەر بان و دەرێکت

بێ تۆ ئەوە عومرێکە لە خۆمدا پەڕەوازەم
ئەی ناو و نیشانم هەموو سایەی ئەسەرێکت

عومرێکە وەکوو چۆڵگەیەکی کاکی بە کاکی
نوقمی خەفەتی ڕێگەتم و چاولەبەرێکت

بمبینەوە تا بێنەوە بەر هەست و هەناسەم
ئەی ڕۆحی زەمان زیندوو لە سۆنگەی کەسەرێکت

حەسرەتێکم من بە قوولایی هەموو دەورانەکان
تاسەیێکم وەک تەڕایی نمنمەی بارانەکان

من پڕاوپڕ بووم لە ئاوات و ئەوینی دابڕاو
بەرهەمێک بووم نەک لە خاک و گڵ، لە زام و ژانەکان

قەت تەواو و بێ کەم و کووڕی، تەیار و پڕ نەبووم
یان نیاز ناوکی بڕیبووم یان هەڵە و نوقسانەکان

هێندە دووپاتە و بە ئاتاج و گرانبارم دەڵێی
خوا فڕێی داوم و بەخێویان کردو... وم شەیتانەکان

شیری تەنیایی و خەم و دڵتەنگیان پێدام ئەزەل
تا ئەبەد هەر ڕامدەکێشن مەیلە نامیزانەکان

بەرژەوەندی بوو هەوێنی بەردەوامیم بۆ ژیان؛
بەرژەوەندیش نەیدەهێشت ئاسوودە بن ئینسانەکان

ئاخری ڕۆژێک قەرارم ڕاو دەنێ بێتاقەتی
یا حەیاتم ڕەش دەکەن لێ دەردە بێدەرمانەکان

سالەهایە دڵ لەگەڵ ئەو پەرچەمە سەودایەتی
خەم بە خەم گیرۆدەی ئەو ڕەنگاڵەیەی ئاڵایەتی

کەوتووە (بێکەس) لەبەر دەرکی ئەوینیدا (هەژار)
هێند (پەشێو)ە تێکچووە لێی بارەکەی (هێمن) ایەتی

پڕ بە میزانی ئەدەب، هەر ئەم سەر و ئەو سەر دەکا
خۆشخەیاڵانە ئەسیری بسکەکەی تاتایەتی

ناگرێ ئۆقرە لەنێو ئەو داوە ئاڵۆزانەدا
چاولەدەستی یارمەتی بێ مننەتانەی بایەتی

بێت و بێ پەردە ببینێ سوورەتی ڕوخسارەکەی
دەرکەوێ وەک ڕۆژی ڕوون لێی ئەو کتێبەی ئایەتی

بۆ کەناری ئەو خەمە هەر شەو خەیاڵ ئەیباتەوە
ئەو شەپۆلە بەرز و کورتانە شنەی دەریایەتی

مووی سەری جوانان تەماشاکەی مش و دێکلۆرەیە
ئاووڕەنگی ڕووی ئەوینە پەرچەمی کوردایەتی

تۆوی یادی تۆم بە ئەم ڕێگایەدا پرژاندووە
غەیری تۆ هەرگیز لە خەڵوەتما کەسم نەدواندووە

ڕۆژ و شەو پێیدا بەتەنیا و بێوچان هاتووم و چووم
بەس دڵی وێڵم لەسەر ئەو یادە دامەزراندووە

جەرگی ئەم جادەش هەموو ڕەش هەڵگەڕاوە دوور لە تۆ
هێند خەم و زووخێ دڕێ خۆمم لەلا درکاندووە

دار ڕوان و جۆگە تەڕ بوون، سەربەشینن چیمەنان
هێندە چاویان وەک ئەمن بۆ دیتنت گێڕاندووە

کەس وەکوو تۆ ئاشنای چۆڵگەی دەروونی من نەبوو
ئەم هەموو ئازار و ڕەنجەت چۆن لەنێودا چاندووە؟

تاقەتم هێناوە تەنیایی و غەمت تێکی نەدام
وەی ئەمان لۆ بێکەسیت سەرتابەپای سووتاندووە!

ڕەگ بە ڕەگ ئێستا دەسووتێنێ نهێنی سینەکەم
شۆڕشی یادت عەجەب ئاگرێکی داگیرساندووە

دەبێ ئێستا لە کوێ بن ڕۆژەکانی خۆشی نەژیاوم؟
کە تەقویمی تەمەن بێتاقەتە بۆ بەستنی چاوم!

بڵێن بۆ دیتنەوەم هەڵداتەوە لەنوێ هەموو مێژوو
لە توێی کام لاپەڕەی هێشتا نەنووسراودا بەجێماوم؟

بڵێی ئێستا لە کوێ بن ساڵەکانی دووری دڵخۆشیم؟
لەگەڵ تۆدا کە دەکرا تێپەڕن گشت کاتی کوژراوم

دەبێ ئێستا لە کوێ بن ئەو عەزیزانەی کە نەمناسین؟
ئەوانەی ماوە لایان چەند بەشێکی قەت نەزانراوم!

ژیانی لەتلەتم ئێستا پڕی کردوە بەریکی کێ؟
دەبێ نێوجەرگی کێ کونکون بکەم بۆ ڕووحی دزراوم؟

من ئەو شێعرەم کە تا ئێستا بە دنیای کەس نەهێناوە
من ئەو چیرۆکە تاکدەنگەی کەوا خاڵی لە ڕووداوم

قەرز کۆنە دەبێ و نافەوتێ ئەمما تۆ بڵێی وا بێ؟
تێ هەڵبێنێتەوە جارێکی تر بۆم عومری دۆڕاوم؟

داهاتوو وەکوو نوشتە نەزانراوە دەزانی
ڕێگایەکە شەقڵی نەشکێنراوە دەزانی

ڕووداو و دەورگێڕی دیاری نەکراون
مێژوویەکی تا ئێستە نەنووسراوە دەزانی

چوارچێوەیەکی تەنگە ئەگەر ماڵی دوێنێ
سبحەینێ قەڵای دەورە نەگیراوە دەزانی

ئەم ساتە ئەگەر واژەیەکی چووکە لەبەر چاو
داهاتوو چڕا شێعری نەبیسراوە دەزانی

ئەمڕۆی بە دڵی تۆ نەبوو گەردوون، مەبە غەمگین
سۆزی چ لەبۆت دێنێ بە ڕێگاوە، دەزانی؟

ئاوڕێکم وێدە دیسان ئاورم تێ بەردەوە
لووزەوی سۆزم لەسەر دیسان بەجارێ بەردەوە

هەڵدڕە سینەم وەکوو بەرخێکی بەستەزمانی مەنگ
ئەو نیگا گورگانەتم دیسان لە نوێ تێ بەردەوە

دەوری دە داگیر بکە چەشنی قەڵای دمدم دڵم
خەڵکی ناخ و خانی لەپزێرپنیشم لێ بەردەوە

تێک بدە دووکان و بازاڕی خەفەتباری لە من
بێ سەر و سەودا تەواو بەنداوەکەم پێ بەردەوە

نیشتمانی چاوڕەشی ئەو گیانە سەردگەردانەمی
غوربەت و خۆمت بە قوربان بن بە دار و بەردەوە

هەر دوو ماسی حەوزی سینەت ناسیاوی دەستمن
ساف و سادە لەو هەسێڵە هۆگری هەڵبەستمن

بمخەوێنە خۆش لەسەر ئەو تەختی سینە نەرمەدا
دێن دەچن سەدها پەرەستارن لەوێ دەربەستمن

هەروەکوو جووتە فریشتەی شانەکانت ڕۆژ و شەو
هەڵفڕیوی ئەو هەوێڵە پەڕپەڕۆکی هەستمن

وەک زناری بەر شەپۆلی بەژن و باڵای شازی تۆن
شان و مل؛ یان شووشەکەی پڕ لە شەرابی خەستمن؟

لەو سەری کوێستانەڕا هاتوونە خوارێ مەمکی تۆ
کانیاوی شیودڕ و بەفراوی لووزەوبەستمن

هەستم ئاوی قوڵکی سەرشانی ئەتۆی خواردۆتەوە
بۆیە هەرچی پیتە تینووی شێعرەکەی بەردەستمن

نایەڵن ڕاڕنی نیگام بۆ دۆڵ و داوێن داگەڕێ
ئەو شکۆی شان و ملەی چەشنی قەڵای سەربەستمن

لامل و لاجانگی تۆن هەر کەیک و خامەی شیرنی
هێندە ناسک و تورت و تازەن هەر بینا شەوگەستمن

ئاو و ئاور، هەور و لۆکە، مەڕمەڕ و بەفر و خەون
بۆ تەواوی پەسنی پێستت ئێستەکە پێویستمن

## 123

لەنێوان دوو جیهانی ژوور و دەردا
چها خەون و خەیاڵم من لەسەردا

خەم و خۆشی بە ڕۆژ و شەو لەگەڵمن
کزە و زەردەش لە وەرزی گەرم و سەردا

هەموو ژینم لە هێڵێکدا نیشان دەی:
شەبەنگێکم لەنێوان چێژ و دەردا

لە بیری ئاسمان و هەڵفڕینداام
کەچی دیلم لەنێوان داروبەردا

ڕەش و شین داگەڕاوم بۆ سپی و سوور
سنوورێکم لەمابەین سەوز و زەردا

پێی لە عەرزی هەڵبڕیوم ئارەزووی دیداری تۆ
وێڵ و سەرگەردانی کردووم جازیبەی زۆرداری تۆ

دەرکی ماڵی خەڵکی ئاواڵەش بێ نایڕۆمێ ئەبەد
تا لەسەر ڕێی خۆم ببینم لەمپەر و دیواری تۆ

ساڵەهایە وێنەیێکی نوێی نەبینیوە بە خۆ
چەندە پڕپەنگە لەنێو ئاڵبۆمەکەم جێی دیاری تۆ

ژوورەکەم ئۆخژنی نایە شێعری هەرچەند بۆ دەڵێم
چەند گران و گەورەیە گۆڕی خەم و ئازاری تۆ

زۆر لەمێژە کاتژمێری عومری من وێستاوە سڕ
مەرگ و ژینی هەر یەکێکە چاوەڕێی دیداری تۆ

پاک خودا و پێغەمبەر و پیرت لە بیر بردوومەوە
ناکەوێ هەرگیز لەسەر زارم هەرا و هاواری تۆ

مانگی من بووی و لەمێژ ساڵە لەپێش چاوم ونی
بۆتە خەونێک دووربەدووریش دیتنی ڕوخساری تۆ

گشت شەقام و تاخ و کۆڵانت لە بیرمە یەک بە یەک
ڕۆحی خۆمم ئێستە ناو ناوە بە یادت: واری تۆ

ئەو خەیاڵە شیرنە، خەونی مەحاڵیش بێ بەڵام
(ئارەزوومە هیچ نەبێ جارێکی ماچ کەم زاری تۆ)

نیشتمانی ئەرخەیانی و دڵنیایی من نەبووی
غوربەتت بەخشی بەوانەی بوونەتە دڵداری تۆ

گەرچی دەستی خۆشەویستی و مێهرەبانیتم نەدی
دەیپەرەستم تا بە مەحشەر خاک و بەرد و داری تۆ

ئاسمان و هەردی ئێرە من وەخۆیان ناگرن
چونکە پێوەندی هەیە بوونم لەگەڵ کۆساری تۆ

لە کۆڵی ببنەوە با ئەو ببێتە خاوەنی خۆی
ببێتە ڕێبەر و گەورە و سەرۆکی مەڵبەنی خۆی

هەموو کەس بەرژەوەندی خۆی دەپارێزێ لە دنیا
ئەویش با نەفعی خۆی بخوازێ، بگرێ لایەنی خۆی

حەیا و نامووسی کەس هەرگیز نییە و نابێت و نەبوە
شەرەفپارێزییە تەنها شیاو و شایەنی خۆی

ئەویش ئینسانە ئازادە کە ژینی هەڵبژێرێ
بەگشتی سەربەخۆ بێت و ببێتە خاوەنی خۆی

وڵات و مڵک و ماڵ و نیشتمانی کەس نییە ئەو
پەناهی خۆیەتی و هەم پاسەوان و پاوەنی خۆی

نە بیکووژن نە ئازار و شکەنجەی دەن وجوودی
دەروون و جەستەی ئازاد کەن ببێتە دایەنی خۆی

نە پەسنی دەن نە لەعنی کەن مرۆڤێکە بەرابەر
دەبا ڕوون کاتەوە بۆخۆی سنوور و کەوشەنی خۆی

## 126

حوکمی کام زۆرداره ئەم چاره برینداره ئەرێ
جەبری کام ڕۆژگاره ئەم عومره پڕ ئازاره ئەرێ

کامە جەللاد ئەمری کرد تا ئێمە قوربانی ببین
کامە شەو دەستووری دا بەو ژینە خەمباره ئەرێ

ئاگری کێمان دزی بوو ئێمە سووتێنراینەوە
گەنمی کێمان خواردبوو وا بووینە ئاواره ئەرێ

سووچ و تاوانمان چبوو بەربووینەوە بۆ سەر زەوی
ژین سزای نێو دۆزەخی کامە گوناحکاره ئەرێ

شووشەبادەی کێ ڕژاوە ئێمە خۆش نابینەوە
جامی دەستی کێ شکاوە لێومان باره ئەرێ

من کرێکاری غەمی ئەو چاوە بێ ئینسافەتم
ڕۆژ و شەو پاکاری گۆشەی ئەو دڵەی وەک کافەتم

چیم لە ئەربابی سەفا و مروەت دەویست غەیری وەفا
ساڵەهایە کۆڵبەری ئەو بەرزەقوللّەی قافەتم

بەردی دنیام هەر بە ڕەنجی شانی خۆم کێشا لەبۆت
بارگران ئەو سێزیەفە بێچارە و بێ مافەتم

هەوڵی زۆرم دا کە تەنیا ئیسمیراڵدای من بیێ
ئێستەش هەر، ئەو کازیمۆدۆ پڕحەزە دڵسافەتم

عالەمێکت تاسەبارن خەونی تۆم هێند دیتووە
واتە من ڕۆژ و شەوێ ئەو شاعیرە عەللافەتم

هەر باغێ کە دەیبینی لە شوێنێ نەڕواوە
دەستی زەمەنە ئێزنی ئەوینێکی نەداوە

ئەو وشکەدەرەی چۆمی بە دەریا نەگەیاندن
خەونی دە هەزار کانی بەهاران نەتەقاوە

هەر شارێ بە وێرانی کەوا ماوە لەبن خاک
گۆڕێکە بە دووری من و تۆ هەڵکەنراوە

ئەو پەنجەرە داخراوە لەڕووی ماڵە هەژارێک
دەرکێکە لە دیواری سبەینێ نەکراوە

هەر شێعرێ کە شیرین و نەنووسراوە لەلای من
چیرۆکی گەلێ تاڵ و نەگوتراوی بەدواوە

هەر گەورە کتێبێکی کتێبخانە نەدیتوو
مێژوویەکی تۆزاوییە پەی پێ نەبراوە

ئەو حەسرەتە قووڵەی گرێ بەرداوەتە ناخم
خولیای غەزەلێکە کە بزەی پێ نەبڕاوە

زایەڵەی ڕووحی زەمان دێتن لە ڕێگەی دوورەوە
موژدەی ئازادی و ئەوین دێنێ لە کانگای نوورەوە

هەرچی کۆڵان و شەقام و جادەیە ئازاد دەبن
ماڵ و مەڵبەند و گەڕەک نابەسترێن بەسنوورەوە

بیر و چەم چیتر وشک نابن بە حوکمی ناحەزان
خەونی دەریاش دێتە دی، دی بەم دەم و دەستوورەوە

کانیاو و جۆگەلە و بەفراو و ڕووبار دەبنە یەک
هەر شەپۆلە و پەل دەهاوێ بۆ نزیک لەو دوورەوە

ئەو سەرەی بەند بوو بە موو هێند کۆڵەکەی باریک دەبێ
تاکوو دەپسێ چونکە (زۆر) گەیشتۆتە ژوور ئەستوورەوە

سامی ڕێیان وا شکاوە خەڵکی ئازار پێ گەییو
جاڕی سەربەستی دەدەن گشتی لە خوار و ژوورەوە

مۆتەکەی ماتی و خەمۆکی ڕاو دەنێن ئیتر لە ماڵ
غیرەت و ئازایەتی بانگێشت دەکەن بۆ ژوورەوە

دێنە مەیدان و بەگوڕ دەنگ هەڵدەهێنن بێ ترس
بمرێ دیکتاتۆڕ دەڵێن هەموان بە کاڵ و کووڕەوە

تۆماری عومری ئاشقییە پێکەنینەکەت
تەنیا کتێبی ڕوونی دڵ و دینە؛ دینەکەت

تەرتەڕ بووە شەقامی لەمێژینی باوەڕم
بارانی وەرزی جوانییە باڵا گوڵینەکەت

لێت دوورە دەستی مردن و تاریکیی و ترس
خەرمانی خۆرەتاوە دڵە ئاگرینەکەت

دەرناچێ کەس خەیاڵی لە سەودای غەمی ئەتۆ
بازاڕی خۆشەویستییە کووچەی ئەوینەکەت

تا تۆم هەیە نە دەربەسی هەردم نە ئاسمان
کۆماری مێهرەبانییە بوونە بەتینەکەت

ئاراستەیێکی تازەیە خەونت لەبۆ ژیان
شێوازی بیر لێ کرنەوەیە ڕێ بڕینەکەت

بۆ چیمە نان و ئاوی بەقا و بەینەتی خەڵک؟
ڕێبازی بەرزی باوەڕی بارانە ژینەکەت

لەنێو هەر نمنمی بارانەیەکدا ئێستە دەتبینم
غەزەلبارانی خەونی تۆیە دەشتی گیانی غەمگینم

هەموو جارێ لەبۆم ئاسمان نیگاری تۆ دەرەنگێنێ
بنووسی دڵ وەدەستی کەوتووە تا دەفتەری دینم

هەمیشە نوقمی شیناوە شەقامی باوەڕ و ڕۆحم
لەنێو دڵدا خەیاڵی تۆ دەچێنێ شیوەن و شینم

سەراپا حەز دەکەم خۆم هەڵبخەم تەنیا لەبەر باران
لەگەڵ یادی ئەتۆ تاکوو تەواو تێکەڵ بن ئەسرینم

عەجەب ڕەسمێکی سەیری بۆ ئەوینداری هەیە دنیا؛
هەتا دوورتر برۆی توندتر ئەمن سەرگەرمی بارینم

غەمت دێت و لەناکاو ڕادەماڵێ ئەم دڵەم ڕۆژێ
ئەگەر هەروا غەریبانە بەبێ تۆ ڕابرێ ژینم

وڵات تەڕتەڕ بووە ئێوارەیە و چەند دڵپڕە ئاسمان
دڵۆپەی یادتە دەرژێ لە شێعری بێ گوڕ و تینم

عومرێکە لەژێر زەبر و گوشاری شەوەزەنگین
کۆیلەی کەسەر و دەستبەسەری سێبەری جەنگین

تینووی دەمە ئازادییەکی تۆزیٚ بچووک و
برسی کەمە ڕووناکییەکی کەیف و نەهەنگین

مەحکوومی نەبوونین و گرفتاری غەمی نان
مەجبووری برینین و لەگەڵ چارە دەجەنگین

تاریکی پەلاماری دەروونی سڕی داوین
عومرێکە لەنێو ئاوری گەمارۆی دڵی تەنگین

دیواری چ بەرزە دژی داوێن پڕی حاشا
دەستی چ درێژە ڕەشەدێوی شەوی نەنگین

گرتوویەتی دایم بە گرانی سەر و دڵمان
بەستوویەتی بینمان بە مەراقی گەلیٚ سەنگین

سەندوویەتی لێمان شەرەفی ژینی بە ڕێز و
کوشتوویەتی لێمان چەنیٚ خولیا و حەزی ڕەنگین

بردوویەتی گشت تین و گوڕی گیانی بەکوڵمان
کردوویەتی لێکترگەو و بەندی دڵی بەنگین

ڕیشە و ڕەگی ئینسانیی ژینمانی کرۆشت پاک
کوێر و کەڕ و گێلۆکە نەبین گەر، گول و لەنگین

خواردوویەتی گورگانە، مژی و خوێنی وجوودمان
ئێمەش لە بەری وەک مەڕە گێژێکی دەبەنگین

وەک مۆتەکە سواری سەری ژینمان بووە شەوگار
دانابەزێ تا هێندە لەئاستی وڕ و مەنگین

ترس و دڵەڕاوکێ و خەفەتە بەرهەمی دەستی
بۆ ئەو کەرەسەی یاریی و ئامیانی جەفەنگین

هەروا دەدزێ گەنجیی و ڕەنجی هەموو بوونمان
بێ زار و زمان تاکوو وەها بێ دەم و دەنگین

چەندها سەری پێویستە کە ئەو کۆشکە بڕووخێ؟
ئاتاجی ئەمئێستاکە ورە و دەست و تفەنگین

ڕۆژێ وەخەبەر دێ دڵ و دیدەی هەموو مەردوم
وا ناچتە سەر و نالوێ بۆی زاڵمی زەنگین

شەو لەبەر هێرشی خەیاڵی تۆ خەوم لێ ناکەوێ
ڕۆژ لەتاوی شۆڕشی ئیشقت دڵێژگەم ناسرەوێ

دوور لە تۆ تاوێ بەتەنیا لێرە ئارامم نییە
بێ تۆ هەڵناکەم دەمێ ئەی دیدەکەم لێرە و لەوێ

قەت لە بێشکەی هەستما یادی کەسی دیم ڕانەژەند
واتە بێشک هەر ئەتۆم خۆش ویستووە ڕۆژ و شەوێ

کەوتووە بێکەس لەبەر دەرکی ئەوینت دەربەدەر
خۆی دەزانێ دڵ کە تۆی تێدا نەبێ من نامەوێ

هەر ڕکەی خەونی ئەتۆ ئاسمانی ئازادی منە
بۆ هەمیشە چش لەوێدا با کەوی بم وەک کەوێ

کێی ئەتۆ بێ دەربەسی من ساڵەها خۆشم دەوێی؟
چۆنە بێ تۆ مردنم یەک چرکە پێ دوا ناکەوێ

ئەسرێکە؛ خودا ئاشقی بارانە دەکاتن
زامێکە لە ئوستوورە و ئەفسانە دەکاتن

ئەو بادەیەکە؛ خۆش دەبێ دڵداری بە بوونی
پەیمانەیەکە؛ دڵ، پڕی مەیخانە دەکاتن

ڕەنگێکە ئەوی دەنگە لە هاڵاوی دەهاڵێ
تامێکە ئەوی عەترە لەتوێی لانە دەکاتن

ڕێگایەکی نەبڕاوەیە بێ هیچ سەرەتایەک
ئاواییەکە گەرچی لە وێرانە دەکاتن

سۆزێکە دەهێنێتە سەما هەرچی کە سازە
ڕازێکە ئەوی ئاقڵە دێوانە دەکاتن

پیتێکە ئەوی شێعرە لەدەوری دەگەڕێ هەر
پەیڤێکە کە بێدەنگی بە هێلانە دەکاتن

خەونێکە خەیاڵ دەربەدەری بیرەوەری ئەو
خۆرێکە هەموو مانگێ لە خەرمانە دەکاتن

ساقی وەرە تا تولـحی بەیان بادە بهێنە
تاریکە شەوە و تەنگە دڵم مەی برژێنە

نووری ئەبەدی بادەیە چارەی خەمی ئێمە
ئەمشەو وەرە قورسایی تەمی ڕووح برەوێنە

تاریکی هەراسی ڕەشی هەڵگرتووە پێمان
ڕوو دەرخە بەجارێ سەر و ڕووی شەو بشکێنە

وەک مۆتەکە سواری سەری سینگمان بووە زوڵمەت
جوانی بدە جامی مەی و چیلوە بنوێنە

ئەم دێوەڵە زاڵە دڵی هێناوە وەزاڵە
تاوێ بە بزەی بادەی ئەوینم بدوێنە

شەو داویە پەلاماری دەروونی سڕ و تەنیا
ئەمشەو گڕی دڵداری لە ڕەگما بڕوێنە

بێزاری گەمارۆی من و تۆی داوە لە هەر لا
شەو ئێمە لە لانکەی حەزی نوێدا بنوێنە

ساقی وەرە مەی تێکە کەمێ بادە بگێڕە
ساتێ دڵی ئاوارە لەدەست غەم برفێنە

لە ترسی نان و شەپی ڕۆژگارە ماتییەکەی
بەبێ براوەیە ماشەری نەهاتییەکەی

ئەگەر دەبینی لە ئامێزی گرتووە ئەژنۆی
هەر ئەو دوو بستۆکەیە گۆشەی هێمناتییەکەی

هەڵات هەڵاتییە بۆ سانەوە دەمێک ساڵە
غەم و سەرئێشەیە ئەمما لە ژین خەڵاتییەکەی

خودا خودایەتی زووتر بگاتە ئاخری خەت
وەڕەز بووە لە هەموو ژین و شووت و شاتییەکەی

لەمێژە دێت و دەچێ بێخەبەر، غەریب و هەژار
نە خۆی دەزانێ نە هیچکەس هۆکاری لاتییەکەی

بە خۆی دەڵێ: چ دەبوو بەردێ، دارێ ببوایەم
مڵۆزمێتی دڵ و ڕووحە ڕۆژەڵاتییەکەی

هەمیشە کار و تەقەللایەتی بۆ نانەزگێک
شکەنجە بوو هەموو چرکەی ژیانە کاتییەکەی

کچێ هێند شانە لە ئەو پرچە پەرێشانە مەدە
هێندە دڵ لەم سەدە تاریکە وەبەر تانە مەدە

سەری پەتیارە لەنێو ئەم ڕکەدا پێوە بووە
بێ بەڵا بی! بەزەیەک! چاری بەدەست شانە مەدە

هەموو تاڵ تاڵ بووە وەک بسکی درێژدادڕی تۆ
دە ئەوەند جەزرەبەی ئەم زامگەلە وێرانە مەدە

هەر ڕەگێکی لە هەزار ڕێوە بە تایەک بەندە
ڕووگە تۆ تێک و مەکان لەم دڵە بێ لانە مەدە

نیشتمانی منی ئاوارەیە بسکی بە گرێت
گیان غەریبانە بەدەست بایەکی بێگانە مەدە

بۆ ئەبەد لێی گەڕێ ئەم داوە بە هێلانە بکا
بەردی بێ ڕەحمی ئەوەند لەم مەلە دێوانە مەدە

من بەبۆنەی سەری زولفت بەدڵ و داو هاتم
داو لەبۆم دامەنێ تەفرەم بە دنە و دانە مەدە

چاوەڕێی ئەو غەزەلەم؛ نایبڕێ ئازاری دڵم
ئاشقی ئەو وشەیەم؛ نایەتە سەر زاری دڵم

حەز بە ئەو شێعرە دەکەم هێشتە نەنووسراوە لەبۆم
ئەو قسەم خۆش دەوێ قاڵن بووە پێی باری دڵم

ناشکێنێ چ شتێک شووشە مەراقی تەمەنم
مەگەر ئەو دێڕە کە نەڕواوە لە ئادگاری دڵم

کوانێ دەتوانێ کە سوکنایی ببەخشێ بە هەناو
هەر دروشمێکی کە سووک بدرێ لە دیواری دڵم

ناکرێ هێندە بەبێ تۆ شەو و ڕۆژ وەربکەوم
بەهەڵە ڕابرە جارێک خەوی نادیاری دڵم

ئیستعارەن لە ئەتۆ دێڕ و وشە و شێعر و غەزەل
هێندە شاراوە مەڕازێنەوە گۆڤاری دڵم

ئەم هەموو ڕستن و ڕیزکردنە بۆ گەیشتنە پێت
تا درەنگ نەبوە بە ڕوونی وەرە دیداری دڵم

لێمگەڕێن ڕابێم بە مەرگی بێ ئەمانی خۆمەوە
نمنمە بادەی دەروونم هەڵدەم و بیخۆمەوە

دەمهەویست ببنە سنوورێکی بەرین بۆ باوەشت
نەمدەزانی وشک ئەبن دەستم بە دوو ئەژنۆمەوە

دەمگوت ئاسوودەش نەبم خۆلانیکەم ئازاد دەژیم
دڵ نەحەجماو ئێستە دیلێکم بە ڕۆحی کۆمەوە

من لە خۆمدا کۆمەڵێک بووم ئاشنا ئێستا کەچی
بۆ هەواری پڕ خەمی خۆم لێمگەڕێن نارۆمەوە!

ماڵی سەد هیوا زەمانێکی بە من ئاوا دەبوو
مات و ماتڵ ئێستە داماوم بەدەستی خۆمەوە

هەر ڕەگێکم پەنجەرەی نۆتێکی نوێ بوو سەردەمێک
ماری سەد زام ئێستە پێچراوە بە تانوپۆمەوە

ڕۆژگارێکی درێژم ڕابوارد ئەمما جەخار
یەک تروسکەی، شەو نەهێشت دیار بێ بەدەم ئاسۆمەوە

داری تەنیایی پەلی هاویشتە نێو حەوشەی ژیان
سێبەری تاریکی خستە سەر دڵەی پڕ سۆمەوە

بێکەسی بەردەرکی لێم گرت و منی کردە کەسی
دیارە دیوارێک لەپشت چوارچێوەکەی بێهۆمەوە

بۆ چمە ژینێک شەو و ڕۆ هەر سەرئێشەی پێوە بێ
ژانی تاوانێک نەما خۆ نەیگرم بەستۆمەوە

*خۆشەویستی ئەو درۆزنە مەزنە بوو دەستی بڕیم*

*لێمگەڕێن ئێوە و خودا پێستی دەبا بگرۆمەوە*

من دەقی دوو چاوی تۆم سەدها کەڕەت خوێندۆتەوە
واتەیێکی نوێترم هەر جار تیا دیتۆتەوە

هێند تەڕ و پاراوە پەخشانی درێژی پرچی تۆ
چاوی ڕووناکی گەلێک شێعری سپی کردۆتەوە

بەیتی لێوت هێندە شیرینە لە زارم ناکەوێ
خاڵ بە خاڵ و پیت بە پیت ئەو کەندووەم مشتۆتەوە

ئەو وتارەی بەژن و باڵاکەت پوخت دایڕشتبوو
مێشکی شێخ و واعیز و کۆلکەمەلای شۆردۆتەوە

تۆ درێژەی جوانی خۆتی و ئێمە ناچاری ئەتۆ
دەستی سەدها نووسەرت بەو شێوەیە بەستۆتەوە

وەتەن ئەو زامە کە نابێتەوە خۆش
وەتەن ئەو مەستە کە نایێتەوە هۆش

وەتەن ئەو ماڵە کە ڕووخاوە لە من
وەتەن ئەو باڵە کە بەسراوە لە من

وەتەن ئەو ڕێگە کە لاڕێ بووە لێم
وەتەن ئەو جێگە کە دوور کەوتووە لێم

وەتەن ئەی زامی دڵم بیرەوەریت
وەتەن ئەی دەردی سەرم کوێرەوەریت

وەتەن ئەی کۆشک و تەلارم خەمی تۆ
وەتەن ئەی باغ و بەهارم تەمی تۆ

وەتەن ئەو خەونە کە کوژراوی ئەوم
وەتەن ئەو هەستە کە نێژراوی ئەوم

وەتەن ئەو دارە پەل و پۆی کە شکا
وەتەن ئەو شاگوڵە خوێنی کە تکا

وەتەن ئەو کاتە کە شەو ماوەتەوە
وەتەن ئەو بادە سەری ناوەتەوە

وەتەن ئەی ئایەتەکەی سووڕەتی هەرد
وەتەن ئەی شامەلەکەی باغچەیی دەرد

وەتەن ئەی خاک و گڵت مەرهەمی دڵ
وەتەن ئەی دار و چڵت بەرهەمی دڵ

وەتەن ئەو شۆخە کە شێعری ئەزەڵە
وەتەن ئەو واژە کە ڕۆحی غەزەڵە

وەتەن ئەو لاوە کە مەرگی پێوا
وەتەن ئەو ناوە کە نەقشەی شێوا

وەتەن ئەو خۆرە کە هەڵناسێ لە خەو
وەتەن ئەو کۆیلە کە ڕاناسێ لە شەو

وەتەن ئەی تەشکی ئەشق، داوانت
وەتەن ئەی مێرگی برین، پاوانت

وەتەن ئەی زەردەخەنەت شێعری ژیان
وەتەن ئەی نەرمە شنەت ئایەتی گیان

وەتەن بوو بە چیرۆکی گوێ ئاگردان
وەتەن بوو بە حەکایەتی باپیران

وەتەن بوو بە پرسێکی بێ نیشان و
وەتەن بوو بە نیشانێکی سەرسووڕمان

وەتەن بوو بە نوقتەی حەرفێکی بێدەنگ
وەتەن بوو بە سەروای شێعرێکی دڵتەنگ

وەتەن بوو بە نامەی بێ شەقڵ و ئیمزا
بە ڕێبوارێکی بێ پاسپۆرت و ویزا

وەتەن بوو بە دیمەنی پەرتی خەیاڵ
بە یادگارێکی دووری کۆنەساڵ

وەتەن بوو بە وێستگەی خاڵی لە دیدار
وەتەن بوو بە ورتەی تەنیایی ڕێبوار

وەتەن بوو بە پرسەی مانگی خەزەڵوەر
وردەمەلێکی تەنیا و بێ هاوسەفەر

وەتەن بوو بە ورشەی خەونێکی زوێر
وەتەن بوو بە نیگای کیژێکی دڵگیر

وەتەن بوو بە زامێکی توێتوێکراو
وەتەن بوو بە نەخشەی دەستێوەردراو

وەتەن بوو بە سەردێڕی ڕۆژنامەکان
وەتەن بوو بە قسەی زلی نێو پاڕلەمان

وەتەن بوو بە کۆنەپەڕۆی سەر چاکان
بە جلک و پێڵاو، قەرەپووڵی گیرفان

وەتەن بوو بە تانەی تەلبەندی سنوور
وەتەن زۆر نزیک بەڵام دوور هەرەدوور

وەتەن بوو بە هەر شتێک و قەت نەبوو
بەو شتەی دڵی من هەیبوو ئارەزوو

چارەنووست؛ کەوتە بن بارستی زستانی دزێو،
ئەی برایمۆک! کام پەریخان ئیشقی تۆی بێ دێ ڕەنێو؟

کەوتە ناو ئاڵقەگەمارۆی لەشکری شەو؛ ژینی تۆ
خانی لەپزێڕین! قەڵای ئیشقت نەمێنێ بێ خدێو!

بۆسەیێکی بۆ بەسەرهاتت زەمانە نایەوە
زۆر دەترسم بۆی شنۆی ئیشقیش ببا سمکۆ لەنێو

توندوتیژ ڕاچوو لەتوێی عومرت پەلی سەد دارەبەن
هۆ سیامەند! دیارە داتناوە لە ڕێی ئیشقا گرێو

بەختی تۆ کەوتۆتە بەردەستی عەزیزی داسنی
سەیدەوان! نەیپێکێ ئەو ئیشقەی کە خۆی کردی بەخێو.

لە بیری بەرنەوە ئەو ماسیێکی بێ ئاوە
لە بیری بەرنەوە ئەو شەونمێکی بەر تاوە

مەلێکی بەستەزمانی غەریب و کۆستکەوتوو
لە بیری بەرنەوە سێرووی لە گەل بەجێماوە

بەیارە، بوورەیە، خاکێکی کەس نەکێڵە ئەو
لە بیری بەرنەوە عەردێکی وشک و قەڵشاوە

هەمیشە شێعری خەم و دەردی غوربەتی پێیە
لە بیری بەرنەوە ئەو شاعیرێکی داماوە

شرۆڵ و لەت لەت و کۆنە، دڕاو و پڕ پینە
لە بیری بەرنەوە پارچە پەڕۆی فڕێدراوە

نەزانی باشترە بۆ ئەو، خودا بدا خێرتان
لە بیری بەرنەوە کێیە و لە کوێیە؟ چی ناوە؟

ژیانی چۆن بووە؟ کام مۆتە سواری جەستەی بوو؟
وەبیری بێننەوە ئەو وەختە لێرە کۆچاوە

ڕۆژگارێک خۆشەویستی بوو سروود و بەستەکەی
پردی پێوەندی ئەوین بوون ئایەتی دوو دەستەکەی

بۆ شەوی ژین هەر بەتەنها مێهرەبانی شک دەبرد
بۆ چرای ڕێ پێی دەزانی هەر سەرە پڕ هەستەکەی

سەد مخابن جەردەی ئازار و خەفەت جەرگی بڕی
بوو بە مەیخانەی خەم و ژان ڕۆحە پیر و خەستەکەی

پەنجەکانی هەڵوەراند و پەنجەرەی لێ پێوەدا
داخەکەم دنیا پڕووکاندی دڵە سەربەستەکەی

گشت جیهانی هەر بە ماڵی خۆی دەزانی سەردەمێک
ئێستە گەورە و زیادییە پێی گۆشەی ئەژنۆ سستەکەی

ئارەزووی بوو دوێنێ داهاتوو بە جوانی ڕۆبنێت
ئێستە ئاواتێتی نەیبینێ سبەینێ پەستەکەی

چەندە دڵخۆش بێ دەبێ بەم ماڵە ڕەنگینەی ڕیا
شێعری وەختێ ناودەنێ خۆی، شادرۆ هەڵبەستەکەی

تیشکی دەڵێی نەدیتووە یەک چرکە یا پەڵەش
تێیدا نەماوە ڕۆشنی خاڵێکی چووکەڵەش

کووژانەوە گڵۆپ و چرای عومری یەک بە یەک
ڕەش بوونەوە پەڕەی گەشی ڕووحی سپیکەڵەش

هیوا ئەگەر چرۆ و چەکەرەی گیانی بوو وەری
بۆ سەر دڵی نەهامەتە بارانی سەرپەڵەش

بەسرا سەرنجی پەنجەرەکەی ئارەزوو لە ڕووی
مۆتەی ڕەش و ڕمووزنی نەستێتی کەڵکەڵەش

یەک کاری چاکی ماوە لە ژیندا ئەویش نەمان
ڕزگاری بێ بڵێی بە مەرگ ڕۆژێ لەو هەڵەش؟

لەو نزیکانە دەترسم کە بە خەونیش دوورن
لەو پەلانەش کە سبەی دەسکی مشاریّ کوورن

ئەرخەیانم لەوە وا دوژمنی ڕاستەوخۆیە
ئاوەڵی ڕۆژ و شەوی لەبنەوەبڕ ناجوورن

جێی مەترسی نییە بێگانە ئەگەر پێتەوە دا
ناسیاو سەختە لە ئێسقانەکەشت نابوورن

ئەو بناوبوێرە شەڕت پێ دەفرۆشێ خەتەرە
نەوەک ئەو بێغەرەزانەی کە لە ڕاستی دوورن

ئاڵوواڵان سەد ئەوەندەی شرە دێوجامەیی ڕاو
ئەو کەوانەی خەت و خاڵ شینن و دەندووک سوورن

کەس نییە بێنێکی تۆم بۆ بێنێ لەم بۆسارەدا
وەختە قڕ بێ ڕووحی نامۆم لەم گەناوی شارەدا

کەس نییە بۆم هەڵبکا تاڵێکی کاڵی دەنگی تۆ
وەختە بزڕێ تانوپۆم لەم مەرگە بێ هاوارەدا

کەس نییە بیکاتە بەر دنیامەوە یەک پەڕ نیگات
وەختە ڕەق هەڵبێ دڵم لەم قاقڕی شەوگارەدا

پەردەیەک داناکەوێ تا تۆ لە توێیدا دەرکەوی
کەوتووم بێدەنگ لە پشت قورسایی ئەم دیوارەدا

هیچ شەقامێک نامگەیێنێتە ئەتۆ هەرچی دەڕۆم
پێچ دەخۆم چەشنی برین بەم کووچە پڕ ئازارەدا

کەس نییە ناوت بە گوێی گیانما بچرپێنێ و بڵێ:
ڕەنگە ڕابووری تەزوویەک بەم لەشە بێچارەدا

دەست دەگێڕم بۆ پەلی یادێکی کۆنی دوورەدەست
خۆ دەنا دەمکووژێ دووریت لەم دەمی ئێوارەدا

ڕەنگەکانی تۆ نەبن کەی ئاشنای ئیشقم ئەمن
خۆزگە دەتناسیمەوە لەم غوربەتە غەمبارەدا

غەیری تیشکی جوانی تۆ هیچ نارژێنمە شێعرەوە
سەد ترافیکم لەدەور ئاڵا بێ لەم ڕۆژگارەدا

چیم لە گۆڕانی هەوا داوە و لە باران و ژیان
شوێنەوارێکت نەبێ گەر تۆ لە ئەم ژیوارەدا

من بادەیەکی تاڵی پڕاوپڕ لە گرین و
من ئادەیەکی دووری سەراسەر بە برین و
من وادەیەکی خاڵی لە هێز و گوڕ و تین و

من جادەیەکی ڕوو بە نەهاتی نەحەساوە

ئەو خانووە دەیبینی کە ڕووخاوە منم من
ئەو شاتووە خوێناوی کە پرژاوە منم من
ئەو جوانووە لەم دەشتە بەجێماوە منم من

ئەو ماندووە کە خۆشی لە دڵدا نەگەڕاوە

عومرێک تەمی تەنیایی تەوێڵی هەموو کێڵا
عومرێک خەمی بێ نانی دەروونی هەموو شێلا
عومرێک چەمی پڕ ئاوی بەجێی جارێ نەهێڵا

هاکا شەمی گیانی لە کزی دای و کوژاوە

من نوقمە لەنێو غوربەتی خوێنتاڵی خۆیدا
نامۆیە لەنێو کۆمەڵە ڕەشماڵی خۆیدا
هاکا ورەیێکی لە پەڕ و باڵی خۆی دا

ڕۆیشت و بەرە و ئێرە ئیتر قەت نەگەڕاوە

لە ئاران و هەواران
نەماون خێڵی یاران
بوونە پاوانی دوژمن
گشت کووچەباغی شاران

سووچی زیندان ناوماڵە
خەونی شیرین مەحاڵە
بێستوون لە ئیشق بەتاڵە
فەرهاد جێی سیاچاڵە

منداڵەکان وەرنە دەر
ئازادی بگرنە بەر
خەڵکینە خاکمان بەسەر
شەیتانە بۆتە ڕێبەر

تەماح لە ژیانت دەبڕن
ئیمانت بەزۆر دەکڕن
داگیر دەکەن دەروونت
تف بە خەڵوەتت دەسڕن

دەبێ بمری لە خۆتدا
دەنا ئەوان دەتکووژن
دەبێ بێدەنگ بی و دەبەنگ
تا نەتدەن سەنگ و سووژن

داگیر دەکەن خێزانت
منداڵت لێ دەستێنن
بە مەدرەسە و بە مێدیا
ماڵباتت دەڕووخێنن

خەونت ڕاودوو دەنێن
دەروونت دەڕووشێنن
خولیات پەلامار دەدەن
کرمت پێ هەڵدەهێنن

گەماڵی وەک وان کەمە
دایم پێت دەکەن گەمە
خوێنت دەخۆن بە خۆشی
لەبری شەراب سێ ژەمە

سەر لە سێبارەی شەوێ ئێرە بەجێ دێڵم دەڕۆم
وەک خەیاڵێک و خەوێ ئێرە بەجێ دێڵم دەڕۆم

زۆر مەبارەک بێ لە خۆتان و خودا دنیاکەتان
بوونی وا من نامەوێ ئێرە بەجێ دێڵم دەڕۆم

هێندە بێدادی لە توانا و تاقەتی مندا نییە
ئەو تەمەم پێ نارەوێ ئێرە بەجێ دێڵم دەڕۆم

من جیهانێکم دەویست پڕ بێ لە یەکسانی و ئەوین
ئەم حەزەم سەر ناکەوێ ئێرە بەجێ دێڵم دەڕۆم

کوانێ بەرگەی جەنگ و گریانی مناڵ دەگرێ دڵم
وەک برووسکە و لووزەوێ ئێرە بەجێ دێڵم دەڕۆم

ژن هەتاکوو نۆکەر و کاڵا و کەرەستە و کۆیلە بێ
ڕۆح و هەستم ناسرەوێ ئێرە بەجێ دێڵم دەڕۆم

وەک مەکینەی شەڕ، مرۆ تا کوێ دەبێ دووپات بێ؟
گەر دەروویەک دەست کەوێ ئێرە بەجێ دێڵم دەڕۆم

ڕوو لە ئاوایی نەبوون، هەنگاوی گیان قۆچاغ دەکەم
ناشکێنم سەرخەوێ ئێرە بەجێ دێڵم دەڕۆم

چیم لە دانە و داوی دنیا داوە ئازادیم بێ
دەست بدا تاوێک لەوێ ئێرە بەجێ دێڵم دەڕۆم

هێندە دڵتەنگم لە داخی ئەو ڕکانەی ڕۆژگار
گەر کەوی بم وەک کەوێ ئێرە بەجێ دێڵم دەڕۆم

کۆڵبەریی خاک و سنووری خۆم نەکەم بۆچی بژیم؟
پشکی دوشمن بم شەوێ، ئێرە بەجێ دێڵم دەڕۆم

ئێمە مەحکوومی ژیانین و درێژەی کامە دەرد؟
بۆڵەبۆڵی کێهە دارین و بیانووی کێهە بەرد؟

هەر دەڕۆین و پەرت دەبین، هەر ڕادەکەین و ڕۆدەچین
دیلی دەستی کامە وەرزین و ئەسیری کامە زەرد؟

لەعنەتی کێها خوداین، تووک و نزای کامە زەمان؟
وا لە خۆماندا غەریبین و بەرهەڵدای خاکی سەرد

خانەدانین و بەتەنیا، شەشدەر و تاڵانکراو
داشەهارەی کامە دامەین و حەریفی کامە نەرد؟

شووشەبادەی کێ ڕژاوە ئێمە خۆش نابینەوە؟
کامە ئاوێنە شکاوە بووینەتە پاماڵی گەرد؟

کێهە ئیبلیس ئێرەیی برد هەڵوەدای ئێرە کراین؟
تووڕەییێتی کامە یەزدان بوو هەڵی داشتینە عەرد؟

کێ، لە کوێ و تاکەی بەکوڵ دەگری و دەناڵێنێ کەوا؟
ئێمە ئاوبردەی برینین و بواری دیق و دەرد!

پردی کوێی دنیا ڕماوە ئێمە ناگەینێ ئەبەد
بەردی کێ داوە لە کەعبە؟ درکەجاڕن شیو و وەرد!

شتێکی تازە بڵێ چەشنی خۆشەویستی بێ
بە وێنەی ئاگر و بادە، خەیاڵ و مەستی بێ

شتێکی تازە بڵێ بەر لەوەی بگاتێ مەرگ
شتێک کە دوور لە خاپین و خۆپەرەستی بێ

شتێک بڵێ دڵی شێعرم بداتەوە لێرە
هەوێنی هەست و هەناسە، حەز و دروستی بێ

شتێک هەتا نەپرووکاوە پەلکی گیان و دڵم
لەمێژە پێشگرە بۆ ئیشق و خۆشەویستی "بێ"

شتێک کە ژیکەڵەتر بێ لە پەیڤەکانی پێشووتر
لە ژین پڕاپڕ و ڕۆح و زمان و هەستی بێ

(شتێک بڵێ توخودا بەرلەوەی هەموو بوونم
نغرۆی غەم و فرمێسک و خەمۆکی پەستی بێ)*

شتێک کە بڕەوێنێ مەراق و دڵتەنگی
کلیلی بەختەوەری و سەروەری بەدەستی بێ

شتێک کە ڕاو بنێ دێوی دزێوی تاریکی
بەبێ کەمایەسی خۆری هەبوون و هەستی بێ

شتێک کە بگەشێنێتەوە کوانووی ژین
لەگوێن ئەوین نەمر و زیندوو چەشنی خۆشەویستی بێ

کووچەکانی دەنگت ئێستاکەش تەڕ و بارانییە؟
باڵەکانی نیونیگات ئێستاکەش هەر ئاسمانییە؟

هەر لەبۆ باران ئەلفبێی ئاوەدانی دادەدەی؟
پیتەکانی ناوت ئێستاش پڕ جریوەی جوانییە؟

ڕووحت ئاوێنەی ئەوینە و ئاوی ژین ئازیزەکەم؟
ڕوونن ئاسۆکانی هەستت هەر بەوێنەی کانییە؟

ئێستەش هەر کووپی دەروونت پڕ لە قاوەی تاڵی خەم
کافەکانی بیرت ئاوێتەی شکۆی ئینسانییە؟

پردی دەستت هەڵدەبەستن هەر سروودی ژینەوە؟
پێکەنینت ئاخۆ ئێستەش زایەڵەی یەزدانییە؟

ئێستەش هەر بەو جوانییەی شاعیر وتی، واتا کە ڕێک
(بەژن و باڵاکەت نموونەی هەیکەلی یۆنانییە؟)

هەر کەسێک دۆستی تەواوی خۆیەتی و هێشتا ئەمن
دووری دیداری ئەتۆم پێ دوژمنێکی گیانییە

ساڵەهایە بێ سەر و شوێن ماوم و خۆم لێ ونە
هەر لە بەندی یادی تۆدا ئەو دڵەم زیندانییە

ئارەزوومە هیچ نەبێ سەد جاری تر ڕابمەوە
بەو دەم و دەستەی مەسیحاشی لەبۆ قوربانییە

یادگارێکە ئەوینت قەت لە بیر ناچێتەوە
کار و پیشەم هەر هەمیشە لێرە چاوەڕوانییە

جادەکانی غوربەت ئێستاش من وەبیرت دێننەوە؟
نیشتمانێکی سەرهەڵگرتوو کە کوردستانییە؟

هەر ڕەگێکت ڕێگەیەک بۆ ترپەترپی پێی دڵم
خانەکانی جەستەت ئێستاش خەونی دوای وێرانییە؟

باوەشت دەریایەکی پڕ ئاگرین و بێ سنوور
جاربەجار ئارام و جارجارەش گەلێک تۆفانییە؟

بۆ شەرابی بسکت ئێستاش ئەو لەشەت هەر شووشەیە؟
بۆ شەپۆلی بەژنت ئێستاش بادە هەر گریانییە؟

هەر منم ڕێبواری خووساوی بەبێ سیلەی ئەتۆ
کووچەکانی دەنگت ئێستاش هەر تەڕ و بارانییە؟

ئاورێ پکەوە ئەمماڵە کچێ تینی براوە
پڕ فیتنە بگێڕە بە گڕی ئەو ڕەشەچاوە

بەرپا بکە بەم شیرنی ماچی دەم و لێوە
لەم شارە کپە شۆڕشێ قەت دانەکوژاوە

دەریا بهەژێنە بە شەپۆلی لەش و لارت
خێرا بخە ڕێ هەرچی چەمی خەو نەزڕاوە

میوەی حەز و ئازادی لە ئامێز بوەرێنە
واتا بکەوە باوەش و چارشێو بنێ لاوە

سەرهەڵنەدەن ئەو جووتەمەمە سێوە لە ستیان
سەرناکەوێ قەت جۆشی شەقامێکی هەژاوە

تۆ بگرە لە گوێ گوارە بلاوێنێ دەبا گیان
چل ساڵە لەپای دارە سەری ئەم هەموو لاوە

لەم مۆنجی نیگا و جوانی وجوود و سەر و ڕوویە
تەنیا دەپرینگێتەوە ئەم مۆتەکە پیاوە

خۆش پێ بکەنە قاقە بکێشە مەحەوێوە
دا شوورەیی! هەرکەس بڵێ گۆمێکی گڵاوە

بێدەنگ مەبە دەنگ هەڵبڕە داوت بپسێنە
سەد کەوشەنە بەو بانگی ژنانەی تۆ لەراوە

ڕەشماڵی تەمەن بسکت و ئاڵامە بزەی تۆ
بەرز با بشنێن و بشەکێن دایمە بە باوە

شەقڵی ژانی تەمەنی تامەزرۆییم بشکێنە
دڵەکەم خاڵییە خۆتی وەرە تێدا بنوێنە

چ دەکەی هێندە لەناو خەون و خەیاڵی پڕی خاڵی؟
وەرە نیوەی بزرم بوونی ڕەپت ڕابگەیێنە

هەر لەبەر تۆیە کە ئاواڵەیە ئامێزی ئەوینم
بۆ هەمیشە وەرە ئەم میوە لە باوەش بوەرێنە

ئەوە کردوومەتەوە دەرک و دەلاقەی کوڵی لاوی
سەرێ لەم ماڵە بەدوورکەوتووە جارێکی هەڵێنە

هەموو هەستم ئەوە هەڵخستووە بۆ بیستنی دەنگت
بەندی گیان و تەلی سازی دڵی ناساز مەپسێنە

وەکوو چوارچێوەیەکی کۆنە ژیان کەوتووە بێکەڵک
ڕەنگی ئاشنایەتی ئیشقێکی نوێی لێ بپژێنە

بەرز و بێڕادە وەسەر کەوتووە دیواری وجوودم
بن و بنچینەی هەموو لابەرە تێکی بڕمێنە

ئەو شەقامە شەو و ڕۆژی گەلێ تاڵ و ڕەشی دیوە
دەمێ لێی ڕابرە تۆ و شارەگی ژینی بجمێنە

هەرچی کۆڵانە بە لاق و لەتەرمدا ئەوە پێچرا
گەورەڕێگای حەزی بێ دوایيت هەتا ئەم دڵە بێنە

کاتژمێری سەری پەستم حەپەسا دەستەک و میلی
تۆ بەدەوری غەمی خۆشتا دڵ و دین هەڵبخولێنە

لەبەر ئەو پەنجەرە گوڵدانی چەمم خاڵی دەنۆڕێت
گوڵی ڕەنگینی ئەوینی وەرە تێدا بڕوێنە

لەوەلا پێکەوە هەڵناکەن ئیتر ئاوەز و هەستم
تۆ وەرە و کەڵکەڵەبیر و دڵەڕاوکەم بحەوێنە

دەنگی بێدەنگیی و بێزاری دەرووی پاکی تەنی لێم
وەرە بانگ بێڵە بە کاوی دڵی خۆتم بدوێنە

دەشێ بیگێڕمەوە و ناشێ لەبۆ گێڕانەوە چ بکەم؟
دەبێ بیخوێنمەوە و نالوێ لەبۆ هەڵدانەوە چ بکەم؟

برینێکە و لەبن نایە، نهێنێکە و لە دڵدایە
چ هێقێکە کە بۆم نایە لەبۆ هێنانەوە چ بکەم؟

ئەوەند دەردێکی بێ دەرمان و هەتوانە کە پێم وایە
کەسی دیکەی دەرۆست نایە دەمی سووتانەوە چ بکەم؟

دەنووسرێ نا، دەگوترێ نا، دەبیسرێ نا، لە بیر بکرێت؟
دەترسم سەرلەنوێ هەڵداتەوە هەڵدانەوە، چ بکەم؟

چ ژانێکە کە نانووسرێ چ ئێشێکە کە نابیسرێ
دەڵێی کەوتووومە ناو گێژێکی بێ ئامانەوە چ بکەم؟

نە دەتوانی کە باسی کەی، نە بۆت دەکرێ لە بیری کەی؟
چییە ئەنجامی ئەم ماتی و وەبیرهێنانەوە چ بکەم؟

ئەوان هاتن بە خەونی ڕەش، بە ئاڵای مەرگ، بە ناوی خوا
بڵێم چی، چیان بەسەر هێناین، چلۆن گیرسانەوە چ بکەم؟

وەکوو ئەو گێڕەوەی مت ڕادەمێنێ سەردەمێکی زۆر
مەگەر ئەمنیش وەها لاڵ بم بە سەرسووڕمانەوە چ بکەم؟

نە ڕێی هەڵهاتن و چوونە، نە جێی دانیشتن و بوونە
نە مەودایەک لەبۆ جێهێشتن و بادانەوە چ بکەم؟

بەسەرهاتێکی زۆر تاڵە و تەمێکی قورس و زۆر تاریک
دەبێ بیگێڕمەوە و ناشێ لەبۆ گێڕانەوە چ بکەم؟

## 157

هەرچی جوانی ڕۆییوە ڕۆژێ بەرەو لای دێتەوە
نیشتمانێکی لە دڵدا سەرلەنوێ دەڕوێتەوە

هەرچی کووچە و پەنجەرەی بەسراوی نێو ڕووحی هەبوون
ڕوو بە شاری خۆشەویستی ڕۆژێ بۆی دەکرێتەوە

هەرچی پاژی لەتلەت و پرژ و بڵاوی ناوی بوو
یەک دەگرن و گشت دەبێت و بوونی ڕۆ دەنرێتەوە

هەرچی کانیاوی حەز و مەیلە کە کوێر بووبوون لە ئەو
بەم بەهاری شۆڕشە سەرچاوەکەی دەژێیتەوە

خۆش و ئاسوودە لەپاڵ تۆ دادەنیشێ ئەرخەیان
ڕۆژێ ڕێگای ئەم نەهات و مەینەتەش دەبڕێتەوە

پێشکەشی دیداری ڕوونی تۆی دەکا پاک هەندەران
یەک بزەی کاڵت بەدڵ گەر ساتێ بۆی بشنێتەوە

بەختی دەیهێنێ خەڵاتی خۆر لە ئاسۆی دوورەوە
بووکی ئازادی لەنێو ئامێزی خۆی دەگرێتەوە

دەرکی غەم گاڵە دەدات و ڕوو دەکاتە پێکەنین
تازە ئیتر قەت بەرە و ئەم سەردەمە نایێتەوە

هەر هەموو سەرمایەکەی سەودای خەمە و خەون و خەیاڵ
ژینی دانابێ، لە شێعری، ڕۆژێ تێ دێنێتەوە

(نابێ قەت ناڵەی جودایی بێ ئەسەر) بڕوایەتی
هەروەکوو هێمن ئەویش هەر دێتەوە و هەر دێتەوە

شەوانی شەو لەگەڵ خۆت دانەنیشتووی قەت بە شەیدایی
وجوودی ڕووتی خۆتت تۆ نەدیوە وا بە واڵایی

لەگەڵ دڵتەنگیدا هەرگیز نەبووی ئاودەنگ شەوانی دوور
نەبۆتە هاوزمانت ساڵەهای ساڵ دەنگی بۆشایی

سەرنجت هەڵنەخستوە قەت سریوەی با ببیستی تا
نەکورکاوە دڵت بۆ سرتەسرتێکی بەئەسپایی

مەراقێک قەت بەری بینی وەها توند پێ نەگرتووی تۆ
پەنا بەی بۆ فەرامۆشی و لە بیری کەی ڕووناکایی

من ئەمما زۆر شەوان تاک و بەتەنیا دوور لە تۆ کەوتووم
دڵم داوە بەدەست یەک سروەبای فێنک بەخۆڕایی!

من ئەمما زۆر شەوان خاڵی و خەفەتبار و خەیاڵاوی
سەری هەڵگرتووم پێ بادەکەی دەردێکی بێ دوایی

هەزاران شەو لەناو گۆڕی نەگۆڕی غوربەتی خۆمدا
هەڵیگرتووم خەیاڵ تا سەرسنووری دووری تەنیایی

من و تۆ قەت لە یەک ناگەین، من و تۆ قەت بە یەک ناگەین
ئەتۆ جوانێکی دڵخۆش و ئەمن پیرێکی سەودایی

لەنێو کۆڵانەکانی پڕخەمی شەوگاری بێزاری
ئەتۆ خۆش بە کە تاپۆی ڕووحمە فێرە بەڕەڵڵایی

ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ من نەمردم
لەلات نارۆم بەهەشتیش بێتە پردم

ئەوەندە خاڵییە جێگەت لە ژینم
کە نانووسرێتەوە ڕۆمانی دەردم

بە بادەی یادی تۆم داوە دڵ و دین
سەر و ماڵت بە بۆی ئەو بسکە بردم

بە جوانی ناوی تۆم بەخشی ژیانم
لە خۆشی چاوی مەستت بوو کە مردم

خەیاڵت پێی بڕیوم ڕێی خەم و دەرد
حەز و خۆزگەت لە ژین و بوونی کردم

بە تاسەی تۆوە تاسا هەست و بیرم
لە تاوی تۆ نەماوە دەستوبردم

وەخۆیم ناگرێ خاکی غەریبی
کە ناسیاوی ئەتۆیە ڕەنگی زەردم

بە بەرد و داری دووری خۆت ڕەدام من
کە تاو و ئاوی ئێرەن دار و بەردم

چ ها ژەنگی هەڵێنابوو دەروونم
لە ئاوێنەی نیگایەکتا بوو شردم

کەلاوەی ژانی تۆیە پەنجەرەی ڕووح
کڵی ڕووخاوتە پەرژین و پردم

بەهۆی سوکناتە ئاوارەم لەناو خۆم
لەبەر ڕۆشناتە ئاشنای چۆڵ و هەردم

هەموو سەبر و قەرارم ڕۆی بە تاوێک
خەوێک بردی تەواوی خاو و خوردم

پەڕۆکی دڵ لەدەورت هێند فڕیوە
بەسەر گۆناتەوە ئێستاکە گەردم

سەری هەڵگرتووەوم بێنی نەبوونت
هەراسی کردووەوم فرمێسکی وردم

خەیاڵ دەمباتەوە بۆ ڕۆی قەرارت
قەرار دەمداتە دەست هەستی زگوردم

بەیاری بیری کێڵا سۆزی دەنگت
دەواری دەردی پێوا ئاخی سەردم

غەزەل دوورا بە باڵای ماتەمی تۆ
بڕی وەرزی خەفەت گش شیو و وەردم

هەرێمی سەربەخۆی باران ئەگەر تۆی
وڵاتی بێ نەوای نان و نەبەردم

بڕۆ سۆفی مەماسێنە سەری خۆت
لە مەیخانەی ئەویندا سافە دوردم

لە هەر لایەک کەسێک نەیهێنێ بەختی
وەبیرم دێتەوە ئەمنیش کە کوردم

لە دامەی ڕۆژگاردا هار بوو داشم
کە شەشدەر جێی نەما ئیشقت لە نەردم

دڵ بەهارێکی دەوێ پڕ ڕێژنەی بارانە بێ
سەر هەوارێکی دەوێ زۆر فێنک و مەستانە بێ

گیان وەئامان هات لە دەرد و دووکەڵی ئەم شارەدا
ڕووح بنارێکی دەوێ بێدەنگ و پڕ ڕازانە بێ

وەختە خۆ ویشکایی دابێ دەشتی سەوزی ئارەزوو
ژین ئەوینێکی دەوێ بێ کەوشەن و تاقانە بێ

زۆر لەمێژە چۆڵ و خامۆشە شەقامی ئاشقی
شۆڕشێکی پێ دەوێ تازە و بەهێز، کوردانە بێ

ڕێگەی ئازادی درێژە و پڕ لە کۆسپ و بێ پشوو
ڕێبوارێکی ورەبەرزی دەوێ ڕاڕا نەبێ

ڕاست مەڕۆ جارێک بەلای گۆشەی دڵی مندا وەرە
خۆت دەزانی ئەم کەلاوە زۆر لەمێژە بێ دەرە

لا بدە و لایەک لە ئەم لادینە لاگیرەت وەکە
ژەنگی شەوگاری هەژاری و ڕەنگی ئازاری بەرە

بێسنووریی ئەو خەمەی تۆ بوو گوڵم وای کرد لە من
تا بەوە بڕوا بکەم شینایی دەریاش بێبەرە

ڕۆژ خەمی تۆ و شەو خەیاڵم بۆ دڵم دێنا و دەبرد
[ئاخری بە کوێی گەیاندم ئەم هەموو بێنەوبەرە؟]*

زۆر دەمێکە بۆ چپەی پێی هاتنت گیان هەڵدەخەم
بۆ ئەوەی لێی ڕابری عومرێکە ڕۆحم ڕاخەرە

هێند بەدەوری ماڵتاندا هاتم و چووم سەردەمێک
پێم دەڵێن ئێستاکەش: هانێ! ئەو کوڕە شێت و کەرە

یاری دڵداری نەبووی و بێوەفاییت زۆر نواند
چاک بەدەست تۆوە زەمانێک بوومە پەند و مەخسەرە

بارەکەڵڵا لەم هەموو شان و شنین و نەشئەیە
ئافەرین بۆ گردوکۆی جوانی کە ناوی دڵبەرە

داد لە دەستی ئەو دەمانەی دووریی و دڵتەنگتم
وای لەتاوی ئەو زەمانەی لێم نزیکی یەکسەرە

من لە فێرگەی ئیشقی تۆدا مەشقی ئەلف و بێم دەکرد
زوو نیگاهت ئاشنای کردم بە تای ئەو نەشتەرە

تۆ وەرە و ئیلهامی نوێی هەستی ئەوینی من ببە
شێعری جوانی ئاشقانەی تێ کەوێ ئەو دەفتەرە

دادڕە پەردەی ڕەشی دیواری تاریکی دەروون
ڕوو بە خۆت بکرێنەوە دەرک و دەلاقە و پەنجەرە

هێمن و ئاسوودە بۆخۆت لەم دڵەمدا ڕابژێ
تاوەکوو کەنگێ بڵێن ژن لێرە کوشتەی خەنجەرە

قەت نەبزواوە بە لۆمەی ناحەز و ئاوەز دوو گوێم
ئێستەش هەر ئیشقی ئەتۆم لەم چۆڵەوارە ڕابەرە

ناونیشانی ماڵەکەی دڵمت دەبا چاک پێ بڵێم:
لەو شەقامە بێ بنەی تەنیایی تاکە سێبەرە

داگەڕێ و تا ئەوپەڕی کۆلانی دڵتەنگی برۆ
کۆنە کاولاشێکە دەیبینی ڕماوە لەو سەرە

لا کەوە و ئاوڕ لە ئەم وێرانە جێماوە دەوە
تین و تاوێک بۆ ڕەگی سست و گڵی مردووی بەرە

ناوی تۆیە بەیت بە بەیت لەم شێعرەدا هێناومە ئەز
تا بزانن ساڵەهایە بۆ خەمت دڵ کۆڵبەرە

* لە مامۆستا هێدییەوە وەرگیراوە.

** سپاس بۆ کاک حیسام کە سەرۆبەخشی ئەم شێعرە بوو.

زەمان تەنیا و زەمین تینوو، سەعات پێنجی بەیانی بوو
هەوا تار و خەڵک نوستوو، سەعات پێنجی بەیانی بوو

سپوورێک ڕایدەماڵی کۆی هەموو خەون و خەیاڵاتی
لە کەڵک و هێز و گوڕ کەوتوو، سەعات پێنجی بەیانی بوو

بەسەر بێتاقەتیما داڕما دنیایەکی تاریک
خەیاڵ وێڵ و دڵم مردوو، سەعات پێنجی بەیانی بوو

سەگێکی گەڕ قوروسکاندی، پشیلێک دەرپەڕی خێرا
لە گیان مشکێک وەڕەز بووبوو، سەعات پێنجی بەیانی بوو

ستێرێک هەڵدەلەرزی بێ پەنا و زەرد هەڵگەڕابوو مانگ
هەتاویش خۆی حەشار دابوو، سەعات پێنجی بەیانی بوو

هەور بێزار لە ڕوانینی، چیا بێدەنگ لەناو خۆیدا
بە دەشتا با سەرهەڵگرتوو، سەعات پێنجی بەیانی بوو

مناڵێک بووک لە باوەشدا و ژیانێک کەیلی دڵتەنگی
ژنێک نوقمی نزا و نوشتوو، سەعات پێنجی بەیانی بوو

زەمین خاڵی، خودا گوێچکەی کەڕ و گەردوون سەرانسەر کپ
بەرەو سێدارە خۆرێک چوو، سەعات پێنجی بەیانی بوو.

نا، نییە هیوایەکی نەلواو و نەشیاو، قەت لە ژین
پشکی منداڵانی دونیا کایە بێت و پێکەنین

نا، نییە زۆر دوورەدەست و تێکەڵی وەهم و خەیاڵ
دابەشینی خەندە و خۆشی بەسەر گەورە و مناڵ

نا، نییە ئەرکێکی یەکجار ئەستەم و هێندە گران
چاندنی تۆوی بزە و زەردە لەسەر لێوی ژیان

نا ئەوەندەش زەحمەت و سەخڵەت نییە خۆ سادە بوون
وەک هەتاو تیشکپڕێن و چون هەوا بێ ڕادە بوون

نا نییە خۆ هێندەش ئاواتێکی سەیر و دوورەدەست
ڕێزی ژن بەرز ڕابگیرێ و تەفرە نەدرێ کچ بە هەست

نا ئەوەندەش خۆ نییە ئەم ئارەزوویە ناتەواو
جوابی کینە خەندە بێت و نرخی هەڤپەیڤین سڵاو

هێندەش ئاهەنگێکی غەمگین و غەریبانە نییە
خەڵک بژین سەربەست و نەشزانن سیاسەت قەت چییە!

پەرییەک دەستی وەشاند و دڵی دێوانەمی برد
دڵی دێوانە لە من ماڵ و سەر و ئاوەزی کرد

هەرچی فیز و فەڕ و عینوانێ لە دنیا کە هەبوو
دوابەدوای دیتنی ئەو، یەکجێ هەمووی پێکەوە مرد

گڕی خولیا و خەفەتە خەونی هەبوون و حەزی ئەو
هێند کەوی، پەلکی دڵی دەربەدەری کێوە دەبرد؟

بەژ و ویشکانی دەیانبرد هەموودەم ئێرەیی پێی
شەو و ڕۆژ چاوی هومێدیان بەتەمای هاتی دەشرد

ئەوی دیوار و درەختە دەڵێ بۆ پەنجەرە نیم
ئەوی ڕووبار و چەمە دەگری کە بۆ نەبوە بە پرد

خۆزگە ئەورۆژە کە دەمدی وەکوو بەردێک دەمەییم
خۆزگە ئەو ساتە هەزار ساڵ دەبوو قەت ڕانەدەبرد

ئەگەر ئەو ناسکەپەری سەرپەڕی دەریا نەدەبوو
منیش ئاوا وەکوو بارانە بەکوڵ دامنەدەکرد

ڕۆژەکانمان یەک بە یەک ئەسپاردە دەست دووپاتەوە
تاقەتیش چوو، تا سەرێکمان تازە کەی لێ داتەوە!

ئێمەی ئاوارەی نەبوونێک کرد بە ڕەنگی بێکەسی
ئەو خودایەی بێخەبەر ڕۆی، خەم لە بیر خۆی باتەوە

وێک دەچن هێند خشتەکانی عومری تەنیام هەر دەڵێی:
شاعیرێک ئاوڕ لە گۆشەی چۆڵی دڵ ناداتەوە

"ئەو کەسەی گشت ڕۆژەکانی چەشنی یەک بن مردووە"
زۆر دروشمی جوان هەبوون دیواری بیر پڕ کاتەوە

دیلی دەستی چارەنووسین و ئەسیری قسمەتین
دا بە کەیفی خۆی زەمانە خەونمان بشواتەوە

خشتەکەی عومرم بەبێ پیتی ئەشق پڕ
ناتەواوە
خانەکەی سەبر و قەرارمساڵەهایە خاڵی ماوە

پڕ لە بۆشایی و برینە لاپەڕەی دڵ بێ (بەڵێ)ییەک
هەر بینا ڕووح و گیانیش کەوتە بن بارستی (نا)وە

پرسیارێکی گرانم هەڵوەدا و وێڵی وەڵامێک
خۆزگە جوابی هەر هەموو هاوکێشەکانمت تۆ دەداوە

کەند و لەندی هێندە زۆرە جادەکەی عومری بەتاسەم
گەردنی ئاوات و دەست و پێی گەلێک بریام شکاوە

پڕ لە جێگا خاڵییە تۆماری تەنیایی دەروونم
کەس نەبوو دەرکی بکا ئەو دەفتەرە پەڕپەڕکراوە

ئەو خەتی زام و برینانەی کەوا لێم خۆش ببوون زوو
لاپەڕەی قەتماغەکانیان دەمبەدەم هەر هەڵدەداوە

کەوتبوومە گۆشەیێکی چۆڵی گۆڤارێکی کۆنە
خشتەیێکی ناتەواو بووم ئێستە گشت ڕیشەم ڕزاوە

ئەو ددانانەی کە داکەوتوون و دیارن جێگەکانیان
دێننەوە بیرم چیها خولیا لە جێی خۆیدا لەقاوە

تۆ وەرە و مەودای دڵ و ئاواتەکانم پڕکەوە خۆت
با منیش بانگ دەم بە بوونی تۆوە دنیاکەم تەواوە

چ بکا ئەو کەسە وا بوون و نەبوونی کەسەرە؟
چ بڵێ ئەو دڵە وێڵەی، غەمی دونیای لەبەرە؟

ڕوو لە کوێ کا دەبێ ئەو ڕووحە کڵۆڵ و شەکەتە؟
دەبێ بۆ کوێ هەڵێ ئەو گیانە کز و دەربەدەرە؟

سەری بۆ کوێنە دەبێ هەڵگرێ ئارامی هەبێ
لەشی بۆ کوێنە بەرێ تا وەحەسێ هەشبەسەرە؟

چرکەچرکەی تەمەنی نەقس و خەسارە لە وجوود
بڕگەبڕگەی نەفەسی بۆ کەش و خولیا زەرەرە

هەر پەلی عومری بەدەست سەد غەمەوە ڕادەوەشێ
ژین بەجێی هێشتووە مەرگیش دەڵێ پێی: هۆ! دە وەرە!

پێی دەڵێن: دەژیەوە دوای ئێرە لە دنیایەکی دی!
ئەو دەڵێ: نامەوێ، دەرچم کە بەخێر ئەو سەفەرە!

حەز دەکا تاکوو ئەبەد بۆی بخەوێ و ڕانەپەڕێ
کەچی دەنگێکە دەڵێ تۆ هەر ئەوەندەت قەدەرە!

قرچەقرچی ڕۆحمە دیسان لەژێرباری قەدەر
یا نە قورسایی قەزا قەددی شکاندووم وەک فەنەر

هەرچی پڕخێروبەنرخە یەکسەرە لێم بۆتە بەرد
مۆمە یاخود تووتیا یا زێڕوئەڵماس وگەوەر

تالعی بەدودمە سەرڕێگای لە من وا گرتووە
یان خراپی بەختە ئەوپەندەی هێناوم بە سەر

هەریەکەم ڕۆژ شادی وخۆشی لە قورعەمدا نەبوو
یان لە تاڵیی فاڵمە کەوتۆتە نێوعەقرەب قەمەر

هەرچی من خۆشم دەوێ دووری دەخا لێم بێ سەبەب
هەرچی خولیامە دژی وەستاوە چەرخی بێ هونەر

قسەی لەسەر نییە ماچی تەڕی دەم ولێوت
چەپی دە بەرنییە هیچ گازی کوڵمەکەی سێوت

بە بیستنی لەپەسا شین دەبێ دڵی بەردیش
زمانی سەوزی ئەوین بێ لەوانەیە نێوت

بەتاسەتە شێعرو وشک ولاڵ وتور شاعیر
قەڵەم بە زووخ و وشە شێت وڕستە شپرێوت

کەحێلەکانی قژی دڵگرت چ خۆشاژۆن
لە دەشتی شان وملی ڕووت وزەردە ئەنگێوت

بە جوانیەتی لە جیهاندا تەواو بەناوبانگی
تەنێ خوشیکییەکی خانمانەیە خێوت

لە بەژنی شووشی ئەتۆیە کە بادە سەرخۆشە
خەیاڵ دەلەرزێ لەبەرلاسکی ناسکی مێوت

ستێرەیە دەجریوێنێ تا دەمێ دەخەنی
بزەی گزنگە کە هەڵدێ لە چمکی چارشێوت

ئیشقی تۆم خاڵی گرنگ و ڕۆشنی ئەم ژینەیە
نوێترین ناوەندی جوانی وجەننەتی ئەم دینەیە

سەنگەرێکی بەرگری هەرکەس دەوێ وپارێزەرێک
ئیشقی تۆ بۆگیانی من ئەم سەرپەنا وپەرژینەیە

هەرمەلێک مەودایەکی مەزنی دەوێ بۆ هەڵفڕین
مێهرەبانیت بۆدڵم ئەم ئاسمانە شینەیە

ژانی تەنیایی هەتا شانی کزیم پێ دانەخا
خۆشەویستیت کۆڵەکەی ئەم بارە زۆرسەنگینەیە

هەرکەسێک هێزی نەبێ دەرناچێ لەم دەورانەدا
ئیشقی تۆ ئەم تاقەت وتابشت وتوان وتینەیە

ڕۆژوشەو بێ هۆلە دەوری خۆم دەنا دەخولامەوە
واتەیێکی ترلە ئیشقت ئەم ژیان بەخشینەیە

تاقە یەک شت شک دەبەم مردن دەرۆستی قەت نەیە
بەس ئەویش لەم گێژەوە ئەم گەمیە ئیشق ئاژینەیە

پوولێ ناژی سەد هەزارڕازودوعا بێ یەک وشە
کەڵکێ بگرێ تا هەبوونم ئیشقت ئەوئامینەیە

بێ ئەوینت ڕادەبوورێ هەرلە خۆڕاوە تەمەن
ڕووحی من حەیرانی ئەمما ئەم دەمە شیرینەیە

به سادەییی ببەخشە گوڵم بزەی چەمەکەت
بە لێوبەباری دڵی تینووم ماچی نێودەمەکەت

لە سروەیەک دەدزێ بێنی بسکەکەت مەبە خۆش
بە بێکەسیی ببەخشە بزۆزی پەرچەمەکەت

ئەگەرگرانە ڕەزای ودزێوە هەڵبەستم
بە جوانیی خۆتی ببەخشە هونەرووەریی غەمەکەت

کە ساڵەها دڵمت ڕانەگرتووە بە قسەش
مەکە ئیترگلەیی بۆچی تاڵە سەردەمەکەت

وەرە ووەرێ بخە ڕاستەقینە ڕاسانێک
لەسەرشەقامی خەیاڵ با سەرهەڵبدەن مەمەکەت

کەس وەکوو تۆ دوژمن و بێگانە بە ژیانم نەبوو
کەس وەکوو تۆش تێکەڵاوی تانوپۆی گیانم نەبوو

دووردەکەوتی گەرچی دەتزانی کە من خۆشم دەوێی
کەس ئەوەندە جەمسەری دژنێوی هەرمانم نەبوو

سووردەزانم هەرئەتۆم تەنیا غەنیم وغاینە
بەس کەسێ وەک تۆ نزیکی ڕووحی پرژانم نەبوو

هەربە دەستی تۆبوو مەودای من هەتا مەرگ وژیان
واتە وەک تۆ هیچکەسێ ئەرباب وباوانم نەبوو

کاروباری ناخی خۆمم وگشت خەیاڵم پێت سپارد
هیچکەس ئەمما چەشنی تۆ مەیلی لە ڕووخانم نەبوو

نامە بەردەستت پەزی هەست وحەزی خۆم ساڵەها
گورگی هۆڤی هێندە دڕهەرگیز بەڵام شوانم نەبوو

بەرلەوەی بگرێ زەمانە ڕەسمی ئێمە ئاوەژوو
ئیشقی ئاوا کوێرلە دنیادا بە ویژدانم نەبوو

گەرم دادێ زەمین و من پڕ سەرمامە دایە
ئەوەی تینووی نیگاهت بێ دڵەی تەنیامە دایە

ئەگەر نایلۆن تەواوی دەشتەکانیش دابپۆشێ
بە قەد یەک زەڕڕە غەمگینی ڕەگی بەربامە دایە

هەمووی لێڕی دەروونم وا لە ئاگردا دەسووتێ
ئەمەش دوادەنگی دەرد و ئاخرین فریامە دایە

تەپوتۆزی فیراقت ڕووحی کردم تووشی فرقان
لە ئاسمانی ئەوینت لێزمەیەک هیوامە دایە

ئەوا گرتوویەتی بەربینگی جوانی دووکەڵی شار
تەماشام بۆ سەرنجێکت تەواو سەرسامە دایە

ئارەزووم زۆر بوو زەمانێک کەچی ئێستا وەڕەزم
لە هەموو ئەم تەمەنەی تینووە بە خوێنی حەزم

گەرەکم بوو دەسی گەرمی گەلێ ئاوات بگوشم
نەوەک ئەنگوستی بڤەی حەسرەتم هەردەم بگەزم

حەیفێ جارێکی لە ئەم دەورە نەهات نۆرەم هەتا
لەسەر ئەم هەردە منیش هەڵبەزم و بێژم ئەزم

حەیفێ تاوێک نەگەڕا خۆشی لە دڵما بە هەڵەش
تا لەبەرقەمچی خەم و شەختە خەفەت هێند نەبەزم

سەد حەیف باری ژیان ئەستەم و ئاڵۆز بوو ئەوەند
هەردەبوو ڕایدەم و بێدەنگ بم هەتاکوو نەبەزم

پەلەیێکم نییە کۆنە مەتەڵی بوون هەڵبێنم
نەکوو بمکوژێ ژیان بۆیە لە مردن بەلەزم

کوڕی ئاواتم هەموو ڕۆیشتن و جێیان هێشتم
ئێستە دەربەست بە تەمای مەستە نیگای کیژی ڕەزم

دەڕۆم ئەمما دڵی تەنیام لە لای تۆ جێ دەهێڵم
هەموو سۆز و حەز و بریام لە لای تۆ جێ دەهێڵم

ئەمن چوارچێوەیێکی بێ بزەی خاڵی لە ژینم
هەموو خەون و خەو و خولیام لە لای تۆ جێ دەهێڵم

وەک ئەولەیلاجە مەجنوونەی سەری هەڵگرت و ڕۆیی
بەبێ ئەنجام گەمەی دونیام لە لای تۆ جێ دەهێڵم

وەک ئەو ڕێبوارە غەمگینەی دەمەو ئێوارە تەنیا
چووە غوربەت نیگای شەیدام لە لای تۆ جێ دەهێڵم

لەگوێن باڵندەیەک ناچارلەسەرکۆچ و سەفەربێت
منیش هێلانەکەی واڵام لە لای تۆ جێ دەهێڵم

بەبێ داهاتوو وەک مردوو درێژەی پێ دەدەم ژین
بەڵێ هەم دوێنێ هەم ئێستام لە لای تۆ جێ دەهێڵم

من ئەو شێعرەم لە هەرکوێ بێ هەمیشە ناتەواوە
هەموو واتا ووشە و سەروام لە لای تۆ جێ دەهێڵم

لەدووت ئاوارە بم مەرجە هەتا دنیا بە دنیایە
کە تینووی تۆ هەتاکوو ئەو دەمەی دەمرێ بە تەنیایە

لە ئیشقت تا بە مەحشەر شەرتە هەرگیز بەرنەدەم دەستم
کە ئەو پێچ و خەمە تاریکە بۆ من ڕاستە ڕێگایە

مەرج بێ هەرئەوینت هاودەمی من بێ هەتا مردن
کە تا گەیشتن بە ئاستی، هەرچی بێکۆتایە کۆتایە

لە دووت شەرتە بکێشم تا ئەبەد باری گرانی ئیشق
کە لەم بازاڕە ئەم ڕۆحسووکییە سەنگینی لەدوایە

مەگەرهەورەتریشقەی ئادگارت لێی بدا ڕۆژێک
بە با وبۆران دەنا ئەوکێوی ئیشقە قەت لەبن نایە

مەلایک بێن وپرسم لێ بکەن سەربادەدەم وەڵڵا
لە ئەودنیاش بە تەنها هەرئەوینی تۆم لە دڵدایە

بە چۆکدا بێن دەبێ چەرخ وخودا وگەردوون لەبەرئیشقت
قەدەریا چارەنووسیش بەرهەڵستی بن لەخۆڕایە

من وئیشق ووەفاداری، ئەتۆ وپەیمانی دڵداری
لە دنیای دوون لەوەی زیاتر دەسا چیم پێ تەمەننایە

غەمی دووری ونەبوونیتە بەرۆی ئەم شیعرە بەرنادا
بە ڕۆژوشەو، هەمیشە وهەر، وشەم مات وبەرەڵڵایە

جیلوە دەڕژێنێ کەمێ دەڕوا کە بەڕێوە
جوانی دەتکێ لێی دەمێ وێستاوە بە پێوە

تاڤگەی قژی شۆلاوگە دەبەستێ کە بەرەولەش
فێنک دەبێ ئەودەشتە گوڵووکاتە لە ڕێوە

دەیخاتە سەرئاهەنگی بە لەنجە ئەوی تارە
شووشەی لەشی چەند سازوعەجەب نەشئەبزێوە

یەک پارچە پیانۆیە وجوودی هەموو خولیا
شێعرێکی جوداوازی خوداوەندە بە شێوە

شادی دەڕشێنێ بە نیگای مەستی ئەوینی
خۆشی دەپژێنێ لە ژیان بەودەم ولێوە

بارانە کەمی دێنێ لەبەرڕێژەنی دەنگی
تاویش بزرە تاوێ دەمی زەردەیی پێوە

هەرچەندی بڵێم وەک ئەوەیە نەمگوتبێ هیچ
ڕامێنمەوە هەرباشترە لەوگەورە خدێوە

ئیشق ئەگەرتەنکە بوارێکت نەداتێ چی دەکەی؟
دەرفەتی خەون وقەرارێکت نەداتێ چی دەکەی؟

گێژبی ئارەق برێژی هەڵبسوورێی بێ پشوو
باوەش وبۆس وکەنارێکت نەداتێ چی دەکەی؟

زەرد وبێ گیان، پەرتەوازەی دەستی پاییزێک بی
تین وئاواتی بەهارێکت نەداتێ چی دەکەی؟

هەڵوەدا وئاوارە بی، بێنیشتمان وماڵبەکۆڵ
چادروچیغ ودەوارێکت نەداتێ چی دەکەی؟

لێت بگیرێ ماڵوحاڵ ودەوروپشت وچوارتەنیشت
جێژوانی کۆنە یارێکت نەداتێ چی دەکەی؟

نێز وتینوو، بێکەس وزارو بەلەنگازوەرکەوی
دەسگرودڵسۆز وچارێکت نەداتێ چی دەکەی؟

مات وماندووی رۆژگارێکی مڕومۆن بی وئەویش
مشتێ جوانیی نازدارێکت نەداتێ چی دەکەی؟

ئەم شێعرە ئیتر تاقەتی دووریتی نەماوە
بەندی دڵی یەک یەک هەموو بۆ تۆیە بڕاوە

پێی خۆشە لە دەورت بگەڕێ و گیان بسپێرێ
ناوی غەزەلی گەرچی بە باڵا نەبڕاوە

یادت بوو کە بەحری هەزەجی خستەوە بیری
کانیی چەم و زێی هەستی لەسەر ڕاوە ژیاوە

هەر بەیتێ کە دەیبینی مەکۆی سەد غەم و دەردە
ماڵی گەلێ ئازار و برینی بەبێ ناوە

بێتۆیی وەکوو خەنجەرێ نێو جەرگی بڕیبوو
دێڕ دێڕە هەمووی بۆیە لەت و نیوە کراوە

پیتی هەموو کوژراوە لە دووت بێ سەر و بێ شوێن
هەر گۆشەیەکی گوڵوشەیە خوێنی ڕژاوە

بێ حەوسەلەیە بیر لەوە ناکاتەوە چۆنە
ئەم شێعرە ئیتر تاقەتی دووریتی نەماوە

سەرم هەڵگرتووە ئەمشەو بەرەو مەڵبەندی دەریا
دەڵێم ئێرە بەجێ بێڵم بکەومە بەندی دەریا

بە گیان و دڵ لە دینی ئەم غوبارپۆشانە تێرم
دەڵێم ئەمشەو بڕۆم تەنیا هەتا ناوەندی دەریا

لە دەست ئەم بیرە ویشکانە وە ئامان هاتووە دڵ
دەڵێم تەرکەم هەموو ڕووحم بە زەردەخەندی دەریا

غەمی ئەم زوڵمەوارە زۆرلەسەرشانم گرانە
دەڵێم سووک کەم فکرم و سەربنێمە زەندی دەریا

لە توانای هەستی سستمدا نییە قەت هێندە پەستی
چما نایشۆمەوە ناوم بە ئاوی مەندی دەریا

تەواوی ئاشقانی دڵبەسۆلێرە وەکۆ بوون
منیش بانگهێشت کراوم خەی لە بۆگۆوەندی دەریا

مخابن بۆنیانیی باوشێکی پڕدلۆڤان
لە دنیادا جگە ئامێزی خێرومەندی دەریا

مەدرکێنە قسەی دڵ لای کەس و ناکەس بە سووکی
دە گوێی بگرە ولەژێریدا بنووسە: پەندی دەریا

دەڕۆم و جێی دەهێڵم ئەم دەواری دەردە ئەمشەو
ئەبەد تاکوو نەکەومە بەرگلە وگازەندی دەریا

هەموو عومرم هەڵاتن بوو لە جەوری زەمانە
هەموو ژینم لەبەرتیری نەهامەت وەک نیشانە

خودا دەیزانی ئادەم چەندە دڵساردە و بە تەنیا
کە شەیتان ولەتێک سێو وحەوای کردە بەهانە

هەموو بوونم برینێکی بەرین بوو پڕلە زووخاو
هەموو ڕووحم لەتوکوت، تیکەتیکە و خانەخانە

ئەوەندە وێڵ و عەوداڵی بژیوێکی ژیان بووم
لە بەخشین و قەناعەت تێنەگەیشتم، چین ئەمانە؟

بە دوای زۆرشت زراوبردوو لە ژیندا هەرهەڵاتم
بەڵام نەکرا هەڵێم لەم چارەنووسە پڕلە ژانە

تا دەمی مردن دەبێ یەکتر بچەوسێنینەوە
وەک دزو جەردە دەرِوونی یەک بڕووتێنینەوە

هەردەبێ ئازاری یەکتردەین من و تۆتا ئەبەد
زامی ناسۆری دڵی یەک دایمە بکولێنینەوە

بارەکەڵڵا بۆو خودایەی ئەشرەفی مەخلووقی وین
دایبەزاندینە زەوی ناوی وەبیر بێنینەوە

نەیدەزانی گوو دەکەینە گشت پرۆژە و فکرەکەی
خوێن بە خوێن تەنیا دەشۆین و ئەودەبوورێنینەوە

ئێستە تێ ماوە قیامەت باشە بۆچی ڕێک بخا؟
خۆبە خۆدەیڵێ شەڕوشۆڕ بۆچی هەستێینەوە

ڕۆژگارێک ئاشقی بەدبەختیی یەک بووین ئێستەکە
ئەم هەموو بەدبەختە لای یەک چۆن بحاوێنینەوە

تۆ بڵێی هەروا لە گشت جێیەک چرووک بێ هێند مرۆ
یا نە دەکرێ ئابڕوومان ڕۆژی بستێنینەوە

چەمی لێڵم خەمی ئیشقی ئەوە تێ زاوەتەوە
لە من ئەوکۆنە برینە سەری هەڵداوەتەوە

ئەوە بێ تۆ تەمەنێکە کە لە خۆما بەتەنێم
چۆنە ئاوا لەنەکاو گۆڕەکەمت داوەتەوە؟

مەیە ئەم ناوە گوڵم ئێرە هەرێمی کەسەرە
زوو برۆ لێرە هەتا جوانییەکەت ماوەتەوە

بەشی ئاوارەییە کوردی کڵۆڵ تاکوو بووە
گەلێ ئەم پەندە سیایەت بە سەر هێناوەتەوە

من کە دەمزانی بەخت چاوی بە من هەڵنایە
تەڵەی ئەم شامەتەڵەت بۆچی ئەدی ناوەتەوە

چ بکەم پووشبەسەرم کردووە ئەم ڕازە ئیتر
چ بڵێم دی کە دڵم بەم غەمە دووراوەتەوە

ئەم هەموو شینە کەوا بەرزە لە سایەی سەری تۆ
حەسرەتی دوورییە دیسان لە دڵم ڕواوەتەوە

کێشی دڵ پابەندی ئیشقی تۆیە نەک هێزی زەوی
بۆیە بەرزە و سەرلە بۆخاکێکی دی ناکا نەوی

ڕاینەکێشاوە سەرنجی چاوی جوان لەم غوربەتە
ئاوی چاوەی یادی تۆی خواردۆتەوە و بۆتە کەوی

قەت لەنێو هیچ باوەشێکی دیکە ئارام ناگرێ
تاکوو نەشکێنێ لەسەر باسکی چیای تۆ سەرخەوی

ڕۆژێ ئێرە جێ دەهێڵێ و دێتەوە بۆژو انی تۆ
وەک هەتیوێک دابمێنێ گەرلەبۆنانی شەوی

عەتری خۆشت هێند لە گیانیدا خوداوەندایە
تا لە لای قیبلە شەماڵێک دێ دەبێژێ: تۆئەوی

دوێنێ گوێم لێ بوو بە شاخێکی دەگوت خۆشم دەوێی
چون بەبێ شک تۆش بە ئەسڵ و ماک لەوی

شێعری باڵات ئاشنای کردبوو بە شایەتیی غەزەل
هەستی پێ زاخاو نەدەدرا قەت قەسیدە و مەسنەوی

داروبەردی تیروتانەن خاکی غوربەت سەرلەبەر
بەرد و داری نیشتمانی خۆی بەڵام دەستە وچەوی

بوویتە تانە وتەم لەسەر دیدەی ئەوەند دێیت و دەچی
هەڵبگیرێ گەردەماوەندیش ئەتۆی لێ نارەوی

گەرهەموو دنیا دژی تۆڕابن و یەکترگرن
ڕۆژو شەو هەردەتپەرەستێ قەت لەپێش چاوناکەوی

ئاسمانی ئێرە چۆڵە وشانی تۆیە پڕنیشان
باوەڕی وایە گەلێک ئاسان دەتوانی سەرکەوی

ئەم تەپ وکۆیەی لە ناخیدایە ترپەی پێتە هەر
ڕادەبووری زووبەزووتێیدا و دەمێکیش ناسرەوی

تاوەکوو قاسپەی مەرگ بێ لەوچەکە کوێرانەوە
لەوچیا وکوێستانە ئەمنیش هەردەخوێنم وەک کەوی

له ڕەشی بەختمە خەتتاتی ئەزەل مەشقی سیا بوو
چوومە هەرگۆشەیێ بازاڕی خەم و ڕەنگی ڕیا بوو

پشکی هەرکەس لە یەکەم ڕۆژەوە بۆی دیاری کراوە
بەشی ئەمنیش لە غەریبی و نمی غەم ئاوەنیا بوو

هەموو تەرحێکی دەکێشاوە چ ئاسان و چ ئاڵۆز
لەنێو ئەم وێنەگەلە وێنەیەک ئەمما گەلێک جیا بوو

کە پیاڵەی تەمەنی پڕلە بزەی بادە دەکردن
دەستی لەرزی و هەموو ڕووناکی منی لێ ڕژیابوو

بۆدەبوو ئاخە حیسابمان وەکوو یەک دانێی لە دنیا
بە چ یاسایەک ئەرێ گیانی ئەمن تاوێ ژیابوو

من و ئەو تۆوی ڕووەکێکمان لە دڵی چاند
قسمەتی ئەو گوڵەسوورە و حەقی من زەردەگیا بوو

بیشارەوە بسک و مووت ئیسلام لە خەتەردایە
با دیار نەبێ ڕەنگوڕووت ئیسلام لە خەتەردایە

مردووی کە لە برسانا، قڕبووی کە لە تینوانا
بۆکەس مەبە قەت هانا، ئیسلام لە خەتەردایە

گەرقاتوقڕی هاتۆت یا دەسبڕودززۆربۆت
چت داوە لە مافی خۆت ئیسلام لە خەتەردایە

خۆش بە بە زگی خاڵی، سەررۆ مەکە ئەشغاڵی
وا دیارە کە ناحاڵی ئیسلام لە خەتەردایە

گەردرم و پەتاداری، بێ پارە ئوو بێکاری
بیرت نەچێ شینباری ئیسلام لە خەتەردایە

بێ ئاووکە بێ بەرقی، بیتکۆین بێ چییە فەرقی
یا غەربی ویا شەرقی، ئیسلام لە خەتەردایە

یەک دین و هەزارڕەنگ بە، موعتادی گوڵ و بەنگ بە
دەنگت بدە بێدەنگ بە ئیسلام لە خەتەردایە

خۆت سیغە دەکەی دادە، سەد جارولەسەرجادە
چارشێوبە سەرتدا دە، ئیسلام لە خەتەردایە

گەرکۆڵبەری و بێ چەک، تەنیا ئەوەیە کۆمەک
خۆت بگرە لەبەرفیشەک، ئیسلام لە خەتەردایە

هەرکارێ دەکەی بیکە، تازە ئەوە ٥ پیکە
ناڵەت نەیە چی دیکە، ئیسلام لە خەتەردایە

***ئازادی بە تەنیا بی، ئاوارەلە دنیا بی***

***ئازاد و بە دڵ شا بی، ئیسلام لە خەتەردایە***

***دەست ناکەوێ گەرنان و هەرزانە ئەگەرگیان/و***

***توند بیگرن ئیمانوو ئیسلام لە خەتەردایە***

***ئاسانە درێژدەستی بۆ سەرژن و سەربەستی***

***بەویەک مووە ناوەستی ئیسلام لە خەتەردایە؟***

ئەم کۆنە جێژنی کوردییە زیندوو دەکەینەوە
نەورۆز ئاگرێک پەرەگرتوو دەکەینەوە

وا ئێستە (پیرەمێردی نەمر) ساڵی تازەیە
تۆش هەستەوە کە شۆڕشێ زیندوو کەینەوە

خولیایەکی ئەوەندە خوشیکە و شکۆبەخش
ئازادی، خۆی لەبۆگەلێ ماندوو دەکەینەوە

نایدەین بەفیڕۆ خوێنی شەهیدانی نیشتمان
بڕیارمان دووبارە بە خاک نوو دەکەینەوە

هەڵدێ لە ڕۆژهەڵاتەوە سەربەستیی تیشکەکەی
یادی بە هەست و سۆزەوە زووزوو دەکەینەوە

چاوەڕێت بووم و نەهاتی ناهومێد ڕۆییمەوە
ئەو نەهاتەش هاتە سەرهەژماری بێ تۆییمەوە

هەربە هەویای هاتنت دوێشەو دڵم خۆش کردبوو
ئێستە دیسان کەوتمە نێو زیندانی نامۆییمەوە

من لەبەر تۆ بوو هەموو ڕۆژێ دەهاتم بێرەدا
نەمدەزانی نایەیە گێژی سەرەڕۆییمەوە

چی دەبوو وەک دوژمنێکی گیانی داگیرم بکەی
تا نەناڵم هێند بە دەست قەیرانی ناوخۆییمەوە

چارەیەک شک نابەم ئێستا بۆو هەموو بێ هاتییە
مەرهەناسەت بێ بە هانای هەستی بێ هۆییمەوە

ساڵەهایە ئەم خەوە تاڵەم لە کۆڵ نابێتەوە
تۆ دەڕۆی و دادەمێنم دۆژ بە مجرۆییمەوە

تۆم بە دەست ئاسوودەیی و خۆمم بەبێ تۆیی سپارد
من نەهاتە بەرڕەدای هەرگیز بەشی مرۆییمە

بیری دوێنێی هەرکەسێک سەرمایەکەی ئێستایەتی
بێ سبەینێم من بە دەم ساویری ئەمڕۆییمەوە

دەستی تۆ دەیتوانی تەنیا بیتەنێ کەوڵی ئەمن
تای چ دەردێک وەردەمە ئێستاکە بێ تۆییمە؟

سەد جەخار هیچ وێستگەیەک ئێمەی نەناساند پێکتری
تۆ نەهاتی و من بەتاڵ و بێقەرار ڕۆییمەوە

من چۆڵگەیەکی ساردوسڕی دوورلە ئەوین و
تۆگۆشەیەکی گەرموگوڕی پڕلە هەتاوی
من شووشەیەکی بۆش وکپی دڵ بە برین و
تۆبادەیەکی ئاڵ وگەشی فڕنەکراوی

نەکرا کەڕەتێک دۆستی دڵم دەستی ئەتۆبێت
نەلوا سەرەتێک هەستی دڵم مەستی ئەتۆبێت

من ڕێگەیەکی وێڵ وونی خاڵی لە ڕۆیشتن
تۆجادەیەکی ناوونیشانداری گرینگی
من شاخەیەکی وشک وکزی پڕلە نەگەیشتن
تۆمیوەیەکی نەوڕەسی ئامێزی گزینگی

نەکرا سەفەرێک دەربەدەری شارێ نەبم من
نەلوا قەدەرێک چاولە بەری دارێ نەبم من

من تاقەیەکی پڕلە کتێبی شڕوپەڕپووت
تۆتاقە بڵاڤۆکی سەبارەت بە ئەوینی
من نامەیەکی دەستی هەژارێکی ڕەشوڕووت
تۆماڵپەڕی پڕخوێنەروڕەنگاڵەیی ژینی

بریا لەگەڵ هەرکرتەیەکا لێرە دەنیشتی
هەرچرکەیەک ودەسبەجێ سەد خۆزگە دەگەیشتی

تۆوەرە و مردووی هەناسەم زووبەزوو زیندوو کەوە
سەرلەنوێ بۆ ئەو بەهەشتە ونبووەی پێشووم بەوە

من ئەویندارێکی ئاوارەی هەژار و دڵشکاو
تۆ بەڵێنی جێژوانی خۆشەویستیم پێ بدەوە

ها ئەوە خنکا ڕووحی تینوو لە بەحری بێکەسی
تۆ دەمی وشکم بە ماچی لێوی خۆت ئاشنا کەوە

هەربینا دڵ کەوتە لەرزە و داروپەردووی تێک تەپی
سا سەرێکی لێ هەڵێنە و دەست بە عومری بگرەوە

گیانی بێچارەی سەهۆڵبەندانی دڵساردی ڕچاند
ئاوری خێرای دەوێتن ئاورێکی وێ دەوە

گێرەوی من ساڵەهایە وا خەوی لێ کەوتووە
تۆوەرە و مێژووی بە خۆشی گەیشتنم بۆ بگێڕەوە

بێ ئەوین ئاوەزهەموو هەستی لە من ئەستاندووە
ژیلەمۆی ئیشقێک لەژێر ئەو خۆڵەمێشە دەرخەوە

گەرگوڕ و تینی گەلاوێژی ئەوینی نوێ نەبێ
ژینی من هەرشەوژمێری بێ پشوودان و خەوە

جەمسەرێکی مێهرەبانی تۆوەدۆزە بۆ زەمین
لەم هەوێڵەی ئێمەدا خۆ ساڵەهایە هەرشەوە

گەرهەبێ حەبلولمەتین و ئایەتێکی موتمەئین
خۆشەویستی بێ درێغ و بێ گرێی تۆیە ئەوە

بێ بزەت قەت تیشکی تێ نازێ ئیتر هۆدەی هەبوون
بۆ خەفەت بەرپا بووە ئەم کاولەی بێ پەرتەوە

تاو بدە گوێی گیان و بیلاوێنەوە کۆرپەی دەروون
سۆزی دەنگت ئەی ئەشق خۆشترلە غوڕڕەی سەد کەوە

شەو هاتەوە دیسان دڵەکەی شێت و پەشێوم
ئەی غەم وەرە گەرت نەبی خۆخواردنە شێوم

دیسانەکە شەو هاتەوە بۆ بەختی ڕەشی من
دەستی دڵمی بەستەوە تا پەل نەبزێوم

بۆ حاڵی دڵەی ۆێلم ئەوا هاتەوە دیسان
دنیایەکی بێزاری کە خۆی کردووە بە شێوم

دیسانەکە بەربینگی بە هەست گرتەوە دەستێک
بارێکی گرانی ئەوە لێ نیشتەوە لێوم

قورسایی مەراقێک بەری ڕێی گرت لە هەناسەم
ساواقی فیراقێک ئەوە پۆشای سەری کێوم

هاشاوڵی هێنایەوە بۆم مێردەزمەی شەو
عومرێکە هەرخۆی بووەتە خان و خدێوم

دیسان سەری هەڵگرتەوە پێم بێخەبەری تۆ
دیسان خەوی تۆراندووە لێم هەستی پەشێوم

دایخستەوە پاک پەنجەرە و دەرک و دەلاقە
ڕووی کردەوە نێو ناخی شپرزە و شپرێوم

دیسان حەوت جاری لەسەرخوێندمەوە ئایەتی کورسی
تاراندمی لای وا بوو منیش جینی و دێوم

چیت لێی دەوێ؟ دەس هەڵبگرە وێڵ بکە گیانی
بۆخۆی ڕەشوڕووتە دڵەکەی ڕژد و دزێوم

وا هاتی و هێناوتەوە بۆی باری پەژارە
«دەک ڕەبی سپی بێتەوە ڕووت»بۆتە جنێوم

دیسانەکە چواردەوری منت گرتەوە بێدەنگ
کردیانەوە ئاڵ و شەوە دووبارە بە خێوم

مەزرایەکی مین بووم و ئەتۆ ئەی شەوی یاخی
وەک ڕۆڵەیەکی کوردی کڵۆڵ کەوتیە نێوم

ئەی شەو برۆ لێخەم بەوە چیت لێم دەوێ ئاخر؟
تاکەی دەبێ چرکە ڕەشەکانی تۆ بپێوم